# گرفتە پەروەردەییەکان

پێشنیاز و هەوڵ بۆ چارەسەر

پێشکێشە بە؛
یەکەمین پەروەردەکارانم: دایک و باوکم،
مامۆستایانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنم،
بە ئەمەل و ڤارین و ڕامان.
هەموو ماندووەکانی بواری پەروەردەیی.

# گرفتە پەروەردەییەکان

## پێشنیاز و هەوڵ بۆ چارەسەر

تەها محەمەد ئەمین

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

تەها محەمەد ئەمین
گرفتە پەروەردەییەکان "پێشنیاز و هەوڵ بۆ چارەسەر"
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٤٩
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٥٣ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: کوردستان کەیفی. شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-16-4

ناوەڕۆک

پێشەکی ........ 7
پەروەردە و ژیان ........ 9
چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە گرفتە پەروەردەییەکان ........ 14
گرفتە پەروەردەییەکان ........ 20
مامۆستا (فێرکار) ........ 25
وانەی تایبەت گرفت و چارەسەر ........ 35
خوێندنەوەی کتێبێکی پەروەردەییانە ........ 43
بەشی یەکەم: کتێبی (المناهج التربویه الحدیثه) ........ 43
بەشی دووەم: نەخشەکێشان، ڕاستکردنەوە و هەڵسەنگاندن ........ 48
ئامانجە پەروەردەییەکان ........ 49
بنەماکانی نەخشەسازی بۆ دانانی پرۆگرامەکان ........ 50
بەشی سێیەم: چەند بەراوردێک لە نێوان پرۆگرامی خوێندنی کۆن... ........ 52
پەروەردە و میزاجی کەسیی کادرانی پەروەردەیی ........ 58
پێداچوونەوەیەک بە کتێبی (القواعد) ........ 61
دەسپێکی ساڵی خوێندن و کێشە بەزۆر دروستکراوەکان ........ 67
بڕیاری دروست و پەروەردەی کارا ........ 71
بەڕێز... پێچەوانەی بۆچوونەکانمان بوویت ........ 75
کتێبی (الأدب)ی قۆناغی ١٢ لە نێوان کورتکردنەوە و شێواندندا ........ 79
سەرپەرشتیاری پسپۆڕی و چەند سەرنجێکی پەروەردەییانە ........ 91

# پێشەکی

وتارەکانی ناو ئەم کتێبە هەوڵێکی تیۆرییانەیە بەشێک لە باسوخواستەکانی بواری پەروەردەیی هەرێمی کوردستان دەخاتە بەر کۆمەڵێک پرسیاری جیدی کە وەڵامدانەوەیان بڕێکی زۆر لە گرفت و بەربەستەکانی کایەی پەروەردەیی ئەم هەرێمە بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبات کە ئامانجی باڵای پرۆسەکەیە. نووسەری بابەتەکان پشتی بەستووە بە دوو سەرچاوەی گرینگ (کە تەواوکەری یەکترین) لە خستنە رووی کێشە و پێشنیازکردنی چارەسەر:

**یەکەم:** ئەزموونی پتر لە ١٦ ساڵ پیشەی مامۆستایی و تەماسی ڕاستەوخۆ و پراکتیکییانەی لەگەڵ زۆرێک لە کێشەکاندا.

**دووەم:** سەرچاوەیەکی تری تیۆرییانە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو کتێب و لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بە پەروەردە و فێرکردنن.

چەند وتارێکی ئەم کتێبە پێشتر لە کۆوار و ڕۆژنامەکانی وەک (هاووڵاتی و ئامانج و چاودێر و ئاوێنە) بڵاو کرابوونەوە، بەڵام وام بەباش زانی بەشێوەی کتێبێک بخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی کورد و کەلێنێکی با بچووکیش بێت پڕ بکاتەوە و بە هەوڵێکی متەوازیعانەی دادەنێم لە خزمەتکردنی ئەم کایە هەستیار و مەزنەدا و دەبێتە بەرهەمی دووەمم (بەرهەمی یەکەمم وەرگێڕانی کتێبێکی پەروەردەییانە بوو بەناوی فەلسەفەی پەروەردە – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٠٨)، تا لە بواری پەروەردەییدا منیش وەک مامۆستایەک و کادیرێکی بوارەکە ئەو برە کەمەی لە شارەزایی و ئەزموون هەمە بە مامۆستایان و دڵسۆزانی بواری پەروەردە

و فێرکردن ئاشنا بکەم.

نەتەوەی فارس پەندێکی پڕ لە حیکمەتیان هەیە کە دەڵێت: "بۆیە هەڵە دەکەین چونکە کار دەکەین." ئاشکرایە ئەوەی هیچ کار و چالاکییەک ئەنجام نەدات تووشی هیچ هەڵەیەکیش نابێت. بۆیە دەڵێم: دڵنیام هەڵە و کەموکوڕی لەم هەوڵەی منیشدا هەیە و هەرگیز بڕوام بە بۆچوونێکی لەو جۆرە نییە کەسێک هەبێت سەراپا و تەواوی ڕاستییەکانی لا بێت و هەقیقەتی موتڵەقی گوتبێت. کارەکەی منیش بەدەر نییە لەو یاسایە، بەڵام من بۆچوون و دیدی خۆمم بە پشتبەستن بە پاشخانێکی مەعریفیی سنووردار دەربڕیوە، بێگومان ئەگەر و ڕا و بۆچوونی هەم دژ و هەم لایەنگیریشیان دەبێت – (ئەرکی ئەخلاقی برێتییە لە بەرگریکردن لە جیاوازییەکان تا هەمووان مافی قسەکردن و دیالۆگیان هەبێت) هیوادارم ئەم هەوڵەم بێتە مایەی سەرنج و دیالۆگێکی ئامانجدار و بەمەبەستی لێ بکەوێتەوە.

تەها محەمەد ئەمین / ٢٠١٠ – ٢٠١١ سلێمانی

## پەروەردە و ژیان

ئەدۆنیس دەڵێت "لە جێگەیەکدا دەژین وتنی ڕاستییەکان تێیدا جۆرێکە لە خۆکوژی" بەو هیوایەی وتنی ڕاستییەکان نەبنە هەوڵی خۆکوژی و ئەم ڕاستییانە پاڵپشت و پەنایان لای کاربەدەستان و خاوەن بڕیارەکانی ئەم مەملەکەتەوە هەبێ.

باسێک لەژێر ناونیشانی بابەتێکی لەو جۆرە فرەلایەنە و پەل بۆ هەموو کایەکانی کۆمەڵگە دەکێشێت، بەڵام هەوڵ دەدەین لە گۆشەنیگایەکی پەروەردەییانەوە دید و بۆچوونەکان شی بکەینەوە: پەروەردە ناسنامەی مرۆڤەکانە و لەو ساتەوەی ژیان دەستی پێ کردووە پەروەردەش شان بەشانی مرۆڤەکان ئامادەیی و بوونی خۆی وەک بەشێکی گرینگ و پێداویستییەکی سەرەکی پاراستووە، هەر لە کۆمەڵە بچووکە سەرەتاییەکانی مرۆڤە دێرینەکانەوە (أفراد ومجاميع بشرية) تا ئەم ڕۆژگارە ئاڵۆز و جەنجاڵەی کە بە سەردەمی جیهانگیری و شۆڕشی ئەنتەرنێت و هۆکارە پێشکەوتووەکانیەوە ناسراوە... وە تا ژیانیش لەسەر ئەم زەمینە مابێت پەروەردە حوزوورێکی بەرجەستەی دەبێت و وەک بەشێکی دانەبڕاوی ژیان چ لەسەر ئاستی تاک وە یاخۆ کۆمەڵگە درێژە بەبوونی خۆی دەدات، چونکە داڕێژەر و پێکهێنەری تاک و کۆمەڵگەیە وەهیچ کەسێک شک نابرێت لە پەروەردە دوور و دابڕاو بێت، بەواتایەکی تر: هەمووان بە جۆرێک لە جۆرەکان یا پەروەردە کراوین وە یاخۆ پەروەردە دەکەین! کەواتە مرۆڤ بوونەوەرێکی پەروەردەییانەیە.

بیرمەندێکی بواری فەلسەفە و پەروەردە دەڵێت: "مرۆڤی پەروەردەنەکراو

بەباشی زەمینەسازییە بۆ گەندەڵی و چەقبەستوویی. بەڵگەنەویستە پەروەردە مەوداکانی تێگەشتن و توانای هەڵبژاردن (القدرة على الاختيار) و بڕیاردان فراوانتر دەکات، کەواتە پەروەردە مەرجێکی پێشوەختە بۆ ئازادی" هەروەها (تەڵعەت عەبدولحەمید) لە (پەروەردەی جیهانگیری و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە)دا دەڵێت: "هەندێک وای بۆ دەچن کە پەروەردە ڕەنگدانەوەی بزاوتی کۆمەڵگەیە و پراکتیزەکردنی فەلسەفەکەیەتی" گەر بمانەوێت بەشێوازێکی ساکار ئەم ڕاستییە (ڕۆڵی پەروەردە و بایەخی) بسەلمێنین هەر لە خودی سروشتەوە ژیانی ئاژەڵەکان بکەینە نموونە (هەرچەندە ئاژەڵ وەک مرۆڤ ئامانجی ستراتیجی لە پەروەردەدا دەرک پێ ناکات) بەڵام ئەم پرۆسەیە لای ئەمانیش ئامادەییی هەیە و هۆیەکە بۆ مانەوەیان لە ژیاندا .چونکە بەرەنجامی ئەم پرۆسەیە کە ئەمان بە شێوەیەکی خۆڕسکانە (فطرية وغريزية) پیادەی دەکەن پاراستنی نەسل و درێژەپێدانی زنجیرەکانی ژیان و مانەوەیە (ادامة الحياة والبقاء).

بەڵام پەروەردە لای مرۆڤ (هەرچەندە بڕێکی زۆری خۆڕسکانەیە) ئامانجێکی ئەقڵئامێز و بەرنامە بۆ داڕێژراوە، لە ئاستێکی بالاترو سیستماتیک خۆی دەبینێتەوە. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پاش ئەوەی پێ دەنێتە قۆناغێکی هەڵکشاوتر لە ئاژەڵەکان و سنووری خۆی جیا دەکاتەوە لە شێوازی ئاژەڵایەتی، لە هەوڵێکی لێ نەبڕاوەدایە بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت و تەنانەت بالا سروشت (ماوراء الطبيعة) بەدیدێکی ئاینییانە بووە جێنیشینی خواوەند لەسەر زەوی و خۆی کردە بەنرخترین سەرمایە کە ئەمیش بۆچوونی هەندێ لە ئاراستە فەلسەفییەکان بوو. ئامرازی هەرە سەرەکی و کاریگەر بۆ بەدیهێنانی ئەم خواستانە پەروەردە بووە، بۆیە لە سەرەتای شارستانییەکانەوە چەندین تیۆر و تێزی پەروەردەییانە هاتوونەتە ئارا و ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەند و فەیلەسووف و سەرکردە و پەروەردەناس لقی جۆرەوجۆری پەروەردەیانەیان داهێناوە و هەریەک لەمانە ئامانجی

پراکتیزەکردنی دۆزە پەروەردەییەکانیان هەبووە و داکۆکییان لە ڕاستی و دروستی دید و بۆچوونەکان کردووە.

هەر کۆمەڵگەیەکیش بەپێی ئاستی ئەقڵیەت و پێشکەوتنەکانی لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەت بە سروشتی خۆی پیادە دەکات و هیچ کۆمەڵگەیەکیش نییە بتوانێت دەست لە پەروەردەکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونە پەروەردەییەکان هەڵبگرێت بۆیە دەبینین لە وڵاتانی پێشکەوتوو پەروەردەیەکی زانستییانەی مرۆڤدۆستانەی ئامانجدار پیادە دەکرێت و کۆمەڵگەی دواکەوتووش پەروەردەیەکی ئالوودە بە تەقلیدییەت و جوینەوەی ڕێبازە سواوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەناڵێنێت کە مرۆڤگەلێکی زەلیل و تێکشکا و بەرهەم دێنێت. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە تاچەند خزمەت بە ڕەهەندە جیاوازەکانی پەروەردە بکرێت و هەوڵی بەرەو پێشبردنی لایەنەکانی بدرێت ئەوا پەروەردەش بە ئەمەکیی خۆی لەوەدا دەبەخشێتەوە کە بەروبوومێکی کامڵتر و مرۆڤگەلێکی شیاو و بەسوود پێشکێش بە مرۆڤایەتی دەکاتەوە.

پەروەردە بەجۆرێکی هێندە بەرجەستە ئاوێتەی ژیانی مرۆڤایەتی بووە کە ناشێت و گونجاو نییە بەدابڕاوی باس لە هەریەکێکیان بکەین ئەوەتا فەیلەسووف و پەروەردەناسی مەزن (جۆن دیوی) وای دەبینێت کە " پەروەردە خودی ژیانە. "

بەڵگەیەکی تر بۆ هەستیاری و بایەخی پەروەردە لە ژیاندا بوونی ئەو ژمارە زۆرەی ڕێبازی فەلسەفی و سەدان بیرمەند و پەروەردەناسی جیهانی کە بەشێکی زۆر لە کارەکان و بەرهەمەکانیان بۆ ئەم پرۆسەیە تەرخان کردووە و داهێنەری چەندین تیۆرەی پەروەردەییانەی وەک: ئایدیایی، پراگماتیکی، واقیعی، بوونگەرایی، ئیسلامی کە ئەمانە لقێکی گرینگی کارە فەلسەفییەکانی (ئیفلاتۆن، ئەرستۆ، فرانسس بیکۆن، جۆن لۆک، پرۆبل،

بستالۆزی، جان بیاجێ، عبدالرحمن بدوي، عبدالله عبدالدائم... هتد) بوون.

گەر ڕاڤەکردنێکی زانستی و ڕەخنەگرانە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێت دەردەکەوێت کە پەروەردە لە پاش زنجیرەی پێداویستییە بایلۆجییەکان (الاحتياجات البيولوجية) دادەنرێت بە سەرەکیترین و بنەڕەتترین پێداویستیی زیندەوەران بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەتی، چونکە ئاشکرایە نە ئاین نە ئابووری نە سیاسەت نە داوونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤایەتی هیچ کامیان لە پێش پەروەردەوە نەبوون، بگرە بەهۆی پەروەردەوە ئەمانە هاتوونەتە بوونەوە و پەروەردە هەوێن و دەسپێکی ئەم لایەنانە بووە و دامەزرێنەری بنیات و پێکهاتەکانیانە.

لە ئاینەکاندا چ ئاسمانی بن یا سەرزەمینی پەروەردە سەنگێکی مەزنی هەیە و بێ یارمەتیی پەروەردە هیچ ئاینێک سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە چونکە زانراوە ئەو تۆوەی بەنیازبوون بێتە بەر بۆیان ئەوا لە کێڵگەی پەروەردەدا دێتە سەمەر (پەیامبەرەکان لە ڕێی ئەم پرۆسەیەوە مرۆڤگەلی ئیماندار و گوێڕایەڵیان کردووەتە شوێنکەوتە و قەڵەمڕەوی ئاینەکەیان پێ فراوان کردووە)، ئەم ڕاستییە بەسەر گشت بزاوت و چالاکییە مرۆییەکان جێبەجێ دەبێت وەک شۆڕشە سیاسییەکان، هەوڵە چاکسازییەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بونیادی کولتوورەکان ئەمانە سەراپا سوودی ڕاستەوخۆیان لە پەروەردەوە وەرگرتووە.

گەر بۆچوونێکی لەو جۆرە هەبێت کە ئابووری، ئاین، سیاسەت، داوونەریت، لە پێشتری پەروەردەوە هەژمار بکات ئەوا بۆچوونێکی ناتەندروست و دوور لە ڕاستییە زانستییەکانە، سەلماندنی ئەمەش ئاسانە چونکە مرۆڤەکان لە ڕێی پەروەردەوە دەگەنە ڕاستی و دروستی ئەمانەی باس کران واتە بە فێرکردن و پەروەردەکردن و ڕاهێنان بۆیان ساغ دەبێتەوە کە چ ڕێباز و ئاین و فەلسەفەیەک بکەنە ڕێنوێنیکەر و قەناعەتیان لا دروست

بکات، باشــە کــە تۆ پـەروەردەکــردنێکت نەبـوو (واتە ئینســانت پەروەردە نەکردبوو) بۆ بەدیهێنانی ئـەمانە ئیتـر بەچ مـافێک داوا لە مـرۆڤ دەکەیت پابەند بێت بە (ماف و ئەرکەکان)ی هەریەک لەو لایەنانە؟!

ناکرێت وتـارێکی لەم چەشنە هـەمـوو لایەن و ڕەهەندە جیـاوازەکانی ئەم بابەتە بخـاتە ڕوو، بەڵام بەو هیـوایەین کە دەروازەیەک ئـاوەڵا بکەین بەڕووی باسگەلێک کە پێشنیـاز و بەرەنجامی گونجاو تاوتوێ دەکەن بەو ئامـانجەی نەتەوەی ئـێمـەش پشـکێکی پرشـنگداری لە پرۆســەی پەروەردەییدا هـەبێت، ئێـمـەش ئەو مـافـە بە خـۆمـان ڕەوا دەبینـین کە پەروەردەیەکی مرۆڤـدۆست زانســتـی، پێکهـێنەری مـرۆگــەلێک بێت شــانازی بـەشــداربوونی بکات لە کاروانی بەرەوپێشـبـردنی ژیان و جوانـترکردنی، ئومێدمـان هەیە کە شـان بەشانی کۆمەڵگەکانی تر لە ڕەوتی ئەم ژیانە تیژپەڕەدا ڕێ بکەین و هاوکار بین لە پێکەوەنانی قۆناغـێکی پێشکەوتوو لە سـەردەمی بوون و مـەدەنیـەت. (فـەلسـەفـەی پەروەردەی هـەر نەتەوەیـەک نیـشـاندەری ئاسـتی هۆشـیـاری و پێشکەوتنی ئەو نەتەوەیە).

# چەند پێشنیازێک
# بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە گرفتە پەروەردەییەکان

"دوو داهێنانی مرۆڤانە هەن کە شایەنی ئەوەن دابنرێن بە سەختترین دوو ئەرک ئەوانیش: هونەری بەڕێوەبردنی خەڵک و هونەری پەروەردەکردنیانە".

ئەمانوئێل کانت

لە سۆنگەی ناوەڕۆکی ئەو وتەیەی (کانت)ەوە هەوڵ دەدەین سەختی و ڕووبەڕووبوونەوەکانی یەکێک لەو دوو ئەرکە ڕوون بکەینەوە و تیشک بخەینە سەر هەندێک لە گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی پەروەردەیی تا هەوڵی پێویست بەئاراستەی کەمکردنەوە و ڕیشەکێشکردنیان بدرێت.

ئاشکرایە پەروەردەش وەک هەر کایەیەکی تری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چەندین بەربەست و لەمپەر ڕێگری لە چوونە پێشەوەی دەکەن، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتانەش ئەرکێکی مادی و مەعنەوی تاک و کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی بەخەرج دەدات.

ناکرێت و شیاو نییە پرۆسەی پەروەردەیی وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بەشێوازێکی دابڕاو و جودا لە هەر کایەیەکی کۆمەڵگە سەیر بکرێت چونکە پەروەردە بەجۆرێک ئاوێتەی بوارە جیاکانی مرۆڤایەتی بووە لە تواناداا نییە بێ سەوداکردن لەگەڵ پەروەردەدا هیچ لایەنێکی ژیان ڕاڤە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت. نموونەش بۆ سەلماندنی ئەم دید و بۆچوونە گەر باس لە سیاسەت

و بنەماکانی هەر تیۆر و فەلسەفەیەک بکەین ئەوا سەرەتا دەبێت باس لە ئەقڵیەتی سیاسییانەی تاک و کۆمەڵگە بکرێت کە ئەمەش لە ڕێی پێدانی زانیاری و پەروەردەوە دەگاتە ئەو کەناڵانەی تیۆرە سیاسییەکانی پێدا گوزەر دەکەن بەمەبەست پراکتیزەکردنیان، یاخۆ گەر لێکۆڵینەوە لەسەر پاراستنی داوونەریتی میللەتانی جیهان ئەنجام بدرێت ئەوا سەد دەر سەد پەروەردە پڕ بایەخترین و بنەڕەتترین پێکهاتەی ئەو کولتوور و ڕێوڕەسمانەیە کە نەوە بەنەوە پارێزگاری لێ دەکەن و تایبەتمەندێتی و خەسڵەتەکانی بەدرێژاییی مێژووی مرۆڤ ئیدامە دەدەن، گەر پەروەردە ئەم ئەرکە مەزنەی لە خۆ نەگرتایە ئەوا بێگومان بە لەناوچوونی نەوەیەک زۆرێک لەو سامانە میللییە لەناودەچوون و نەوەکانی دواتر لێی بێ خەبەر دەبوون.

ئەفلاتوون پەروەردە بە (هەوڵدان بۆ گەیشتن بەکامڵبوون یاخۆ نزیکبوونەوە لەو پلەیە) دادەنێت، زانا و فەیلەسووف (جۆن دیوی) پەروەردە بەخودی ژیان دەزانێت، (ئەمیل دۆرکایم) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەروەردە (بوونێکی کۆمەڵایەتییانە دەداتە مرۆڤ) (کانت)یش وای بۆ دەچێت گەر بمانەوێت مرۆڤ بگۆڕین ئەوا دەبێت لە هزر و بیرییەوە دەست پێ بکەین کە ئەمیش کار و ئەرکی پەروەردەیە.

ئێمە تا چەند ڕۆڵ و کاریگەری و بایەخی پەروەردە باس بکەین ئەوا شتێکی نوێمان نەگوتووە و وتراوێکی زانراومان خستووەتە ڕوو (تحصیل الحاصل).

پەروەردە لە هەرێمی کوردستان وەک لە هەموو وڵاتانی تری جیهاندا ئەم پرۆسەیە خاوەن خەسڵەتی زادگاکەیەتی تایبەتمەندییەتی و سیمای کوردستانی هەیە کە بەرەنجامی باری سیاسی کۆمەڵایەتی ئاینی و سروشتی ئەم وڵاتەیە. ئەو ئەقڵیەتەی لە پشت پەروەردەی هەرێمەوە هەیە لە هەمان ئاست و بگرە خوارتر لە کایەکانی سیاسەت و ئابووری و ئاین کار

دەکـات و درێژە دەداتە ڕەوتی پـرۆسـەی پـەروەردەیی بەو بەرەنجـامـانەی کـە ئێستـا لە واقعی ئەم مـەملەکەتەدا بەدی دەکرێن! پەروەردەناسێک بـەم جۆرە بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو ڕاستییە دەردەبڕێت: "کایەی پەروەردە لە وڵاتی ئێمـەدا نەک هەر جێگرەوەی یەکەی کۆمەڵایـەتی و ئایدۆلۆجی و ئاینی نییـە بگرە دووبارەکەرەوە و تەواوکەری ئەو میکانیزمەشە کە لەوێ لەناو کایەکاندا جـێـبـەجێ دەکـرێن تەنـانەت هەندێ جـار کـە لەوێ تەواو نەبوون لـە کـایەی پەروەردەییدا تەواو دەکرێن".

وەک لە بەشەکانی پێشتـر ئاماژەی پێ درا پەروەردە لە بەرامبەر دوو جۆر کێشەدا خـۆی دەبینێتەوە یەکەمیان گرفت و بەربەستە دێرینەکانە کە ڕەگ و ڕیشـەی بۆ سـەرەتاکانـی ئەم پرۆسـەیە دەگەڕێتـەوە و پێشـینـەیەکی دێرین و مێژوویییان هەیە (لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاستی ئابووری وشیـاری تاکەکان و ئاین و داوونەریتـەکان و سـیاسـەت و جێکەوتەی وڵاتەکە و نەخشـە و پلانی سیاسـی جیـهانی)، ئەم بارەش تەنیا وابەستە نییە بە هەرێمی کوردستانەوە بگرە لە زۆربەی وڵاتانی دنیـادا وجوودی هەیە بەڵام ئاست و ڕێژەکەی بەپێی پلەی پێشکەوتنی وڵاتەکان جیاوازە بۆ نموونە ئەورووپا و ئەمـەریکای باکور و یابان تارادەیەکی باڵا شکستـیان بە زۆرێک لەو کێشە و گرفتانە داوە، بەڵام وڵاتانی جیـهانی سێیەم و دواکەوتووەکان پرۆسـەی پەروەردەییان تا سـەر ئێسک گیـرۆدەی تەقلیـدییـەت و بەردەوام دەزگای پـەروەردەیی ئەم وڵاتانە لە بەرهـەمـهـێنـانی مـرۆگـەلێکی دۆشـدامـاو و بێ پرسـیـار و خـاوەن یـەقین بەشـدارییـەکی پێوانەیییـان هەیە و هەر بەهـەمان زمـانی جـارانەوە دەدوێن و هەمـان مـێژووی پڕ لە نەهـامـەتی و کـارەسـات دووبارە دەکەنەوە وەک گـەورە نووسـەری کورد (بەختیار عەلی) لە وتارێکیدا ئاماژەی پێ داوە.

جـۆری دووەم لە کێشـە پەروەردەییەکان وابەستـەی هەڵە و کـەموکوڕی ناشـارەزایـی ئەو کەسـانەی کـە ڕێبـەرایەتی بـوارەکە دەکەن، کە لـە چەندین لایەنـەوە دەتوانرێت قـســەی لەســەر بکرێت و بـەهـەوڵ و کـاری جـیـدییـانە

ئومـێدی لەناوچوونیـان لێ دەکرێت چونکە ڕەگ و ڕیشـەیان ڕۆنەچووەتە ڕەهەندە هەستیارەکانی پرۆسەکەوە.

باسکردن و لێکۆڵینەوەی هۆکـار و کێشـە هەمیشـەییەکـانی پەروەردە (جـۆری یەکـەم) کـارێکی سـەخت و دژوارە وتارێکی لەم چەشنە لە توانایدا نابێت سـەرجـەم وردەکارییـەکانی بخـاتە ڕوو بۆیە باسەکە لە تەوەری جۆری دووەمی کێشەکاندا دەبێت:

گرفتێکی سەرەکی بەردەم پرۆسـەی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستـاندا مـەسـەلەی بودجـەی تەرخـان کـراوە (لایەنی ئابووری و دارایی). هـەرچەندە داتا و ژمارەکان لەم دوو ساڵەی دواییدا دڵخۆشکەر و ئومێدبەخشن بەراورد بەسـالآنی پێشـتـر بەڵام بەدڵنیـاییـیـەوە نـاگـاتە ئەو ئاسـتـەی کـە تەواوی کێشەکانی بوارەکە چارەسەر بکات. تا ئێستاش لە کوردستاندا ژمارەیەکی ئەوەندەمـان لـە کـاربەدەسـتـانی باڵای دەوڵەتدا نیـیـە کـە لە توانایاندا بێت داکۆکی لەم لایەنەوە بکەن پاڵەپەستۆیەکی بەو ڕادەیان هەبێت دەوڵەت ناچار بکەن کـە بودجـەیەکی شـایسـتـە بۆ بواری پەروەردەیی دابین بکـەن. تەنانەت لەناو کـاربـەدەسـتـە بـاڵاکـاندا پسـپـۆڕێکی تایبـەت لە بوارەکـەدا نیـیـە کـە سەراپای شارەزایی و لێهاتووییەکەی تەرخانی پەروەردە بێت، ئەم بۆچوونە بەو جـــۆرە لێک نەدرێتـــەوە کـــە هیچ کـەســـێکی دڵســـۆز و خـــەمـــخـــۆری پەروەردەییمان نەبێت!

ئێـمــە دەڵێین کـاربەدەسـتی بالآمـان هەن کـە بـەجـیـدی و لێـبـڕاوانە لە هەوڵدان بەڵام ئـەو گلەییـە ئاراسـتـە دەکەین کە تـەنیـا لە بۆنە و سـەرەتای ساڵی خوێندن و ئاهەنگی دەرچوونی کۆلیج و پەیمانگەکاندا ئەم مەسـەلانە بەرجـەسـتـە دەبنەوە و باس لە پڕۆژە و سـیـاسـەتی پەروەردەییـانە دەکرێت! ئێـمـە نامـانەوێت پێـداگـری بکەین و بۆچـوونێکی لەو جـۆرەمـان هەبێت کـە دەبێت بـودجـەی حکوومـەت پێش هەمـوو بـوارەکـانی تر بدرێتـە پەروەردە و

ئەوانی تر پلە دوو یا سـێـیـان بۆ دابین بکرێت. هەروەها ئەو ڕاسـتـیـیـەش پشـتگوێ نەخـەین کـە سـاڵ بەسـاڵ کـایەی پەروەردەیی لە فـراوانبـوون و نەشـونمادایە (ئاشکرایە ژمـارەی خـوێندکـار کـە لە زیادبووندا بێت ئەوا بەدوای خـۆیدا زۆربوونی ژمـارەی مـامـۆسـتـا و فـەرمـانبـەر و بینای نوێی خوێندن و لە چاپدانی کتێبی مەنهەجەکان و پێداویستییە مادییەکانی تری خـوێندن و بەڕێوەبردنـی دەگـەیـەنێت) ئەمـەش لە خـۆیدا بودجـەیەکی هەڵکشاوتر دەخوازێت کە گرفتی دارایی بۆ کاربەدەستانی ئیدارەی دەوڵەت دەخـولقـێنێت. ئەمـانە هـەمـوو لەلایەک لایەکی تر گـرفـتـەکـە ئەوەیە کـە ئاراسـتـەیەکی فکری لەو جۆرە هەیە لە نێوان کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەت ناخوازێت بودجەیەکی وا قەبە و گران بۆ بواری پەروەردەیی تەرخان بکرێت

بۆ ڕاڤەکردنێکی ڕەخنە ئامێز لەو جۆرە بیرکردنەوەیە چەند ڕاستییەک دەخەینە ڕوو کە تەواو پێچەوانە و دژە بەو بۆچوونە نازانستیانەی لە پشت دیدێکی لەو جۆرەدا هەستی پێ دەکرێت. کە لە کتێبی (داهاتووی پەروەردە و فێرکردن لە نێوان کارەسات و هیوادا) نووسینی د. محسن خضر (دار المصرية اللبنانية) چاپی یەکەم ٢٠٠٨ ئەم بیرۆکانەش لەو بەشەی کە بە ناوی (نوێگەری لە سیستمی پەروەردەییدا) هاتووە:

١- شتێکی تازەمان نەگوتووە گەر بڵێین پەروەردە و فێرکردن پڕ بایەخترین پێکهاتەی ئاسایشی نەتەوەیییە بۆ هەموو گەلانی جیهان، چونکە ئەو ڕۆڵەی فێرکراو (المتعلم) دەبینێت هیچی لە ڕۆڵی سوپا کەمتر نییە بگرە تەنانەت پێشینەترە و تەواوکەری یەکتر دەبن.

٢- ئەزمـوونی یابـان سـەلمێنەرێکی زۆر مـەزنـی ڕۆڵ و بایەخ و هەسـتـیـاری بواری پەروەردەیە لە سـەرانسـەری جـیـهـاندا کـە بووەتە مـەتەڵێک موعجیزەی زانستییانەی بەرپا کردووە، دەڵێن لە یابانییەکانیان پرسیوە دەبێت چ پەنهانییەک هەیە لە پشت ئەو ڕابوونە مەزنەی وڵاتەکەتان؟

ئەوانیش وەڵامیان بەم جۆرە داوەتەوە: "ئێمە بە مامۆستا و فێرکارانمان هەیبەتی دادوەر و دەسەڵاتی ئەفسەر و مووچەی وەزیر دەدەین!"

٣- فەیلەسووفی ئەڵمانیایی (فیتشە) دەڵێت لەو ساتانەی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن ڕەشبینی و پشت ساردبوونەوەی لای ئەڵمانەکان دروست کرد لە سەدەی نۆزدەمدا، وای بۆ دەچووین کە شکستەکان پێش ئەوەی سەربازیی بن شکستی پەروەردەیی بوون، بۆیە ڕزگاربوونمان تەنیا لەوەدایە سیستەمی فێرکاریمان بگۆڕین بە پەروەردەیەکی نوێ و سەردەمییانە!

## گرفته پەروەردەییەکان

قسەکردن لەسەر بابەتێکی ئیشکالداری وەک ئەو ناونیشانە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە و بەدواچوونی زانستییانە دەخوازێت چونکە وەک چۆن لە ڕابردوودا گرفت و کێشەی پەروەردەییانە هەبوون ئەوا لە ئێستا و داهاتووشدا بەپێی زەمین و زەمان و گۆڕانکارییە فرە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەکان کێشە و گرفتی تر لە بەردەم پرۆسەکەدا دروست دەبن و بەردەوامبوونی ئەم پرۆسەیەش واتا بەردەوامی ڕێگر و بەربەستەکانی. بۆیە لە نووسینێکی وەک ئەمە گەر تەنیا وروژاندنێکی بابەتەکە و بزوێنەری کادران و لێپرسراوانی بوارەکە بێت گەر ئەم باسە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و شارەزا و بڕیاردەرانی پەروەردەیی بەدواچوون و گفتوگۆی لەسەر بکەن تا لە ڕێی ئەزموون و تواناکانیان هەوڵی جیدی و لێبڕاوانە بدرێت کە هەر هیچ نەبێت ژمارەیەکیان چارەسەر بکرێن ئەوا ئامانجێکمان پێکاوە. لە پرۆسەی پەروەردەییدا زۆربەی بیرمەندان و پسپۆڕانی بوارەکە ئەم دیدو بۆچوونە دەسەلمێنن ڕاستییەک هەیە کە ناکرێت ئامانج و مەبەستی پرۆسەکە لە کورت ماوەدا بەرەنجامەکان بدەنە دەست، چونکە پەروەردەکردن وەک کاری تۆوکردن و چاندنە دەمودەست هیچ کەسێکی خاوەن ئەقڵ و بیرکردنەوە چاوەڕێی بەرهەمی لێ ناکات.

یەک لە کێشە بەرجەستەکان لە ئێستادا بووەتە دیاردەیەک کە ناکرێت خۆمانی لێ کەنار خەین و بەهەندی وەرنەگرین پرسیارێکی جیدییە گەر ئاراستەی دەسەڵات و بەرپرسانی بواری پەروەردەیی بکەین ئەویش: سەرەڕای ئەو هەموو ئیمکاناتەی (مادی و مەعنەوی) لە ئێستادا خراوەتە

خزمەت پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە بۆچ ئامانجی نەپێکاوە و ئاستی فێرخوازان لە هەر قۆناغێکی فێربووندا بێت بە بەراورد لەگەڵ پێشتردا لەبری ئەوەی لە هەڵکشان و بەرزبوونەوەدا بێت ئاراستەیەکی پێچەوانەی هەیە؟

بەئاشکرا لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەت پاش ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو١٩٩٠ بەرەو سەر) هەموو مرۆڤێکی کۆمەڵگەی کوردی لە باڵاترین پێگەی دەسەڵاتەوە تەنانەت کەسانی دەرەوەی بواری پەروەردەیی و نەخوێندەوارەکانیش! هەست بە دابەزینێکی ئاستی زانستی و مەعریفی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەی کردووە و لە زۆرێک لە گفتوگۆ و نووسین و ڕاپۆرتە تایبەتەکانی بوارەکە و لە ئامرازەکانی میدیا و ڕاگەیاندنە جیاوازەکان ڕاستیی ئەم ڕایە بەئاشکرا دەربڕاوە.

ئەمە لە خۆیدا ترسناکترین زەنگی مەترسییە لەسەر ئێستا و داهاتووی نەوەکانی کۆمەڵگە تەنانەت لە دوور مەوداشدا نەتەوەی کورد بەگشتی. ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لای هەمووان: گەر هەر کۆمەڵگەیەک خاوەنی پەروەردە و فێرکردنێکی مۆدێرن و هەڵگری خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە بێت ئەوا لەسەر نەوەکانیان هیچ مەترسییەکی دەرەکی و ناوەکی نابنە هەڕەشە و لە سەراپای ململانێکاندا بەسەرکەوتوویی هەنگاوی پێشکەوتن و گەشەسەندنیان بەردەوامە. بەڵام بەو پێیەی کە پەروەردە بنیاتنەر و پێکهێنەری سەراپای تاکەکانی کۆمەڵگەیە، هەر خەوش و ناتەواوییەکی لە خۆ گرتبوو ئەوا بێگومان ڕەنگدانەوەی نەرێنی (سلبي) لە تەواوی لایەنە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە.

کەواتە بەدڵنیاییەوە بواری پەروەردەیی ئێمە خەسڵەتەکانی پەروەردەیەکی ئیشکالدار و لاواز لە پێکهاتە و کایە جۆرەوجۆرەکانیدا بەدی دەکرێت کە ئەمەش ئەرک و لێپرسراوێتی هەموو لایەکمانە بە دەسەڵات و

کاربەدەستان و سەرجەم بەشدارانی بواری پەروەردەیی و تەنانەت کەسان و دەزگا و ڕێکخراوەکان دەبێت هەر لایەک کاری جیدی و لێکۆڵینەوەی زانستییانە و ئامانجدار بخەنە گەڕ تا کەم و کورتی و خاڵە لاوازەکانی دەستنیشان بکەین و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی لۆجیکی و سەردەمییانەی شیاو و گونجاو بەڕۆح و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی بدەین.

هەرچەندە لەم ڕۆژگارەدا زۆربەی (نالێین سەراپا) بگرە ژمارەیەکی فراوان خواست و پێداویستییەکانی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا فەراهەم کراوە و کۆمەڵێک بەهانە و کۆسپ و ڕێگریی خودی و بابەتی (الذاتیة والموضوعیة) لە ئارادا نین و بنبڕ کراون و وزە و توانای زەبەلاح لە بوارەکەدا ئامادەییان هەیە (سوپایەک لە پەروەردەکاران وەک مامۆستا و ستافی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە بە سەرجەم بەشەکانییەوە، سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی بینا و کەرەستەی پێویستی پەروەردەیی کە ئەمانە بێ بودجە و خەرجییەکی مەزن فەراهەم ناکرێن) فشار و پاڵپەستۆیەکی بەرچاون لەسەر سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەوە. سەرەڕای ئەمانە هەموو، پرسیارێکی لەو جۆرەی سەرەوە بە زەقیی و بەرجەستە لە ئارادایە کە بۆچی بەشێوەیەکی سیستماتیک و پلە بەپلە ئاستی زانستی و مەعریفی و چالاکیی فێرخوازان بەپێچەوانەی ئاراستەی خوازراوی سیاسەتی پەروەردە هەنگاو دەنێت؟!

کورد وتوویەتی "مشتێک نموونەی خەروارێکە" با تەنیا نموونەی سێ ساڵی قۆناغی دوازدەیەمی زانستی (بەکالۆریا) باس بکەین کە ڕێژەی دەرچوون لە ٤٠٪ بەپێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ساڵەکانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و ٢٠١١. دەبا ئەنجامێکی لەو جۆرە چەندین پرسیاری بنیاتنەرانە بوروژێنێت و هەمووان لە هەوڵی چارەسەرێکی جیدیدا بین بۆ گرفتێکی مەزنی لەو جۆرە، کە کاریگەرێکی نەگێتیڤانەی دەبێت لە زۆر ڕووی ئابووری کۆمەڵایەتی ئیداری سیاسی ئەم هەرێمە (لە

پەڕەکانی داهاتوودا هەندێک لەو کاریگەرییانە ئاماژە پێ دەدەین).

بە بۆچوونی ئێمە ڕەنگە ئەم کێشەیە سیفەتێکی ئەزەلیی لەم وڵاتانەی کە بە جیهانی سێیەم ناوزەد کراون هەبێت، چونکە بەدڵنیاییەوە نەوەکانی پێش ئێمە ئەو پرسیارەیان ئاراستەی پرۆسەی پەروەردەیی زەمانی خۆیان کردبێت! بەڵام بوونی پرسیارێکی لەو جۆرە (کە نەوەیەک لەوەی دوای خۆی کردووە) برێکی زۆر بارگاوییە بەو هۆکار و بەرەنجامانەی لە جەوهەری کێشەی پەروەردەییەوە سەرچاوە دەگرن..

کەواتە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی لەو جۆرە دەبێت هەر بەپرسیاری تر بەرەو ئاراستەی وەڵامی زانستی و تۆکمە و قایلکەر بچین! بۆ نموونە بپرسین بۆ چ ئەم کێشەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی لای خۆمانە؟! ئەوانیش ململانێیان کردووە و چەندین گرفت و لەمپەر ڕێگریان بووە، بەڵام خاڵی جەوهەری لێرەدایە: ئەوان لە خراپترینەوە بە ئاراستەی خراپ و پاشان باش و دواتر هەرە باش و ئەو ئاستەی کە ئێستا پەروەردە و فێرکردنی ئەوانی پێ گەشتووە، کەچی لای خۆمان وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا تەواو کارەکە پێچەوانەیە و گۆران وتەنی: (ساڵ بەساڵ خۆزگەمان بە پار)!

ئەڵبەت ڕاستییەک هەیە نابێت فەرامۆش بکرێت: سەرچاوەی بوونی هەر گرفتێکی پەروەردەیی ناکرێت و گونجاو نییە تەنیا لە یەک چوارچێوەدا سنووردار بکرێت بەدابڕاوی و دوور لە پێوەندیداریی بەلایەنەکانی ترەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت چونکە وەک دەزانین پەروەردە ئەو چالاکییە مرۆڤانەیە کە پێوەست و ئاوێتە و گرێدراوی سەرجەم بوارەکانی تری ژیانی مرۆڤەکانە (ئاینی کۆمەڵایەتی سیاسی ئابووری مێژوو جوگرافیا و زانستە جۆرەوجۆرەکان و... هتد) کەواتە ڕاڤەکردن و بەدواداچوونی هەر گرفتێکی پەروەردەیی ناچارمان دەکات سەروکار لەگەڵ ئەو لایەنانەدا پەیدا بکەین و

ڕەگوڕیشەی گرفت و کێشەکان بەرینەوە سەر لایەنی پێوەندیدار.

لە بەشەکانی داهاتووی ئەم نووسینە هەوڵ دەدەین سنووردارتر و لە بوارێکی وردتری ئەو باسەی سەرەوەدا لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ بکەین. گەر بکرێت بەخاڵ و ناونیشانی جوداوە ئاماژە دەدەینە ژمارەیەکی بەرجەستەی ئەو کێشانە کە لە ئێستادا لە کایەی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا ئامادەییان هەیە.

## مامۆستا (فێرکار)

مامۆستا یاخۆ فێرکار له هەموو سەردەمەکان و لە دیدو بۆچوونی سەرجەم قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بە بناغە و پێکهاتەی هەرە سەرەکی بنیاتی پرۆسەی پەروەردە و فێربوون هەژمار کراوە، لە دێر زەمانەوە هەر لە ساتی پەرەسەندنی یەکەمین فیکری مرۆڤایەتی لە ئاستی فەلسەفیدا بەتایبەت یۆنانی و ڕۆمانییەکان پێداگری لەسەر پێگە و پلەی مامۆستایەتی کراوەتەوە و بەشێکی فراوانی بیرە فەلسەفییەکان ئەم تەوەرەیان کردووەتە پانتاییەکی بەرجەستە و زیندووی ڕێبازە فیکرییەکانی خۆیان (سوقرات، ئیفلاتوون، ئەرەستۆ، ئەبیقۆر، زینۆن....) سەرجەم ئەم ناوە درەوشاوانەی دنیای فکر و زانست و ڕەوشت کۆی کار و چالاکی و بەرهەمەکانیان بە شێوازی فێرکارییانە و مامۆستایەتی بە کۆمەڵگەی مرۆیی ناساندووە و پەخش کردووە. ئەرستۆ کە لە مێژووی بەشەرییەتدا ناوی بە (المعلم الأول – مامۆستای یەکەم) دەرکردووە ئەمە لەخۆیدا مەزنی و بایەخی پیشەی مامۆستایەتی دەردەخات. (عبدالرحمن بدوي) لە کتێبی (فلسفة الدين والتربية عند كانط) وتەیەکی ئەم فەیلەسووفە مەزنە دێنێتەوە: "دوو دۆزینەوەی مرۆڤایەتی هەن کە شایەنی ئەوەن بەدژوارترین دوو مەسەلە دابنرێن ئەوانیش یەکەم هونەری فەرمانڕەواییکردنی خەڵکە و دووەمیش هونەری پەروەردەکردنیانە".

دوور لە دنیای فیکر و فەلسەفە زاراوی چەمکی مامۆستا لە زۆربەی کولتوورەکانی جیهانی کۆن و نوێدا لەسەر ئاستێکی (میللی- شعبي) نیشانەیەکە بۆ پێگەی باڵا و ئاوەڵناوێکە بەکار دەبرێت بۆ کەسانێکی خاوەن

دەسـەڵاتـی مـەعـریفـی و لێـهـاتـووی لە کـارێکدا بۆ نموونـە لای عـەرەب و فارسەکان وشەی معلم – استـاد، پیرۆزییەک لە خۆ دەگرێت عەرەب وتەیەکی هەیە دەڵێت (من علمني حـرفـاً صـیـرني عـبـدا) واتا کـەسـێک گـەر تەنیـا پیـتێکیشم فـێـرکـات دەبمە کـۆیلەی). لای گـەلی کـوردیش لەم سـەردەمـەدا کـاتێک چاوپێکەوتنـی تەلەفـزیۆنـی یاخـۆ دیداری ڕۆژنامـەوانی لەگـەڵ کـەسـایەتـیـیـەکی هونەری، ئەدەبی، زانسـتـی، ئـاینی، فـیکری و فـەلسـەفـیـی دەکـرێت کـە داهـێنـەرێکی هەرکـام لەو بوارانـە بێت ئەوا زۆر بـەئاشـکرا دەسـتـەواژەی مـامـۆسـتـای بۆ بەکـار دەبرێ. یان گـەر سـەیری کـولتـووری میسری بکەین وشەی (معلم) بۆ کەسی گەورە و فەرمان بە دەستە یاخۆ بەو کەسایەتییە رابەر و لێهاتووانە بەکاردەهێنێ کە دەتوانن کاروباری خەڵکان لە زۆر ڕووەوە ڕایی بکەن. یان لە کولتووری ڕۆهەڵاتدا (چین و یابان و هیند) معلم بۆ خاوەن پێگە هونەری و زانستی و وەرزشییە مەزنەکان بەکار دەبەن.

بۆیـە دەڵێین لە سـەرجـەم کـات و زەمـینـەکـان مـامـۆسـتـا و پـیـشـەی مـامـۆسـتـایەتی هێندە بەرز و باڵا سـەیر کراوە چونکە مێژووی مـرۆڤـایەتی سـەلمـاندوویەتی کـە ئەم کـەسـایەتیـیـە فـاکـتـەرێکی بزوێنەر و کـارایەکی بەشداربووی بەشـێکی گرینگی مێژووە، بەواتایەکی تر مـامۆسـتـا ڕۆڵێکی ڕاسـتـەوخـۆی لە دروسـتکردن و داڕشـتنەوەی (ڕابردوو، ئێسـتـا، دواڕۆژدا) هەیە!

لە دید و بۆچوونـی لێکۆڵینـەوە سـەردەمـیـیـەکـانی بواری پـەروەردەیی جیاوازی و تـایبەتمەندێتی بەرجەستـە و ڕوون لە نێوان (المعلم – مامۆستا و المربي – فێرکاردا) هەیە چونکە فیکری پەروەردەی نوێ جەخت لە ڕۆڵی ئەم کەسە دەکاتەوە و ئەرکی تازە و سەردەمییانەی دەکاتە: ئاراستەکەر و ڕێنما وە ڕۆڵێکی هەمـیشـە لە گۆڕان و نوێبـوونەوەی دەداتێ بەڵام لە کۆندا ئەرکی مـامـۆسـتـایەتی جـەخـتـی لەسـەر لایەنی فـێـرکـردن دەکردەوە. ئەم بۆچوونە بەڕوونی لای (کانت) ئاماژەی پێ دراوە.

لە دیدێکی هاوچەرخانە بۆ پیشەی مامۆستایەتی و کەسایەتی مامۆستا بەئاشکرا تەئکید لەسەر ڕاستییەک دەکرێتەوە کە: تەنیا مومارەسە و ئارەزوو بەس نین بۆ هەستان بەئەرکێکی مەزن و مەترسیداری وەک مامۆستایەتی، چونکە زانستی سەردەم چەندین داوا و مەرج و خواستی فرەلایەنەی کردووەتە کارنامەی ئەو کەسانەی ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرن وەک:

١- شارەزایی و لێهاتوویی لە پسپۆڕییەکەیدا سەرەڕای هەبوونی گەنجینەیەکی مەعریفی پێوەست بەئەنجامدانی پیشەی مامۆستایەتی.

٢- هەروەها توانا و بەهرەیەکی خۆڕسکانە و برەودان بەو توانا و بەهرەیە لە ڕێی ئاگەداربوون لە نوێترین گۆڕانکارییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگە و جیهانی دەرەوە کە ڕەونەقێکی پتر دەدەنە پیشەکەی چونکە ئەم زانیارییانەی مامۆستا بۆ فێرخوازەکانی دەخاتەڕوو دەبنە نیشانە و خەسڵەتی بە سەرمەشقبوون و هەیبەتی کەسایەتی ئەو مامۆستایە.

٣- پشتبەستن بە دۆزینەوەی ئاسانترین ڕێگە و شێواز بۆ تێگەیاندنی فێرخواز چونکە ئەمە فاکتەرێکی دەروونی کاریگەرە کە فێرخواز بەئاسانی زانیارییەکانی پێ بگات ئەوا لە وزە و توانای زیهنیدا کەم مەسرەفی دەکات و دەتوانێت بڕێکی زیاتر زانیاری و زانست وەربگرێت چونکە ئەوەندە ماندوو نەکراوە لە تێگەشتندا کە توانای وەرگرتنی سست بێت!

٤- پیشەی مامۆستایی لەو ئاستەدا ناوەستێت کە تەنیا کادرێکی زانستی بواری پسپۆڕییەکە بێت بگرە بەپێی ئەم نەزمە نوێیەی پڕ لە گۆڕانی تیژڕەو دەبێت ڕۆڵێکی ڕابەرانە و ئاراستەکەری فێرخوازانی هەبێت.

ئەوەی باس کرا پێشینەیەک بوو بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە (مامۆستا / فێرکار) لە پرۆسەی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا و بەرجەستەترین

ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم ئەم پیشە مەزن و هەستیارە، بوونی هەر کێشە و گرفتێکی پێوەست بەمامۆستاوە بێگومان کاریگەری کوشندە و ڕاستەوخۆی لەسەر کۆی پرۆسەکە دادەنێت. مامۆستا و پیشەی مامۆستایەتی لەم وڵاتەدا چەندین کۆسپ و گرفتی خودی و بابەتی ڕێگریی لە ئاراستەی سروشتی کەسایەتی و پیشەکەشی دەکەن کە لەم خاڵانەدا کۆیان دەکەینەوە:

١- باری ئابووری کە وابەستەی چەندین هۆکاری سیاسی و پلانی زلهێزەکانی جیهانی نوێیە لە ناوچەکەدا و عێراق بەتایبەتی، ئاشکرایە ئەو سەرکێشی و تەنگەژەنانەوەی سیاسی و سەربازی کە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی سەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا بوون بەتایبەت ئەمەریکا لەلایەن ڕێژیمی بەعسەوە، قووڵترین کاریگەریی لەناو گەلانی عێرقدا هێنایە ئارا و لایەنی ئابووری وڵاتێکی وەک عێراق کە یەدەگێکی زەبەلاحی نەوت و کەرەستە سروشتییەکان بوو سەرەڕای ئەو سامانە مەزنەی لە بواری کشتوکاڵیدا فەراهەم بوو سەراپا گەلانی عێراق بەهۆی گەمارۆی ئابووری دە ساڵە (پاش داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لەلایەن سوپای عیراق ساڵی ١٩٩٠) گەیاندە لێواری نابووتی و مەرگ، بەتایبەت توێژی فەرمانبەران و مامۆستایان چونکە ئەم توێژە تەنیا خاوەنی مووچەکانیان بوون بۆ گوزەراندنی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان، وەک دەزانین سەرجەم هێزی مرۆیی و داهات و هەموو شتەکان لە عێراقی بەعسدا خرانە خزمەت جەنگە کاولکارییەکانی ئەم ڕێژیمە سەدام حسێن وتەیەکی نامرۆڤانەی هەبوو کە لە هەموو بنەمایەکی مرۆیی و ئاسمانی بەدوور بوو: " كل شيء من أجل النصر". بەرەنجامی هەموو ئەمانەی باس کران لە ڕووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، جەستەیی و تەندروستی کاریگەری بێ ڕەحمانەی لەسەر کەسایەتی مامۆستایان جێهێشت وە ئاستی بژێوی مامۆستا لە سفر و خوارتریشدا نزیک بوویەوە ! لێرەوە بەهادارترین سەروەتی مامۆستایان

گەورەترین زەبری بەرکەوت کە هەیبەت و کەسایەتی پیشەکەی بوون، ئیتر ئەو پیرۆزییە و پێگە مەزنەی مامۆستایان خاوەنی بوون لە بەرامبەر هەژاری و نەداری و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیانیان هەڵدەتەکێ و بەچاوێکی سووکەوە لە کۆمەڵگەدا سەیر دەکران چونکە توانستی ئابوورییان کاول و نغرۆ کرابوو (ئاشکرایە لە کۆمەڵگە ناوشیار و هەلا هەلا تاسەر ئێسک بە بەدبەختی و دواکەوتوویی و هەژاری و چەندین نەخۆشی تری کۆمەڵایەتی نرخ و بەها و ڕێزی مرۆڤەکان دەبەسترێتەوە بەتوانای مادی و سەروەت و سامان و دەسەڵاتەوە) کە ئەمانە خەسڵەتی هەرە سەرەکی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمانە بوون.

کێشەیەکی تری دوور لە جەنگ و سیاسەت کە مامۆستا و پیشەکەی دەکاتە کارێکی ناچاری و (لەبەر ئەوەی نمرەی کۆلیجە بەرزەکانی بۆ نەهاتووە – پزیشکی و ئەندازیاری و یاسا و دەرمانسازی و... هتد) ئیتر لە هیچ و بێ ئیشی چاکترە بڕوات بەدەم مامۆستایەکەیەوە! ئەقڵییەتی کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرەی سەرەوە باسمان کرد هەر ئەمە بەرەنجامەکەی دەبێت! ئەو پیشانەی ناویان هێنران دەسکەوتێکی فرەوانی مادیی فەراهەم دەکەن و پێگەیەکی باڵا و بەهادارتر دەدەنە خاوەنەکانیان!! بۆیە لەم دید و تێڕوانینەوە هەر کار و پیشەیەکی تر پلە نزم و کەم بەها هەژمار دەکرێت، بۆچوونێکی دوور لە ئەقڵ و لۆجیکە! باشە ئێمە دەپرسین: بۆ هەردەبێت سەرجەم ئەوانەی لە قۆناغەکانی خوێندندان سەراپایان ببنە دوکتۆر و ئەندازیار و پارێزەر؟ ئەدی کۆمەڵگەی کوردی جگە لەمانە پێویستی بە کارمەند و مامۆستا و پۆلیس و سەرباز و کرێکار و جووتیار و... هتد نییە؟ باشە دەکرێت و دەشێت هەموو خوێندکارەکانمان ببنە پزیشک و ئەندازیار؟! ئەڵبەت ئەمە لە خۆیدا پرسیارێکە و لە دووتوێی پرسیارەکە سیماکانی چارەسەری تێدا بەدی دەکرێت (ئەویش گەر پیشەی مامۆستایی لە ڕووی مادییەوە بەرەو باڵا ببرێت و ئەوانەی دەبنە هەڵگری بڕوانامەی مامۆستایی

ژیانێکی مـــســـۆگـــەر و داهـاتێکی زۆرتریان دەسکـەوێت ئـەوا زۆرێک لـە خوێندکارانی ئەم مەملەکەتە مامۆستاییيان دەکردە خواست و ئامانجیان) بەڵام کە دەبینن ئاستی بژێوی مامۆستاکانیان بەپێی پێداویستییەکانی سـەردەم نییـە بۆیـە مـامـۆسـتـایـەتی لایان دەبێـتـە مـۆتەکـە و پیـشـەیەکی نەخوازراو لە ئەوپەڕی ناچاریدا نەبێت ناچن بەلایدا!

زانستی دەروونزانی و وانەوتنەوەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە تاچەند کەسایەتی مامۆستا / فێرکار ئازاد و سەربەخۆ و بێ کێشە بێت و هیچ پاڵەپەستۆیەکی جەستەیی دەروونی کۆمەڵایەتی ئابوورییان لەسەر نەبێت چەند لەسەر پیشەکەی ڕەنگ دەداتەوە و داهێنانی تێدا دەکات و بە شەوق و نەفەسێکی دیکەوە پیشەکەی دەڕازێنێتەوە و فێرخوازەکانی دەیکەنە نموونەی باڵای خۆیان (المثل العلیا). بەڵام هەریەک یا چەند لەو گرفتانە هاتنە ڕێی مامۆستا ئەوا بەرەنجامەکەی ئاشکرایە و بەسلبی بەسەر پرۆسەکەدا دەشکێتەوە و هەر خەرجی و تێچوونێکی مادی و مەعنەوی بوارەکە بەهەدەر دەبات و ئەنجامی چاوەڕوانکراوی لێ نایەتە دی. ئەمەش بەئاشکرا لە بواری پەروەردەی کوردستاندا بەدی دەکرا.

وەک چۆن هەر لایەن و کایە جیاوازەکانی ژیانی مرۆیی ئاوێتە و کارلێک لە یەک دەکەن و پرۆسەی کاریگەری و کارتێکردنیان لە نێواندا هەیە، ئەوا بوار و لایەن و پێکهاتەکانی پرۆسەی پەروەردەییش لەناو خۆیاندا ئەم کارلێک و کاریگەرییە ئاڵوگۆڕ دەکەن، مەبەستمان لەمە پێکهاتەکانی وەک مامۆستا، فێرخواز، پرۆگرامەکانی خوێندن، ئامانج و ئیدارە و هەر یەکەیەکی دی لە پرۆسەی پەروەردەییدا دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکدیەوە و ڕۆڵەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لەم لایەنەوە مامۆستاش وەک هەریەک لەو پێکهاتانە بەدەر نابێت لەم ڕێسایە. کرۆکی مەبەستەکەمان خستنەڕووی لایەن و خاڵی لاواز و نێگەتیڤی پێوەست بە مامۆستاو پیشەی فێرکەر لەم ڕوانگەیەوە بەم شیکردنەوە سادەیە دەخەینەڕوو: لەلایەنی ئاستی تواناو

لێهاتوویی و ڕادەی حەزو ئارەزووی ئەوکەسانەی کە لە ئێستادا سەرقاڵی پیشەی مامۆستایین دابەزینێکی بەرچاو لە نێوان ئاستی مامۆستای جاران و ئەوانەی کە لەم سەردەمەدا دەبنە مامۆستا هەست پێدەکرێت، بۆ نموونە ڕادەی زانیارییەکان چ لە بواری پسپۆڕیدا یاخۆ زانیارییە گشتییەکانی دەرەوەی کە پێوەستن بە گەنجینەی مەعریفی تاکە کەسیی، بە بۆچوونی ئێمە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆ ماندوونەکردن و نەگەڕان بەدوای سەرچاوەکانی زانیاری و کایە مەعریفییەکان (گەر ڕاپرسییەک لە نێوان مامۆستایاندا ئەنجام بدرێت سەبارەت بە خوێندنەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەوا دەردەکەوێت لە سەدا دە بگرە کەمتریش خوێندنەوەیەکی لەو جۆرەیان هەبێت کە بیانکاتە خاوەن پاشخانێکی زانیارییەکان! ئەمە هۆیەکی ڕاستەوخۆی دابەزینی ئەو ئاستەیە کە ئاماژەمان پێدا، گەر مامۆستایەکیش خۆی ئەم خولیاو حەزەی نەبوو بۆ وەدەستهێنانی زانیاری ئەوا ناشبێتە سەرمەشق و هاندەری فێرخوازەکان (فاقد الشيء لا يعطيه)!! کەواتە فێرخوازەکانی مامۆستایەکی لەم جۆرە نابنە خاوەن سەروەتێکی مەعریفی پێویست و لە بەرەنجامیشدا ئەمانە زۆرێکیان دەبنەوە مامۆستا یا هەر کار و پیشەیەکی تر ئەمیش نەوەیەکی وەک خۆی پێ دەگەیەنێت و ئەمانیش نەوەی دوای خۆیان بەمەش ئەڵقە بۆشەکەی ئاستی نزم بەردەوام لە دروستبوون و خولانەوەیەکی بێهوودە دەبێت!

لایەنێکی تری ئەم گرفتە هۆکارێکی سیاسی ئیداری لە پشتە، هەرێمی کوردستان لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١دا تووشی فەراغێکی ئیداری بوویەوە کە چارەسەرکردنی بەو ئەزموون و شارەزاییە کەمەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی قابیلی ئیحتیواکردن نەبوو، پەروەردەش لە خۆیدا دەوڵەتێکە لەناو دەوڵەتدا دروست دەکرێت، پرۆسەیەکی سیستماتیک و چەندین هەیکەلی ئیداری و ڕێکخستنەوەی زانستییانە دەخوازێت کە دەسەڵاتدارانی نوێی ئەو سەردەمە خاوەنی نەبوون (ئەمەش گەلێک پاسا و و هۆکاری خۆی

هەیە کە بواری باسکردنیان لێرەدا نییە) ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین سەبارەت بەم لایەنە هەندێک ئیجرائاتی هەڵە و نابەجێ بوون لە سەرەتاکانی نەوەتەکانەوە لە بواری پەروەردەیی کوردستاندا پیادە کران.

نموونەیەکی سادەی هەڵەکان: دامەزراندن و دەستبەکاربوونی ژمارەیەک لە دەرچووانی ئامادەیی و پیشەیی و بازرگانییەکان وەک مامۆستا (لە قۆناغی بنەڕەتی یەک بۆ شەش) ئەمە تەواو پێچەوانەی یاسا و ڕێسا زانستییەکانی بواری دەروونناسی و پەروەردە و فێرکردنە چونکە ئەو کەسانەی سوودمەند بوون لەم دامەزراندنە خاوەن بڕوانامەیەکی لەو جۆرە نەبوون کە شیاوی پیشەی مامۆستایی ئەو قۆناغە هەرە سەرەکی و هەستیارە بن!

کە لەو کاتەدا بە چارەسەرێکی کاتیی کێشەی کەم مامۆستایی دادەنرا. هەمووان دەزانین پیشەی مامۆستایی تەنیا بڕوانامە خەسڵەتی گونجاوی و شیاوی پێ نادا، بگرە چەندین تایبەتمەندیی وەک پسپۆڕێتی، حەز و ئارەزوو، توانا و لێهاتوویی، سەرەڕای ئەمانە بینینی خولی ڕاهێنان و شیاندن، ئینجا ئەو کەسە شایەنی پیشەی مامۆستایی دەبێت!

بەڵام ئەوانەی کە لەو کاتەدا و دواتریش هەر دەکران بە مامۆستا چواریەکی ئەو سیفەتانەی مامۆستاییان تێدا نەبوو کەچی هەر بە خواستێکی سیاسییانە کرانە مامۆستا و نەوەیەکی ئەم میللەتە لە سایەی مامۆستایەتی ئەوانەوە قۆناغەکانی خوێندنیان بڕی و ئێستا بەشێکی زۆریان بوونەتە مامۆستا و فەرمانبەری ئەم وڵاتە.

ئێمە نە لە ڕووی سیاسییەوە ئەم سەرنج و ڕەخنانە ئاراستە دەکەین وە نە مەبەستیشمان لەکەدارکردن و بەکەمزانینی ئەو کەسانەی لەو ساتەدا ئەم ئەرکە مەزنەیان وەک پابەندبوونێکی ئەخلاقی نەتەوایەتی ڕاپەڕاندووە، بەڵام کورد گوتەنی (نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب)، خۆ دەکرا ئەو

کەسانە بەشێوازی تر پاداشتی هەوڵ و دڵسۆزی و خەباتەکەیان بدرایە، هیچ کەسێکی خاوەن ویژدان قایل نابێت ئەوانەی ماندوو بوون و خۆبەختییان نواندووە پشتگوێ بخرێن و پەراوێز کرێن.

هەڵەیەکی بەرجەستەی تر کە فاکتەرێکی لاوازبوون و بێ توانایی پەروەردەی هەرێمە وەرگرتنی کۆلیج و پەیمانگەی تایبەت بەپیشەی مامۆستایی: ئەو خوێندکارانەی قۆناغی ئامادەیی بەشی وێژەیی و زانستی تەواو دەکەن و نمرەکانیان بواری وەرگرتنیان لە کۆلیجە باڵاکان ناداتێ دەچنە ئەو کۆلیج و بەشانەی کە دواجار دەبنە مامۆستا! یاخۆ بەهۆی سیستمی وەرگرتن لە کۆلیج و پەیمانگەکانی مامۆستایان وەرگیراون بێ ئەوەی کە خواست و حەزی ڕاستەقینەی خوێندکارەکە بن (گەر ڕاپرسییەک لەناو مامۆستایاندا ئەنجام بدەین و پرسیاری سەرەکی ئەوە بێت: ئایا تۆ پیشەی مامۆستایەتیت بە حەز و ئارەزووی خۆت هەڵبژاردووە؟ بێگومان ڕێژەیەکی سەروو ٧٠٪ ی وەڵامەکان نەخێر دەبێت و مامۆستا هەیە کە دەڵێت من بەهیچ شێوەیەک لە فۆرمی وەرگرتنی زانکۆ و پەیمانگەکان ئەو بەشەی کە ئێستا مامۆستام تێیدا نەم نووسیبوو!) نەک مامۆستایەتی بگرە سەرجەم پیشەو کار و چالاکییەکانی مرۆڤ سەرەکیترین هۆکار و پاڵنەر بۆ سەرکەوتن و بە ئەنجامگەیاندنی دەبێت حەز و ئارەزوو تەشویق خاڵی هەرە سەرکی بن، ئەمە لە خۆیدا کارەساتێکی پەروەردە و فێرکردنە، چۆن دەشێت کەسێک ببێتە کادر و پەروەردەکار کە هیچ حەز و ئارەزوویەکی لە بوارەکەدا نەبێت؟ کەواتە بارێکی زۆر سروشتی و ئاساییە ئەو ئاستەی کە پەروەردەی ئەم هەرێمەی تێدایە پاساو و بەهانەی خۆی هەیە بۆ هەر کەموکوڕی و لاوازییەکی! تۆ بە چ حەقێک لەو مامۆستایەی کە بەناچاری یاخۆ لە ئەنجامی نزمی و کەمهێنانی نمرەکەیەوە بووەتە مامۆستا داوای لێ دەکەیت فێرخوازەکانی زۆر پێرفێکت بن و بەرزترین نمرە بەدەست بهێنن!

نامانەوێت باسەکە تەنیا سەرنج و ڕەخنە و لێکدانەوەی کەموکورتییەکان

بێت بگره چەندین پێشنیاز و ڕێگەچاره له خۆ بگرێت که هەوڵێکی جیدی و خەمخۆرانه بن بۆ ئاراستەکردنی بواری پەروەردەیی بەرەو بەدیهێنانی ئەو خواست و ئامانجه زانستی و بنیاتنەرانەی پرۆسەکه هەوڵیان بۆ دەدات.

گێڕانەوەی ئەو هەیبەته ڕاستەقینەیەی پیشەی مامۆستایەتی به چاککردنی باری گوزەران و ئاستی زانستی و مەعریفی.

## وانەی تایبەت.. گرفت و چارەسەر

دیاردەیەکی نوێ کە بووەتە گرفتێکی تاڕادەیەک گشتگیر، سەختی و دژوارییەکی بەرجەستەی بۆ پرۆسەی پەروەردەیی لەلایەک و خوێندکاران و خێزانەکانیان لەلایەکی ترەوە دروست کردووە و یەکێکە لەو گرفتانەی لە ئێستادا بووەتە فاکتەرێکی کاریگەر زۆر بە سلبی و نالۆجیکییانە لەناو جەستەی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا وەک نەخۆشییەک تەشەنەی کردووە.

گەر باس لە ڕەگوڕیشەی مێژینەی ئەم دیاردەیە بکەین ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی شارستانییەتەکان، چونکە لە کۆندا پەروەردە بەم شێوازە بەرفراوانەی لە ئێستادا پەیڕەو دەکرێت (فێرکردنی گشتی و ئەو ژمارە زۆرەی داوودەزگای خوێندن و پەروەردەکردنە) لە ئارادا نەبووە، فێرکردن و خوێندەواری تەنیا چانسی شازادە و میر و دەسەڵاتداران و سەرکردەکان و پیاوانی ئاینی و خاوەن سەرمایە مەزنەکان بووە، شێوازی خوێندنیش مامۆستا و وانەی تایبەت پەیڕەو دەکرا (مێژوویی مرۆڤایەتی ناوی هەزاران کەسایەتیی تۆمار کردووە کە وەک مامۆستای تایبەت وانەیان بە نەوەی پادشایان و وەزیر و سەرکردەکان و... هتد وتووەتەوە.

لێرەدا دەمانەوێت ئەم دیاردەیە کە بەم شێوە زەقەی ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێت شی بکەینەوە و چەندین ڕێوشوێنی ئامانجدار بگرینەبەر بۆ لەناوبردن و ڕیشەکێشکردنی. لای هەمووان ئاشکرا و بەڵگە نەویستە هەر دیاردەیەک لەهەر بوارێکدا بێت بەرهەم و بەرەنجامی چەندین

فاکتەر و هۆکاری خودی و بابەتییانەیە. بۆیە دەڵێین ئەم دیاردەیەش (وانەی تایبەت) لە ئەنجامی ژمارەیەک بەهانەوە بەم جۆرەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمدا بڵاوە تەشەنەی سەندووە لە نزمترین ئاستەکانی کۆمەڵگەی کوردی تا دەگاتە لێپرسراوان و دەسەڵاتداران گلەیی و گازندەی ئاراستە دەکەن.

هۆکارە خودییەکانی گەشەسەندنی دیاردەیەکی نا سروشتی لەم جۆرە پێوەستە بەو خاڵە لاواز و نا زانستییانە کە داڕێژەرانی سیاسەت و پلانی پەروەردەیی لە کوردستاندا پیادەیان کردووە، لێپرسراوێتی ئەمان لەوەدایە کە بۆ دیاردەیەکی لەم بابەتە بەو شێوە فراوانە تەشەنە دەکات و جۆرە بەردەوامیی روو لە زیادبوون لە خۆ دەگرێت! بۆ ناپرسن داخۆ ناتەواوی و هۆکاری سەرەکی چییە؟ و بۆچ خوێندکارانی ئەم وڵاتە بەو ژمارە زۆرە پەنا دەبەنە بەر وانەی تایبەت و ئەرکی خۆیان و پەروەردەکاران و خێزانەکان و تەنانەت حکوومەتیش سەخت و دژوارتر دەکەن؟ حەتمەن پاساوێک لە ئارادایە بۆ بەگشتگیربوونی دیاردەیەکی لەم جۆرە، ئەگەرەکان زۆرن ڕەنگە بەشێکی فراوان وابەستەی خودی پرۆگرامەکانی خوێندن بن بەشێکی تر پێوەست بێت بە مامۆستایانەوە چەندینی تر پێوەندی بە خودی خوێندکارانەوە بێت. هەرکام لەو ئەگەرانە دادەنرێن بە هۆکارێکی خودیی (ذاتي) کە چارەسەرکردنیان تەنیا بە وەزارەت و سیاسەتمەدارانی بوارەکە دەکرێت، ئەویش بە دانانی چەندین پلانی پەروەردەیییەوە کە جێبەجێکردن و پابەندبوون پێیانەوە ڕێژەیەکی زۆری گرفتەکە ئیحتیوا دەکات:

١- گۆڕین و پێداچوونەوەی بابەتەکانی خوێندن کە بەجۆرێک پرۆگرامەکانی خوێندن دابڕێژرێت ئەو بوارە فراوانە بۆ هاتنە ئارای ئەم دیاردەیە بگەیەنێتە نزمترین ئاست.

٢- لە رووی مامۆستاشەوە ئامادەسازی و کردنەوەی خولی بەهێزکردن و ڕاهێنانی مامۆستای بەتوانا و لێهاتوو کە بەجۆرێک وانەکە بڵێتەوە

خـوێندکـارەکـانی پەنا بۆ وانەی تـایبـەت نـەبەن، سـەبارەت بـەم خـاڵە وەزارەتی پەروەردە لـە توانایدایە ببـێتـە فـاکـتـەرێکی کـارا چونکە ئەو لووتکەی دەسـەڵاتـەکەیە و ئەو هێـزە یاسـاییـەی لە پشـتـە کـە لە ڕێی نووسراوی فـەرمی بەشێوازی فەرمان مـامۆستـایان بەو ئاراستـەیە ببات کـە وانەکانیـان بەو جـۆرە بڵێنەوە کە فێرخـوازەکان ناچار نەبن پشت بە مامۆستـای تایبەت ببەسـتن، ئەمیش لە ڕێی سەرپەرشتیـاری پسپۆڕییەوە کـە ڕۆڵی چاودێرٍ و ڕێنوێنیکەر و هـانـدەری مـامـۆسـتـایـان بکەن و ئەرکی ڕاسـتـەقینەی سـەرپەرشـتیارێتی ببـینن دوور لە مجامـەلە و مەحسـووبیەت یاسـا و ڕێسـا پەروەردەییـیـەکـان پـیـادە بکـەن بەسـەر هەمـوواندا بێ جیـاوازی، مـەبـەست تەنیـا سـزا و سـەرزەنشـتکردن نییـە بـگرە هاندانی مادی و مەعنەوی لەم کارەیاندا بخەنە گەڕ وەک بەکارهێنانی پاداشت بۆ سـەرکـەوتـووان ئەمـەش وا لە مـامـۆسـتـایان دەکـات هەست بـکەن مـانـدووبوون و دڵسـۆزییـەکەیان بە هەند وەردەگیـرێت و لـە هەوڵی بەرەو باشتربووندا دەبن.

٣- هۆکارێکی تری دروستبوونی دیاردەکە وەک ئاماژەی پێ درا پێوەندی بە خـودی خـوێندکـارانەوە هەیە، زۆر حـاڵەت هەیە کـە خـوێندکـار بێ ئەوەی پێویسـتی بە وانەی تایبەت هەبێت دەبینین مـامۆسـتا دەگرێت کە ئەمیش هۆکاری ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی لە پشتـەوەن کە دواتر باسـیـان لێـوە دەکـەین. پیـادەکـردنی ئەو دوو خـاڵەی سـەرەوە بێ کـەمتـەرخەمی لە خـۆیدا دەبێتـە کەمکردنەوەی ئەو ئاستـەی کە پێوەستـە بەخـودی خـوێندکـارانەوە، ئاشـکرایە گـەر پرۆگـرامـەکـانی خـوێندن بەجۆرێک بن کە نەبنە گرفت و مامۆسـتای کارامە و لێهاتوو بیانڵێنەوە ئەوا خوێندکار بەهیچ جۆرێک پێویستی بە وانەی تایبەت نابێت.

ئەو سێ خـاڵەی سەرەوە دادەنرێن بـە هۆکار و پاڵنەری خـودی (الذاتي) بۆ تەشـەنەسـەندنی دیاردەیەکی نا پەروەردەییـانەی باس کـرا. ئێسـتـاش هەوڵ

دەدەین ئەم دیاردەیە لەلایەنی بابەتییەوە (الموضوعي) شی بکەینەوە: کە ئەم لایەنە پەروەردە وەک خودی پرۆسەکە و هەم وەزارەت و کاربەدەستانی پەروەردەیی هیچ دەستێکیان لەم هۆکارانەدا نییە، هۆکارەکانیش هەمەلایەنە و فرە ڕەهەندن وەک:

ا/ هۆکاری ئابووری (ئاستی گوزەرانی بەخێوکەری خوێندکار)

ب/هۆکاری کۆمەڵایەتی (داوونەریتی باوی کۆمەڵگەی کوردی)

ج/ سەرەڕای لایەنی دەروونی کە دووانەکەی پێشەوە دروستی دەکەن.

سەبارەت بە هۆکاری یەکەم پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس (ساڵی ٢٠٠٤) ئابووری کوردستان و ئاستی گوزەرانی تاکی کوردی تاڕادەیەکی زۆر (بەراورد بە ساڵانی نەوەتەکان) گەشەسەندنی بەخۆوە بینی، بەپێی یاسا و ڕێسای زانستە ئابوورییەکان کاتێک مرۆڤ پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی ژیان و مانەوەی تێر دەبن ئەوا ڕوو دەکاتە بەکاربردنی چەندین ڕێگە و خەرجیی کە پێشتر لە ئەولەویەتەکانی نەبوون. ئارامی و بەرقەراری ئاسایش و ڕەوینەوەی ترسی تاکی کورد سەرەڕای بووژاندنەوەی ئابوورییەکەی برەویان دایە ئەم پیشەیە واتا وانەی تایبەت.

هۆکاری کۆمەڵایەتی کە وابەستەی داوونەریت و ئاستی وشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لە بەرفراوانبوونی دیاردەکە هەیە، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا وشیاری و بیرکردنەوەی لۆجیکییانە و ڕادەی ڕۆشنبیری تاکەکەس لە پلەیەکی باڵادا بێت ئەوا زۆرێک هەڵسوکەوت و نەریتی نازانستییانە لە پاشەکشەدا دەبن، لە کۆمەڵگەی کوردیدا یەک لەو ئافاتە کوشندانەی ژمارەیەکی بەرفرەوانی تاکی کوردی بەدەستیانەوە باجێکی سەنگین دەدات دیاردەی چاولێکەرییە (التقلید) کە بێ لێکدانەوەی هۆ و بەرەنجام کەسەکان کوێرانە چاو لەیەکتر دەکەن لە زۆرێک کار و چالاکی و دیاردە. ئەمە لە خۆیدا هۆکار و پاڵنەری سایکۆلۆجییانەی لە

پشته کە وردەکارییەکانی ئەم حاڵەتە پسپۆڕانی دەروونزانی دەتوانن ڕاڤەی بکەن، سەبارەت بابەتەکەی ئێمە کە پێوەندی بەم لایەنەوە هەبێت دەڵێین برێکی زۆری پاڵنەر بۆ بەربڵاویی دیاردەی وانەی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ چاولێکەریی جا چ لە ئاستی خودی خوێندکارەوە بێت یاخۆ بەخێوکەر و خێزانەکانیانەوە.

ڕاستییەک هەیە فەرامۆشی نەکەین ئەویش: وانەی تایبەت بەشێوەیەکی گستی و فراوان لە قۆناغی دوانزەیەمی ئامادەیی (زانستی و وێژەیی) بەربڵاوە هەرچەند لە قۆناغەکانی خوارتریشدا بەرەو تەشەنەسەندن دەچێت (بەدڵنیاییەوە کاتێک سیستمی نوێی خوێندن بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە بەتایبەت لە ئامادەییدا (دەیەم و یازدەیەم)یش دەگرێتەوە چونکە ئەو ۳۰ نمرەیەی کە بڕیارە لە سێ قۆناغەکەدا هەژمار بکرێت ئەم دوو قۆناغەش دەبنە وزاری (۳۰ نمرەی ئەو سێ قۆناغە و ۷۰ نمرەی وزاری دەبنە تێکڕای نمرەی قبووڵکردن لە زانکۆ و پەیمانگەکان).

گەر بەدیدێکی زانستییانە دیاردەیەکی لەم جۆرە (وانەی تایبەت) هەڵسەنگێنین بێگومان دەگەینە چەند دەرەنجامێک زۆرینەیان پێچەوانەی ئاراستە خوازراوەکەی پرۆسەی پەروەردەیین:

١- گرینگترین بەرەنجامی نێگەتیڤانە لەسەر ئاستی پرۆسەی پەروەردەیی برێتییە لە دابەزینی بڕ و ڕادەی زانیارییەکانی فێرخوازان و هەژارییان لە ڕووی مەعریفییەوە. چونکە مامۆستایان لە وانەی تایبەت زانیاری و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنێکی زانستییانە نادەنە فێرخوازان بگرە تەنیا جەخت لە سەر شێوازی پرسیارەکانی وزاری و چۆنیەتیی وەڵامدانەوەیان دەکرێتەوە.

٢- هاتنە ئارای چەندین کێشە و گرفت لەناو پۆلەکانی خوێندندا وەک: ئەو خوێندکارەی پشتی بە مامۆستای تایبەت بەستووە

أ- بەشێوەیەکی پێویست گوێ بەوانەی ناو پۆل و مامۆستاکەی نادات.

ب- ئەمەش هۆکارە بۆ ئاژاوە و نائارامی پۆلەکە و زیانگەیاندن بەو فێرخوازانەی مامۆستای تایبەتیان نییە.

ج- لە زۆر حاڵەتدا کێشە و گرفت لە نێوان مامۆستای ناو پۆل و خوێندکار دروست دەکات (ژمارەیەک لە مامۆستایان کە هەست دەکەن خوێندکارێک مامۆستای تایبەتی هەیە بەهانە و بیانوویان پێ دەگرن و بەپێچەوانەشەوە زۆرجار خوێندکار کە مامۆستای تایبەتی هەیە پرسیار و سەرنج و هەندێک مەسەلە دەورووژێنێت مامۆستاش و خوێندکارانی ناو پۆلیش تووشی گرفت دەکەن.

٣- هەبوونی دیاردەیەکی لەو جۆرە لە هەیبەت و ڕێزی پەروەردە و فێرکردن و کاربەدەستانی بوارەکەش کەم دەکاتەوە چونکە مایەی پرسیار دەبێت کە بۆچی وەزارەتێکی وەها گەورە و گران بەو هەموو ئیمکانەتە مادی و مەعنەوییە، پاش خەرجکردنی بەشێکی ئێجگار گەورەی داهاتی ئەم وڵاتە و سەرقاڵبوونی سوپایەکی مرۆیی لە مامۆستا و فەرمانبەر و کادرانی بوارەکەی بۆ تەرخان کراوە نەتوانێت ئەرکی خوازراوی خۆی ببینێت بە وانەی تایبەت خوێندکاران بگەنە مەبەستی خۆیان!

٤- لە ڕووی پەروەردەییەوە زۆربەی ئەو مامۆستایانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە مەسەلەی پەروەردەیی و ڕەوشتی و بەها کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکان ناکەنە ئەرکی خۆیان وەک پەروەردەکار، بگرە تەنیا خەم و سەرقاڵییان تەواوکردنی مەنهەجەکەیە.

٥- کاریگەرییەکی دژ و پێچەوانەی ئامانجە پەروەردەییەکان لە ئەنجامی وانە تایبەتەکانەوە دروست دەبن ئەویش: سەرەکیترین بنەمای پەروەردەیی چاندنی گیانی هاریکاری و تەبایی و یەکڕیزی فێرخوازانە سەرەڕای ڕەخساندنی کەش و ژینگەیەکی پڕ لە یەکسانی و

خۆشەویستی و ڕێزی ئاڵوگۆڕکراوی ناو فێرخوازەکان، بەڵام وانەی تایبەت ئەم بەها و ڕەوشتانە گەر تەواویش لەناویان نەبات ئەوا بەرەو لاوازی و دابەزینیان دەبات، چونکە هەستی خۆ بەکەمزانی و بڕوا بەخۆنەبوون سەرەڕای کینە و ڕقی ئەوانەی کە لە توانایاندا نییە مامۆستای تایبەتیان هەبێت لە بەرامبەر ئەوانەی وانەی تایبەت دەخوێنن، بەپێچەوانەشەوە هەستێکی خۆ بەزلزان و بەتوانا (ناڕاست) لای زۆرێک لەو خوێندکارانەی مامۆستای تایبەتییان هەیە.

٦- زۆر لە خۆکردن و پاڵەپەستۆیەکی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە کە خێزان و بەخێوکەری فێرخوازان ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەتایبەت لەڕووی ئابوورییەوە دەبێتە ئەرکێکی گران لەسەر شانی خێزانەکە و کاریگەری سلبیشی لە ئەندامەکانی تری ئەو خێزانە چونکە گەر ئەو بڕە پارەیەی دەیدەنە مامۆستای تایبەت بەکاربهاتایە لە پێداویستییەکانی تری خێزانەکە ڕەنگە هەندێک لە گرفتی داراییان کەمتر بوایە.

٧- دوورکەوتنەوە و دابەشبوونی مامۆستایان بەسەر دوو تاقمدا (مامۆستایانی تایبەت و مامۆستایانی گشتی!!) کە بەئاشکرا برێکی بەرچاو لە ساردی و دابڕانی پێوەندی هاوڕێیەتی و هاوکاری و ڕێزی نێوان مامۆستاکان بەهۆی وانە تایبەتەکانەوە هاتوونەتە ئارا. ئەمە لە خۆیدا کاریگەری نێگەتیڤ و نەخوازراوی لەسەر هەیبەت و ڕێزی پیشەی مامۆستایی دەبێت.

٨- سەرهەڵدانی چەندین کێشە و گرفتی ناڕەوشتییانە کە دوورن لە ئەرک و پیرۆزی و پێگەی مەزنی پیشەی مامۆستایەتی، دەبنە پەڵەیەکی ڕەش بەسەر وەزارەت و لێپرسراوانی بواری پەروەردەیی و خودی مامۆستایان، وەک دزەکردن و ئاشکراکردن.

٩- پرسیارە وەزارییەکان کە ساڵانە لەبارەی بابەتێک یا چەند بابەتێکەوە لە

کاتی تاقیکردنەوە گشتییەکاندا باسیان لێ دەکرێت.

١٠- زۆرجار پێش تاقیکردنەوە گشتییەکان کەشێکی ڕاڕا و دوودڵی و نا ئارامی بۆ خوێندکارانی قۆناغی دوازدەیەم دێتە ئارا بەهۆی هەندێک پێشبینیکردنی مامۆستا تایبەتەکان سەبارەت بە بەشێک یاخۆ چەند زانیارییەکی دیاریکراو لە بابەتێکی تاقیکردنەوەکان، بۆ نموونە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بەخوێندکارە تایبەتەکانی دەڵێت چاپتەرێک یاخۆ پەرەگرافێکی دیاریکراو لەم ساڵەدا دێتەوە، یا مامۆستایەکی زمانی عەرەبی ژیانی شاعیرێک یا پارچە شیعرێکی دیاریکراو دەخاتە مێشکی خوێندکارەکانەوە و زۆر ساڵیش ئەزموونمان هەبووە کە ئەم زانیاری و پێشبینییانە هەڵە دەرچوون و ژمارەیەکی فراوانی خوێندکار باجەکەیان داوە!

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبێکی پەروەردەییانە

### **کتێبی** (المناهج التربوية الحديثة)

شاکارێکی بواری پەروەردەییە و لە نووسینی هەردوو دوکتۆر (توفيق أحمد مرعي و محمد محمود الحيله)یە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای (دار المسيرة للنشر و التوزيع) – عمان – بەهۆی دانسقەیی و بە پێزیی ناوەڕۆکەکەی بۆ پەروەردەناسان و کادرانی بواری فێرکاری دووجار لەسەر یەک لە ساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ دا چاپ کراوەتەوە.

بەرهەمێکی تیۆری و فیکری بواری پەروەردە و فێرکردنە بابەتێکی ئێجگار هەستیار و پڕ بایەخی کایەی فێرکارییە، چونکە تەوەری سەرەکی بەرهەمەکە لەبارەی (المناهج التربوية)وەیە کە بنەڕەتترین پێکهاتەی پەروەردە و فێرکردنە. لای هیچ کەس شاراوە نییە (المناهج – پرۆگرامەکانی خوێندن) دادەنرێت بەهەوێنی پرۆسەکە و لایەنێکی سەرەکیی بنیاتی پەروەردەییە، وە پەروەردەش کایەیەکی بەمەبەست و ئامانجدارە هەر لە ڕێی ئەمەوە کاربەدەستانی باڵای وڵاتان و داڕێژەرانی سیاسەتی پەروەردەیی ئامانج و پلانی نزیک و دوورمەودایان دەخەنە کار و لە ئێستا و داهاتوودا دەخوازن بەشێکی زۆری بەروبوومی نەخشەکانیان لەم کایەیەدا بچننەوە. تا چەند پرۆگرامەکانی خوێندن زانستی و لۆجیکی و مرۆڤدۆستانە و پێشکەوتووخواز بن ئەوا ڕەنگدانەوەیان لەسەر پێکهاتە و بنیاتی تاکەکان و کۆمەڵگەش دەبێت.

ناوەڕۆکی بەرهەمەکە پسپۆڕانەیە و کەسانی شارەزا و کادران و پەروەردەناسانی بوارەکە هەست بە گرینگی و ڕۆڵی زانستیبوونی دەکەن.

بەهۆی فـراوانی و وردەکـاریی لێکۆڵینەوەکـە نە دەکرا تـەنیـا بـە نووسـینێک سەرجەم دید و بۆچوونەکان خـوێندنەوەی بۆ بکرێت بۆیە ئەم باسـەمان بەدوو بەشی جیاواز بڵاو کردەوە.

وەک ئامـاژەمـان پێدا تـەوەری سـەرەکی کـتـێـبـەکـە (المناهج)ە و هـەردوو نووسـەر بەشـێـوازێکی ئەکادیمییـانە ئەم چەمکەیان ڕاڤـە کردووە و ڕەهـەندە زمـانەوانی و مـێـژوویی و کولتـوورییـەکـانی ئـەم دەسـتـەواژەیان خسـتـووەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. سـەرەتا ڕیشـەی زمـانەوانی وشـەکـە بەم جـۆرە لێک دەدەنەوە: لـە بنەچە لاتینیـیـەکـەیدا (curriculum مـانای ئەو هـێـڵانـەی بۆ پێـشـبـڕکـێی ئەسپ دیاری کـراوە دەگـەیـەنێت، وە وشـەی [syllabus] کـە بەعەرەبی (المنهـاج – المقـرر)ی بەرامـبـەرە (ئەو زانیـارییـانە دەگرێتـەوە کـە فـێـرخـواز لـە مـاوەی سـاڵێکی خـوێندنـدا وەریان دەگـرێت. لە کـولتـووری ئیسـلامیـشـدا وەک لە قـورئاندا هـاتووە (المائدة ٤٨: " لكل جعلنا منكم شرعة ومنهاجا ": (بۆ هـەمـووان یاسا و ڕێگەی دیاریکراومـان داڕشتـووە) هـەروەها لە (ابن عـباس) دەگێڕنەوە: " لم يمت الرسـول (ص) حـتى تركـكم على طريق ناهجة " واتا پێغەمبەر کۆچی دوایی نەکرد و جێی نەهێشتن تا ڕێگەیەکی دیاریکراوی بۆ دەسـتنیشـان کـردن. کەواتە تـاڕادەیەکی روون ئەم وشـەیە لە کولتووری ئیسلامدا ئاماژەی پێ دراوە.

بەمانا سـەردەمـییەکەی (منهج): سـەراپای ئەو زانیاری و ڕاستی و چەمک و بیرۆکانەن کە فێرخـواز لە شێوەی بابەتی خوێندن وەریان دەگرێت. منـهج بە بڕیار لە سـەردراوەکانی خوێندنیش ناودەبرێت (المقررات المدرسية).

پاش ئـەم شــیکردنـەوەیە بـۆ چەمـکی المنـهج، نووســەرەکـان دێنە ســەر ڕاڤـەکردنی بـابەتەکـانی خـوێندن لە کۆندا (المنهـاج التقليدي – کلاسیکی) هـەڵوێسـتی بیرمـەند و پەروەردەکارانـی کۆن سـەبارەت بەم مەسـەلەیە بە سـێ خاڵ سـەرنج و ڕەخنەکانیان ئاراستەی شێوازە کۆنەکان دەکەن:

١- تەركیـز دەكـرایە سـەر لایەنی ئەقـڵـی واتا بوارەكـانی گـەشـە و نەشـویمای فـێرخـوازی فـەرامـۆش دەكـرد لە ڕووەكـانی جـەسـتـەیی و دەروونی و كـۆمـەڵایەتییـەوە، ئەمـەش لە خـۆیدا دژە بە پرەنسـیـپەكـانی كـەسـایەتیی فـێرخـواز كـە دوا مـەبـەست و ئامـانج پرۆسـەكەیە چونكە پەروەردەی سەردەمییانە گرینگیی تەواو دەداتە پەرەسەندن و كامڵبوونی كەسایەتیی خوێندكار.

٢- جـەخـتكردنەوە لەسـەر سـوودی خـودیی زانیـارییـەكـان (المنفعة الذاتية للمعارف) وە ناچاركردنی فێرخواز بە لەبەركردن و وەرگرتنیان هەرچەند سـەخت و دژواریش بن، ئەمـەش لە ئێـستادا بەمـانای پشتگوێ خـستنی توانا سروشتییەكانی فێرخواز دێت.

٣- هەڵبـژاردنی بابـەتەكان لـەلایەن چەند پسـپـۆڕێكەوە بووە كـە ئەمـانیش بەپێی حەز و ئارەزوی خۆیان بڕیاریان لەسەر داوە بێ هیچ گوێدانێک بە توانـا و حـەز، ڕا و بۆچوونی فـێـرخـوازان و تـەنانەت فـێـركـاران و مامۆستایانیش.

دواتر باس لە مـەترسـیدارترین گرفـتی پەروەردەیی دەكـەن كـە وابەسـتـەی مەنهەجەكانە لەو خـاڵەوەی هەڵوێستی پڕۆگرامەكانی خوێندنی تەقلیدی سـەبـارەت بە بەرەنجـامی دروسـتبـوونی چەند دیاردەیەكی نـەخـوازراو و دزێو كە پرۆسەی پەروەردەیی كورت دەكاتەوە لەم خـاڵە نێگەتیڤانەی كە ڕەوت و ئامانجە ستراتیجییەكان بەلاڕێدا دەبەن:

١- دەرچوون بۆ قـۆناغـێكی باڵاتر و بەدەسـتـهـێنانی نمرەی بەرز دەكـاتە گرینگترین ئەركی مـەنهـەجـەكان، بەمـەش ئەو هـەسـتـە لە (لاشعور) نا ئاگایی فێرخواز دروست دەكات كە ئەو

٢- ڕۆڵەی پێی سـپـێـردراوە تەنیـا لەبـەركـردن و وتنەوەی ئـەم بابەتانـەیە، كەواتە گیانی بەدواچوون و لێكۆڵینەوە و تێفكرین و پرسـیاركردن كەنار دەخات.

٣- فێرکاران و مامۆستایان بەناچاری پەنا دەبەنە بەر کورتکردنەوە و ئاسانکاری نەشیاو و نازانستییانە (دیاردەی مەلزەمە) بەرەنجام ئەمانەش وزە و توانای داهێنەرانەی فێرخواز دادەمرکێنەوە و لە ڕێگەی ئەمانەوە دەگەنە بەرەنجامەکان وەهیچ تواناسازییەکی کەسایەتیی لە ئارادا نابێت.

٤- کوشندەترین کاری مەنهەجی تەقلیدی پشتگوێ خستنی حەز و ئارەزووەکانی فێرخوازە، سەرەڕای لە بەرچاو نەگرتنی جیاوازی ئاستەکان، هەروەها فێرخواز ناگاتە ئاستی بەشداربوون لە پرۆسەکەدا چونکە تەنیا ڕۆڵێکی سلبی دەبێت ئەویش وەرگرتنە نەک بەشداربوون.

٥- ئەمانەی باس کران کاریگەریی ڕەنگدانەوەیان لەسەر مامۆستایانیش جێ دەهێڵن، چونکە ئەو بروایەیان لا دروست دەبێت کە کاری ئەمان تەنها گەیاندنی ئەو زانیارییانەی نێو پرۆگرامەکانی خوێندنە! سەرجەم ئەم خاڵە لاوازانە بەشداری دەکەن لە:

ا/ میکانیزمەبوونی (بەئامێربوونی) وانەکان واتا فێرخواز تەڵقین دەکات.

ب/ بابەتەکانی خوێندن لێک دادەبڕێن و ئەو پەیوەستییە ناوەکییەی (الترابط) کە دەبێت لە نێوانی مادە جیاوازەکان هەبێت لەناودەچن.

ج/ زۆربوونی ڕێژەی ئەمر و نەهییەکان (الأوامر والنواهي) کە لایەنێکی دزێوی نەشیاو لەناو پۆلەکانی خوێندن پەرە پێ دەدات (دەنگەدەنگ و جووڵە و دوورکەوتنەوە لە بابەت....) سەرەڕای دروستبوونی رق و کینە بەرامبەر بابەت و مامۆستا و قوتابخانە و هەموو شتێک وابەستەی خوێندن بێت.

د/ لە دەستدانی هاندان و تەشویقکردنی فێرخواز.

بەشێکی تری ئەم بەرهەمە پێکهاتەکانی مەنهەج (عناصر المنهج) لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە (ئامانج / ألأهداف - ناوەڕۆک / المحتوى -

چالاکـیـیـەکـان / الأنشطة – ڕاسـتکردنـەوە و هەڵسـەنگاندن / الـتـقـویم والتقییم).

بەچڕی پێناســـەیەکی ئامـــانج (الأهداف) کـــراوە کـــە لە بیـــرمـــەند و پەروەردەناس (تایلـر) وەرگیـراوە: "ئامـانج بە دەرخـەری نیـاز دادەنێت (بیان نیّة): بەرەنجامێکە کە وا چاوەڕوان دەکرێت لای فێرخـواز ڕوودات ئەویش لەژێر تیـشکی بە ئەنجـام گـەیاندن و پراکـتـیـزەکـردن لە ڕێی تـوانا و لێهاتووییەکان" بەرەنجامەکان لەم فلتەرانەوە گوزەر دەکەن:

١- زانینی درک پێکراو (المعرفي الأدراكي) چەمک و پرۆسـە عەقـڵـیـیـەکان دەگرێتەوە وەک: لەبەرکردن (الحفظ)، تێگەیشتن (الفهم)، پراکتیـزەکردن (التطبیق)، شـیکردنەوە (التـحلیل)، پێکەوە گرێدان (التـرکیب)، بڕیار لەسەردان (اصدار الأحکام).

٢- ورووژانی ناخـیـی ویژدانی (الانفـعـالي الوجـداني): ئەمـیش بـەهاکـان و ئاراستەکان دەگرێتەوە.

٣- شـارەزاییـیـە دەروونیـیـە بزاوتەکـان (النفس حـرکي) تێکەڵەیەکـە لە ئـاوێتـــەبوونی لایـەنـی دەروونی و جـــووڵەییـــیـــەکـــان مـــەبـەست لـە شـارەزاییـەکـانە کە لە وشـیـارییـەوە سـەرچاوە دەگرن هەروەها خـوو و نەریتەکانە کە لە نا وشیارییەوە (نا ئاگایی) سەرچاوە دەگرن.

سـەبارەت بە ناوەڕۆک (المحتوی) دەڵێن: ئەو بەشـە هـەڵبـژاردەیە لە زانین بۆ کۆمەککردن لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان دانراوە.

زانین دادەنرێت بە گـشت (کل) و ناوەڕۆک و زانیـاریش بـە بەش (جـزء) چالاکـییـەکان (الأنشطة) کـۆی ئەو کـار و هـەڵسـوکـەوتنـانە دەگرێتـەوە کـە هـەریەک لـە فێـرکـار و فێـرخـواز پێی هەڵدەسـتن بە مـەبـەسـتی بـەدیهـێنـانی ئامانج (الأهداف) تا دەگاتە پلەی لێزانی تەواو.

ڕاسـتکردنەوە و هـەڵسـەنگاندن (التقـویم والتقـییم) لە چەند پرۆسـەیەکی

زنجیرەیی وەک: نرخاندن (التثمين) و دەستنیشانکردن (التشخيص) کە بە دیاریکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان هەژمار دەکرێن سەرەڕای ڕێنوێنیکردن، هەروەها بەدواداچوون (المتابعة)ش دەگرێتەوە.

بەشی دووەم

## نەخشەکێشان (التصميم)، ڕاستکردنەوە و هەڵسەنگاندن

لە بەشی یەکەمی نووسینەکەدا گرینگی و بایەخی مەنهەج (پرۆگرامەکانی خوێندن) خرایە بەردیدی خوێنەران، بەڵام لە بەشی دووەمدا باس لە چەمکێکی زۆر گرینگ و هەستیار دەکەین کە ئیدامەیە بۆ پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە، لە ڕێی ئەم چەمکەوە (نەخشەسازی و داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن) هەموو ئامانج و سیاسەتی پەیڕەوکراوی (منهج) بابەتەکانی خوێندن ئاراستە دەکرێن و دەگەیەنرێنە شوێنی مەبەست کە کەسی فێرخوازە لەهەر ئاستێکدا بێت.

سەرەتا (التصميم – نەخشەسازی) لەڕووی زمانەوانی و زاراوەیی (لغةً واصطلاحاً) ڕاڤە کراوە لە عەرەبیدا وشەی (صمم) واتە خواستی و نەخشەی بۆ کارێک داڕشت و پاش لێ وردبوونەوە لە هەموو لایەنەکانی ئەو کارەوە هەنگاوی بۆ جێبەجێکردن نا، یاخۆ داڕشتنی پلانێک لە مێشک و خەیاڵی کەسێکدا کە دەخوازێت بگاتە ئامانجێکی دیاریکراو بە چەندین پلە و قۆناغی جۆرەوجۆر ئەمەش ئەو ئاماژەیە لە خۆ دەگرێت کە هەموو بەرەنجام و لێپرسراوێتییەک لە ئەستۆ بگیرێت.

دەستەواژەی نەخشەسازیی وەک زاراوەیەکی پەروەردەییانە بەم واتایە دێت: (پرۆسەیەکی بەپلانە و هەنگاوی پێویست و چەندین وردەکاری لە خۆ دەگرێت بۆ ڕێکخستن و گونجاندنی بابەتەکان سەرەڕای هەوڵی بەرەو پێشبردن و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنیان.

## ئامانجە پەروەردەییەکان (الأهداف التربوية)

لەم بەشەدا هێڵە گشتییەکانی ئامانجە پەروەردەییەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، ئامانجەکانیش لە سیاسەتی پەروەردەییانە و فەلسەفەیەوە سەرچاوە دەگرن، کە دادەنرێن بەو چوارچێوە فیکرییەی رێکخەر و ئاراستەکەر و پاڵنەری پرۆسەکەن وەریشەیان دەچێتەوە سەر فەلسەفەی کۆمەڵگەکە و بەپێی خواستە کۆمەڵایەتی و سیستەمی بەهاکانی ئەو کۆمەڵگەیە دارێژراون. ئاشکرایە سەرچاوە و خاڵی دەسپێکی فەلسەفەی هەر جڤاتێک لە:

ئاین، مێژوو، هیوا و خەونەکانیان، بارودۆخی خواست و بەرەنگارییە ناوەکی و دەرەکییەکان، ئایدۆلۆجیا و بەروبوومی بیرمەند و داهێنەرەکان پێک دێت.

جارێکی تر و بەشێوازێکی فرەوانتر دێنەوە سەر باسی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن (المحتوى للمناهج الدراسية) لەژێر ناونیشانی (پێوەرەکانی ناوەڕۆک) ژمارەیەک پێوەر دەستنیشان دەکەن کە دەبنە بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی پرۆسەی پەروەردەیی، هەر مەنهەجێک ئەم خەسڵەتانەی لەخۆ گرتبێت ئەوا لە سەرجەم رووبەڕووبوونەوەکان سەرکەوتوو دەبێت و پشتی پێ دەبەسترێت بۆ پێکهێنانی نەوەیەک لە توانایدا بێت لێپرسراویەتی گەل و نەتەوەکەی لە ئەستۆ بگرێت:

١- ڕاستی و دروستی ناوەڕۆک - صدق المحتوى.

٢- شیاوی و گونجاندنی بە باری کۆمەڵایەتی و کولتووری.

٣- هاوسەنگی ڕاگرێت لە نێوان (قووڵی، گشتگیری، لایەنی تیۆری و پراکتیکی).

٤- ڕەچاوکردنی فێربوونەکانی پێشینە..

٥- بەهەند وەرگرتنی پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتووی تاک و کۆمەڵگە.

هەر لەم ڕوانگە زانستییانەوە تێزێکی پڕبایەخ سەبارەت بە (دوو پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆک) دادەڕژن:

١- بەردەوامیی دانەبڕانی زانیارییەکان هەر لە سەرەتاییترین قۆناغەوە تا قۆناغی دوازدەیەم، بۆ نموونە گەر ئامانجی بابەتێکی کۆمەڵایەتی چاندنی بەهایەکی دیاریکراوی مرۆڤانە بێت (بۆ نموونە چەمکی ڕێزگرتن) ئەوە لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە دەخوازرێت لە سەرەتاکانی دەسپێکی خوێندنی منداڵەکانەوە ئەم بەهایە بەو شێوازەی کە ئاستی تێگەشتنی منداڵ درکی پێ دەکات لە ناواخنی بابەتەکەدا بە بەردەوامی و درێژە پێدانی هەبێت تا دەگاتە قۆناغە باڵاکان و قووڵبوونەی بۆ بکرێت.

٢- تەواوکاری (التكاملية) واتا بابەتە جۆراوجۆرەکان لە هەردوو ئاستی ستوونی و ئاسۆییدا (مەبەست لە تەواوکاریی ستوونی بوونی پێوەندی زانیارییەکانی نێو بابەتەکانی خوێندن لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بۆ نموونە مێژووی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی تەواوکاری مێژووی قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی بێت.)

وە مەبەست لە تەواوکاریی ئاسۆیی بوونی پێوەندی نێوان بابەتە جۆرەوجۆرەکانی وەک زانستەکانی بیرکاری و فیزیا و کیمیا و جوگرافیا و... هتد (بابەتێک زانیارییەک بە شێوازێک نەدات و بابەتێکی تر دژایەتی ئەو زانیارییە بکاتەوە و پێچەوانەی بێت!).

### بنەماکانی نەخشەسازی بۆ دانانی پرۆگرامەکان

بەشێکی زۆر گرینگ و پێوەندیدار بەو بنەمایانەی پێویستە لە کاتی نەخشەسازی بۆ دانانی پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکاندا پەیڕەوی

لێ بکرێت لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە و بەچەند خاڵێکی چڕکراوە خراوەتە بەر دیدی پەروەردەکاران و کادرانی بواری سیاسەتی پەروەردەیی:

١- ڕەچاوکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی واقیعی پەروەردەییانە (ئابووری، کۆمەلایەتی، بارودۆخی سیاسی، لایەنەکانی کولتووری و ئاینی و داوونەریتەکان).

٢- دەستنیشانکردنی بەرەنجامەکان لە پرۆسەی فێرکاریدا.

٣- ڕەچاوکردنی پلانی گونجاو بۆ هەرپێویستییەکی ئاڵوگۆڕەکانی واقیع. (الخطط البديلة).

٤- شیاندن و ڕێکخستنی نێوان نەخشەسازی و پلانە ئیداری و پێکهاتەکانی تری سیستمی پەروەردەیی.

٥- دیاریکردنی تەوەرە سەرەکییەکانی نەخشەکە و ڕێکخستنی پێکهاتەکانی پرۆگرامی خوێندن.

٦- هاوبەشی پێکردن واتە بەشداربوونی لایەنە پێوەندیدارەکانی تر چونکە کار و ئەزموونی ئەمانە دەبنە پاڵنەر و سەرخەری پرۆسەی پەروەردەیی.

پاش ئاماژەدان بەهێڵە گشتییەکانی داڕشتنی پلان و تەوەرە ستراتیجییەکان لێکۆڵینەوە کە چەندین پرسیاری ئامانجدار و بەمەبەست دەخاتەڕوو کە وەلامدانەوەی ئەم پرسیارگەلە لە خۆیدا خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پرۆگرامی خوێندن ئاشکرا دەکەن بۆ ئەوەی برەو بدرێتە خاڵە بەهێزەکان و هەوڵی لابردن و نەهێشتنی خاڵە لاواز و نێگەتیڤەکان. پرسیارەکان وەک:

١- ئایا ئەو بابەتانەی خوێندن زانیاری ورد و گرینگ و سەردەمییانە لە خۆ دەگرن ؟

٢- ئایا ئەو زانیارییانە سازگارییان هەیە لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئەم سەردەمەدا ؟

٣- ئایا لە تواناداا هەیە ئەو بابەتانە لە ڕووی: جێبەجێکردن، بڕی تێچوون، لایەنە فەلسەفی و ئیستاتیکی و شێوازی خستنەڕوو... هتد پیادە بکرێن و گرفتی بێ چارەسەر و ئەستەم ڕێگرییان نەکات ؟

بەشی سێیەم (کۆتایی)

**چەند بەراوردێک لە نێوان پرۆگرامی خوێندنی کۆن و سەردەمییانە**

١- لە ڕووی سروشتی بابەتەکانی خوێندن. ٢- پلان دارشتن بۆ بابەتەکانی خوێندن ٣- ئەو بابەتانەی کە دەخوێندرێن ٤- شێوازی وانەوتنەوەکان ٥- فێرخوازان ٦- فێرکاران ٧- هەڵسوکەوتی ناو خوێندنگەکان ٨- ژینگەی فێرکاریی.

هەریەک لەم بەراوردکارییانە بەشێوازێکی سەربەخۆ و تایبەت بە خشتە و چەندین خاڵ ئاماژەیان پێ دراوە:

١- لە ڕووی سروشتی بابەتەکانی خوێندنەوە:

| بابەتەکانی خوێندن لە کۆندا | بابەتەکانی خوێندنی سەردەمییانە |
| --- | --- |
| ١- بڕیار لەسەر دراوەکانی خوێندن (المقررات المدرسية) یەکسان و هاوتای پرۆگرامە.<br>٢- چەسپیو و نەگۆڕن هەر هەوڵێکی چاکسازی و گۆڕینیان کارێکی سەخت و دژوارە.<br>٣- چەندایەتی (الکم) بابەت و زانیارییەکانی بەلاوە گرینگە. | ١- بەڵام لە ئێستادا ئەمانە تەنیا بەشێکن لە پرۆگرامەکانی خوێندن.<br>٢- نەرمییان تێدایە و لە توانادایە گۆڕانکارییان بەسەردا بهێنرێت.<br>٣- گوێ بەچەندایەتی نادرێت و چۆنایەتی(الکیف)بەهەند وەردەگرێت. |

| | |
|---|---|
| ٤- جەخت لەسەر لایەنێکی مەعریفی فێرخواز دەکاتەوە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا . | ٤- گرینگی و بایەخ دەداتە شێوازی بیرکردنەوەی فێرخواز. |
| ٥- تەنیا جەخت لەسەر لایەنی گەشەکردنی ئەقڵیی فێرخواز دەکاتەوە. | ٥- جەخت لەسەر هەمەلایەنەی پەرەسەندن و دەکاتەوە. |
| ٥- فێرخوازەکە دەگونجێنێت لە پێناو پرۆگرامەکە. | ٦- بەپێچەوانەوە پرۆگرام بەو جۆرە دادەڕژێت کە لەگەڵ گەشەی فێرخواز فێرخوازدا بگونجێت. |

٢- لە ڕووی نەخشەسازی پلان داڕشتنی بۆ بابەتەکانی خوێندن:

| | |
|---|---|
| ١- تەنیا پسپۆڕانی بابەتەکە ئامادەی دەکەن. | ١- سەرەڕای پسپۆڕانی بابەت چەندین لایەنی تری پێوەندیدار بەشداری لە ئامادەکردنی دەکەن. |
| ٢- پشتبەستن تەنیا بە بابەتەکانی خوێندنە (زانیارییەکان). | ٢- بایەخی تەواو دەدرێتە هەر چوار پێکهاتەکەی (پرۆگرامەکانی خوێندن (ئامانج / ناوەڕۆک / چالاکییەکان / ڕاستکردنەوەو هەڵسەنگاندن. |
| ٣- خودی پرۆگرامەکان (واتە بابەتەکان) دەکاتە تەوەری سەرەکی. | ٣- فێرخواز دەکاتە تەوەری سەرەکی پرۆگرامەکان. |

٣- بابەتەکانی خوێندن:

| | |
|---|---|
| ١- کۆتا ئامانجی شێوازی کۆن خودی بابەتەکان بووە. | ١- بابەتەکان لە ئێستادا بوونەتە هۆکار بۆ پێگەیاندنی کەسایەتیی فێرخواز. |
| ٢- نە دەکرا هیچ جۆرە گۆڕانکاری و چاکسازییەک بەخۆوە ببینێت. | ٢- بەپێی خواست و گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەستکاری دەکرێن. |
| ٣- رێکخستنێکی لۆجیکی بابەتەکە خۆی دەسەپێنێت. | ٣- بەپێی بارودۆخ و زەمینە و زەمانی فێرخواز رێک دەخرێت. |
| ٤- بابەتەکان خەسڵەتی سەربەخۆیی و دابڕاویان پێوە دەردەکەوێت. | ٤- سەراپای بابەتەکان تەواوکاری و گرێدراوی یەکتر دەکەن. |
| ٥- تەنیا سەرچاوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری خودی کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندنە. | ٥- سەرچاوەی زانیاریفرەچەشن دوورکەوتنەوەیە لە پابەندبوونی فێرخواز بە تاک سەرچاوەیی. |

٤- شێوازی وانە وتنەوە:

| | |
|---|---|
| ١- خەسڵەتی تەڵقین ئامێز لەخۆ دەگرێت. | ١- دوورکەوتنەوەیە لەو شێوازە و چەندین رێگەی تر بەکار دەبرێت بۆ گەیاندنی زانیاری. |
| ٢- هیچ بایەخێک بە چالاکییە جۆرەوجۆرەکان نادات کە ئامرازێکی کاریگەرن لە پرۆسەی فێربووندا. | ٢- هەموو چالاکییەکی ئامانجدار بەکاردەبرێت کە بۆ کارایکردنی پرۆسەی فێرکاریی. |
| ٣- تەنیا لەسەر یەک شێواز بەڕێوە دەچێت. | ٣- فرەشێوازی بە هۆکارێکی پڕ بایەخ دادەنرێت. |

| | |
|---|---|
| ٤- هۆکارەکان و ئامرازەکانی فێرکردن و فێرکاری (الوسائل التعليمية والتعلمية) بایەخێکی بەرچاویان پێ نادرێت. | ٤- جۆرەوجۆری و فرە بەکارهێنانی ئەم ئامرازانە بە بایەخەوە لێی دەڕوانرێت. |

٥- کەسایەتیی فێرخواز لە کۆن و لەم سەردەمەدا:

فێرخواز لە شێوازە کۆنەکەدا نێگەتیڤ بووە و هیچ جۆرە بەشدارییەکی کارای نەبووە لە بابەتەکانی خوێندندا، وە دەرچوون و نمرەهێنان ئاستی سەرکەوتوویی و لێهاتوویی دەردەخست. بەڵام لە شێوازی نوێی سەردەمییانە فێرخواز کەسایەتییەکی پۆزەتیڤ و کارای هەیە، بەپێی نزیکبوونەوە و هەنگاونانی بەرەو ئامانجەکان دادوەری بەسەردا دەدرێت.

٦- فێرکار (مامۆستا):

| | |
|---|---|
| ١- پێوەندییەکی دەسەڵاتخوازانەی هەیە لەگەڵ فێرخوازدا. | ١- پێوەندی فێرکار و فێرخواز لەم شێوازەدا گیانێکی پڕ لە متمانە و ڕێز و کراوەیە. |
| ٢- پێوەری مامۆستای سەرکەوتوو لەسەر بنەمای دەرچوون و نمرەهێنانی فێرخوازەکانە. | ٢- بەڵام لە ئێستادا پێوەری مامۆستای سەرکەوتوو بەپێی هاوکاریکردن و تێگەشتنی لە ئاستی بەرەو پێشبردنی فێرخوازە بە ئاراستەی پێگەیاندنیان لە هەموو ڕوویەکەوە. |
| ٣- زۆر گرینگی ناداتە جیاوازی ئاستەکان (الفرق الفردية). | ٣- مامۆستای سەردەم بایەخێکی زۆر دەداتە ئاستە جیاوازەکانی فێرخواز. |

| | |
|---|---|
| ٤- هانی فێرخواز دەدات بۆ دروستکردنی کێبڕکێ و لەبەرکردنی بابەتەکانی خوێندن.<br>٥- ڕۆڵێکی نەگۆڕ و چەسپیوی هەیە.<br>٦- پەنا دەباتە بەر: هەڕەشە، سزا، و کۆمەڵە هۆکارێکی ناپەروەردەییانە کە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی لای ژمارەیەک فێرخواز ترسناک و قێزەون دەکرد. | ٤- لە ئێستادا فێرخواز لەسەر گیانی هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتر هان دەدرێن.<br>٥- رۆڵی مامۆستای سەردەمییانە لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە.<br>٦- جگە لە ئەرکی فێرکاری چەند شێوازێکی پەروەردەییانە پیادە دەکات وەک: خۆشەویستکردنی بابەتەکە، ڕێنوێنی، ئاراستەکردن بەرەو بەدیهێنانی ئامانج. |

٧ - ژیانی ناو خوێندنگەکان و ژینگەی فێرکاریی:

| | |
|---|---|
| ١- چالاکییە فێرکارییەکان ئامادەییەکی بەرچاویان نییە لە پرۆگرامی تەقلیدیدا. | ١- ئامادەسازی تەواوی چالاکیە فێرکارییەکان دەکات بۆ ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو و لەبار بۆ پرۆسەی فێرکاری. |
| ٢- گرێدراوی ژیانی واقیعی کۆمەڵایەتی نییە. | ٢- پابەندە بەو پێوەندییە مرۆڤدۆستانەی کە لەسەر بنەمایەکی واقیعیانەی کۆمەڵایەتی بنیات نراون. |
| ٣- کەشێکی دیموکراسییانە نارەخسێنێت. | ٣- بۆ فێرخوازان کەشێکی دیموکراسییانە دێنێتە ئارا لەناو خوێندنگاکاندا. |

| | |
|---|---|
| ٤- بەشێوەیەکی زانستییانە یارمەتیدەری پێگەشتنێکی تەندروستی کەسایەتیی فێرخواز نییە. | ٤- یارمەتیدەرە بۆ پێگەیاندنێکی سەرتاسەری تەندروستانەی فێرخوازان. |
| ٥- بەوجۆرە مامەڵەی فێرخواز دەکات کە تاکێکی دابڕاو و سەربەخۆیە نەک تاکێکی کارا بێت لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەکەیدا. | ٥- بەجۆرێک دەڕوانێتە فێرخواز کە تاکێکی کارای نێو کۆمەڵگەیە. |
| ٦- بایەخ ناداتە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی فێرخواز و بەسەرچاوەی وەدەستهێنانی زانیاری دانانێت. | ٦- ژینگە کۆمەڵایەتییەکە بە سەرچاوەیەکی پڕبایەخ دادەنێت بۆ وەدەستهێنانی زانیاری. |
| ٧- قوتابخانە بەو ئاراستەیە نابات تا خزمەت بگەیەنێتە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە. | ٧- بە جۆرێک ئاراستەی قوتابخانەکان دەکات لە خزمەت ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بن. |
| ٨- چەندین شووراو بەربەست دەخاتە نێوان قوتابخانە و ژینەگەی دەوروبەر. | ٨- هیچ لەمپەر و ڕێگرییەک لە نێوان فێرگەکان و ژینگەی گشتیدا ناهێڵێت. |

## پەروەردە و میزاجی کەسیی کادرانی پەروەردەیی

لەم نووسینەدا ئاماژە دەدەین بەهەندێک لەو ئافاتانەی ناو ئەم کایەیە کە بەرەنجامیان لە دوور مەودادا نێگەتیڤانە دەبێت و تەنیا بە یەک جومگەی پرۆسەکەوە بەند نابێت بگرە کاریگەرییە خراپەکانی دزە دەکاتە ناو سەراپای جەستەی پێکهاتەکە (واتا پەروەردە). ئەمەش بە لارێبردنی ئەم پرۆسە مەزنە کۆتایی دێت سیستم و ئەقڵیەتی پەروەردەیی دەخاتە ژێر پرسیار و خەوشداریان دەکات. یەکێک لەو دیاردانەی ئەم مەترسییەی لێ دەکەوێتەوە (میزاجی شەخسی) کاربەدەستانی بوارەکەیە.

هەرچەندە ئەمە بەو مانایە نییە کە توانا و بەهرە و لێهاتوویی (ئیجتیهاداتی شەخسی) لە ئاستی کەسێتیدا هیچ بوارێکی نەدرێتێ و تەنیا پشت بە رێنوێنی و یاسا و رێسا فەرمییە بێگیانەکانی پەروەردە ببەسترێت و هەوڵ و ئەزموونی کەسەکان بەهەند وەرنەگیرێت. لەو بڕوایەداین کە پەروەردەش وەک هەر کایە و لایەنێکی تری ژیانی مرۆڤایەتی دەبێت یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی نەرمی نواندن (مرونة) بێت و توانا و بەهرەکان تا ئەوپەڕی سوودیان لێ وەربگیرێت و ببنە تەواوکەری رێسا و نووسراوە رەسمییەکان بەهەموو لایەک ئیدامە بدەنە ئەم کارە پیرۆزە، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین تایبەتمەندێتی هەر بڕیارێک کە لە دەرەوەی نووسراوە رەسمییەکانەوەن (زانستی و لۆجیکی بن) وەسوودێکی پتر دێننە کایە، گەر ئەم سیفاتانە لەخۆ بگرن ئەوا شایانی ستایشکردن و پابەندبوونن.

بەڵام لە کایەی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا هەندێک بڕیاری نازانستی و نا مەنتیقی لەلایەن چەند کەسانێکی بوارەکەوە دەردەچن کە مایەی پرسیارن و خەوشێک دەخەنە رەوتی سروشتیی پرۆسەکە. نموونەش بۆ ئەم راستییە ژمارەیەک لە سەرپەرشتیاران پسپۆڕی بێ بوونی هیچ بەڵگەنامە و نووسراوی فەرمی جۆرە بڕیارێک بە ئیجتیهاداتی شەخسی

خۆیان پیادە دەکەن بەسەر مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنگاکان کە زیان دەگەیەنێتە خوێندکاران و خودی مامۆستایانیش. با شیکردنەوەیەکی خێرا بۆ ئەم حاڵەتە بکەین: یەکێک لە هەوڵە جەریئەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پەروەردەییدا گۆڕین و شیاندنی بابەتەکانی خوێندنە لە ناوچەکە سەرەڕای هەوڵی بە سەردەمیبوونی سیستمی پەروەردە و فێرکردن بەجۆرێک لەگەڵ ئەم سەردەمە تیژپەڕەی بەجیهانیبوون سازگار بێت، ئەویش بەسوود بینین لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا و بەکاربردنی توانا خۆماڵییەکانی کوردستان.

(هەرچەندە ئەم هەوڵە چەند سەرنج و لێکدانەوەیەک لەخۆ دەگرێت کە لە شوێنی تردا باسی لێ دەکەین) بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەوڵێکی بوێرانە و پێویست بوو کە مایەی دەستخۆشی و ستایشکردنە. وتمان ئەم کارە سوودی لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەرگرتووە و سیستمی ئیدارەکردن و گۆڕانەکانیش بەپێی ستانداری جیهانیین وە لە ئێستادا زۆرێک لە بڕیارەکان کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڕاشکاوی ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپایی بەتایبەت ئەسکەندناڤییەکان سوودیان لێ بینراوە، پێشتر ئاماژەمان دایە (میزاجی شەخسی) و وەک ئافاتێکی پەروەردەیی ناومان برد بابزانین پێوەندی بەم باسەوە چییە؟ هەندێک لە سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی، تازە بەتازە لەناو خۆیاندا ڕێکەوتوون کە ڕێگە نەدرێت بە مامۆستایانی ڕەگەزی نێر بچنە خوێندنگای کچانەوە و ببنە میلاکی ئەو خوێندنگانە! پرسیارەکەمان لێرەدایە: مانای چی سیستمی مۆدێرنی ئەوروپایی و بڕیارێکی (سەدەکانی نێوەند) لەو جۆرەی سەرپەرشتیاران؟

بڕیارێکی لەم چەشنە لە خۆیدا دژایەتیکردنی پیادەبوونی سیستمە نوێکەیە و هەیبەتی بڕیارە فەرمییەکان کەم دەکاتەوە، دواجار دەڵێین ئەم کارە لە دوو تەفسیر پتر لەخۆ ناگرێت: یەکەم خاوەنی ئەم جۆرە بڕیارانە خاوەن ئەقڵیەتێکی تەقلیدین و تێکەڵبوونیان پێ باش نییە! دووەم

بەمـەبەسـتـەوە بێت یاخـۆ بێ مـەبەست ناوشـیـارانە دەیانـەوێت هەوڵەکـەی وەزارەت سـەر نەگرێت و دید و بۆچوونەکـانی خـۆیان بەسـەر ئەو هەولانەدا بسەپێنن. لێرەدا دوو پرسیـار ئاراستەی ئەو بەڕێزانەی داکۆکی لەم بۆچوونە دەکـەن دەخـەینـە ڕوو ١- هیچ نووسـراو یاخـۆ بڕیارێکی فـەرمی هەیـە لە وەزارەتەوە بۆچوونێکی لەو جۆرە پشتڕاست کاتەوە؟

٢- ئەی ئەگـەر ئەمـە مـیـزاجی تاکـە کـەسی نەبێت بۆ هـەندێکی تری سـەرپەرشـتـیـاران بڕیارێکی لەو جـۆرە پیـادە ناکـەن؟ دوا وتە بۆچوونـێکی پرۆفیـسـۆر عـەلی ئەحـمـەد کە پەروەردەنـاسـێکی عـەرەبە لـە زانکۆی ئەردەن پلەی مامـۆستـای (پلاندانانی پەروەردەیی) دراوەتێ دەخەینـە ڕوو کە باس لە مـەترسـیی دیاردەی (مـیـزاجی شـەخـسی) کـادرانـی پەروەردەیی دەکـات و هۆشـداریمان دەداتێ خـۆ لەو بـەرەنجامـە ترسناکـەی بپـارێزین: "یەکـێک لە کێـشـە هـەرە ترسناکەکـانی بواری پەروەردەیی کـارکردنی لێپـرسـراوان و ڕابەرانی پەروەردەییە بەپێی میزاجی کەسێتی خۆیان".

## پێداچوونەوەیەک بە پەرتوکی

### " اللغة العربية - للصف الثاني عشر"

چاپی چوارەم / ساڵی ۲۰۰۹ / چاپخانەی ئاکاسیا / هەولێر

سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەک بەندە لەسەر ڕەخساندنی چەندین هۆکار و زەمینەسازییەک کە ئەمانە دەبنە زامنی بەدیهێنانی ئامانجی خوازراوی پرۆسەکە... پەروەردەش دادەنرێت بە پڕ بایەخترین و سەرەکیترین خواستی هەر کۆمەڵگەیەک گەر بیەوێت لە کاروانی مرۆڤایەتی دوانەکەوێت و شان بەشانی پێشکەوتنە خێراکانی ئەم جیهانە گەردوونییە هەنگاو بنێت بەڵگە نەویستە لە هەر کۆمەڵگەیەکی ئەم دنیایە تا چەند پرۆسەی پەروەردەیی شیاو و لەبار بێت وە وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی سەردەم بێت ئەوا نەوەکانی ئێستا و داهاتووی ئەم جڤاتە نەوەیەکی پڕچەک بە زانست و زانیارییەکان وە ئامادەییان دەبێت لە سەرجەم بەرەنگاربوونەوەکانی ژیان. فەیلەسووفێکی مەزنی ئەڵمانی (نیتشە) ڕاستیی ئەم بۆچوونانە بەم جۆرە دەردەبڕێت: "بێدەرەتانی و لانەوازی بۆ ئەو نەتەوەیەی ریشەی پەروەردەی نەوەکانی گەندەڵە" ئاشکرایە لە ئێستا و لە ڕابردووشدا چەندین قوتابخانەی فەلسەفی و سەدان بیرمەند و هەزاران پەروەردەناسی مەزن کۆی بەرهەم و چالاکییەکانیان تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردنی ئەم کایە پڕبایەخەی مرۆڤایەتی.

وەک ئاماژەمان پێ دا ڕەخساندنی زەمینەکانی ئەم پرۆسەیە واتا ئامادەسازییەکی بە پلان و وشیارانەیە بۆ سەرکەوتنی. لێرەدا ناکرێت سەرجەم لایەنەکانی پەروەردە کە فرە ڕەهەند و زۆر کایەی هەستیار لەخۆ

دەگـرێت بخـرێنە ژێر سـەرنج و تێـبـینیـیـەکـان بەڵکو هەوڵ دەدەین لە گـۆشـەنیگایەکی دیاریکراوەوە بەدواچوونێک بۆ بنەڕەتتـرین پێکهـاتەی پرۆسەی پەروەردەیی بکەین (ئەویش کتێبی مـەنهەجەکانە، کە بڕێکی زۆر لە تێچوونی مادی و ماندووبوونێکی زۆر دەخوازێت وە لێپرسراویەتیی مێژوویی لەخـۆ دەگـرن) تـا خـاڵە بەهێـز و لاوازەکـان بخـەینـە ڕوو لە پێنـاو برەودان بەلایەنە باشـەکـان و هـەوڵی خـۆپاراستن و دوورکـەوتنەوە لەلایەنە لاواز و نێگەتیـڤـەکـان. لەم ڕوانگەیەوە و بەو دید و بۆ چوونەی کـە لـە وتەزای "هـەرکـەس بـەردەرگـەی خـۆی پاک بکاتـەوە ئـەوا شـارێکی خـاوێن و تەندروستمان دەبێت" هەوڵ دەدەم چەند خاڵێک ڕوون بکەمەوە کە تایبەتە بە کتێبی (اللغة العربية – للصف الثاني عشر (العلمي / الأدبي) الطبعة الرابعة ٢٠٠٩م مطبـعـة آکـاسـيـا أربيل) بەو هـیـوایەی لـە چاپەکـانی داهاتوو ئەو کەموکوڕییانە دووبارە نەبنەوە.

ئەوەی جێی پرسیارە و هەڵوێستە لەسەر کردنە: چۆن ئەو ژمارە زۆرە لە هەڵەی زەق و بەرجەستە بەسەر ئەو لێژنانەی بەشدارن لە هێنانە کایەی ئەم کتێبە تێپەڕیوە! (پتر لە چوار لێژنە بە دانان و سەرپەرشتیکردنی (زانستی – هەڵەچنی – هونەری.) کـە ژمارەیان لە (١٢) پسـپـۆڕ کـەمـتـر نییـە وەک ناویان لـە کـتـێبـەکـەدا هـاتووە! سـەرنجـەکـان بە چەند خـاڵێک ئامـاژە پێ دەدەین:

١- بەرگی ئەم کـتـێبـە چ لە ڕووی هـەڵەی زانسـتـیـیـەوە بێت یاخـۆ لەلایەنی هونەری و نەخـشـەکـێشـانەوە مـایەی سـەرنجـە چونکە وەک لە زانسـتـی ڕێزمانی عەرەبیدا هاتووە شیاو نییە ژمارە (الثاني عشر) بەشـی

٢- دووەمەکەی (عشر) سکونی بۆ دانرێت هەروەک چۆن لە یەکەمین تایتڵـی دیوی نـاوەوەی بەرگـەکـە هاتووە! سـەبـارەت بە بـەرگی دەرەوە وێنەی گـوڵێک و پەپوولەیەک نـەخـشـێنراوە کـە ئەمـە نـە لەگەڵ ئاسـتـی تەمـەنی

خـوێندكـارانی قـۆناغـەكـە و نە هیچ نـزیكیـیـەكی بە بابەتەكـەوە هەیە! ئاشكرایە كـە بەرگی كـتـێب یەكـەمـین و سـەرەتاییـترین (انطبا ع) لای خوێنەر دروست دەكات.

سـەرەڕای دانانی وشـەی (ا لاعدادي) لە پاڵ (الصف الثاني عشر) كە ئەو پرسیارە دروست دەكات كە ئایا قۆناغی یازدەم و دەیەم و نۆیەم و هەشتەم و... هتد) ئامادەیی هەیە؟ بۆیە شیاوتر دەبوو كە بنووسرایە (الثاني عشر العلمي – الأدبي) وەک لە بابەتەكانی تری هەمان قۆناغدا هاتووە (كیمیا، فیزیا،...) (ئاشكرایە ئەم سیستمە تازەیە تا پۆلی نۆیەم بە (بنەڕەتی) ناو دەبات و تەنیا پۆلەكانی دەیەم یازدەم دوازدەم (ئامادەیی)یان بۆ بەكار دەبرێت.

٢- دانانی (ناوەڕۆک – الفـهـرست) جگە لە بەرچاو ڕوونی و ڕێنوێنیكردن پێداویستییەكی زانستی و هونەری و جوانكارییانەیە، بۆیە دەبێت زۆر بە وردی و دڵنیاییـیـەوە دەرخـەری ناوەوەی كـتـێب بێت، بەڵام لە (فهرست)ی ئەم كتێبەدا ناونیشانگەلێكی زۆر گرینگ و بنەڕەتی كە پێكهاتەی سەرەكی كتێبەكەن فەرامۆش كراون و ئاماژەیان پێ نەدراوە بۆ نموونە (تمرینات المواضیع الواردة، أسماء المدارس الشعریة، الشعر الغنائي، الشعر التعلیمي، الشعر المسرحي، الشعر الملحمي) تۆمارنەكردنی ئەوانەی ئاماژەیان پێ درا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت كە هیچ بەراوردێک و دڵنیاكردنەوەیەک نەكراوە لە نێوان ناونیشانەكانی (فهرست و پەڕەكانی ناوەوە)!

٣- تەنیا لە نموونەی ئایەتە قورئانییەكاندا (الآیات القرآنیة) كە ژمارەیان (١٢٧) بیست و حەوت (٢٧) هەڵەی بەرجەستە كراوە، ئەمەش مایەی پرسیارە كـە بۆچی هەڵەی سـاكـار و بێـمـانای لەو جـۆرە بكەوێتـە ئایەتەكان، دیسانەوە ڕوون دەبێتەوە كە هیچ كام لە لێژنەكان ئەركێكی

سادەیان نەکێشاوە بەراوردێکی ئایەتەکانی نێو کتێبەکە و قورئان بکەن (ئاشکرایە قورئان سەرچاوەیەکی بەردەستە و لەو بڕوایەدا نین ماڵێک هەبێت و قورئانی تێدا دەست نەکەوێت!)

لەو هەڵانەش: دانانی سەروبۆری هەڵەی سەر پیتەکان (حركات خاطئة): (ضمة) لە بری (فتحة) یا (تنوین كسر) لە جێی (كسرە) یاخۆ دانانی (شدّة) لە بری (سكون)، یا لەبیرکردنی پیتێکی وشەکە، گۆڕینی (و) بە (ف) لە سەرەتای ئایەتەکاندا وە بە پێچەوانەوە، یاخۆ دانانی وشەیەک بە وشەیەکی تر لە بری (مبين) أمين) نووسراوە – لاپەڕە (٥٩) – دانانی ژمارەی هەڵە بۆ ئایەتەکان.... بەڵگەش لاپەڕەکانی (٧، ١٧، ٣٢، ٣٤، ٣٦، ٤٢، ٥٩).

٤- دێرە شیعرەکان ژمارەیان (١٣٢) لەم ژمارەیە پتر لە (١٠٠) دێر ئاماژە نەدراوە بە ناوی شاعیرەکەی یاخۆ بە چ بۆنەیەکەوە وتراوە (مناسبة) ئەمە لە خۆیدا ونکردنی سیفەتی ئەکادیمی بوونی کتێبەکەیە چونکە گەر (با نەڵێین خوێندکار) بگرە مامۆستا بخوازێت زانیاری زیاتر بداتە قوتابییەکانی لە چ ڕێگەیەکەوە بگاتە ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەو شاعیرەن؟

٥- هەر لەم دێرە شیعرانەدا چەند هەڵە و کەموکوڕیەک هەیە وەک: فەرامۆشکردنی وشە (ل٣٠) دەستەواژەی (من الدهر) بۆ – المثال الشعري – نموونە شیعرییەکە نەنووسراوە. یاخۆ بوونی هەڵەی: (ڕەنووس، هونەرییانە، جوانکاری و سەرنجڕاکێشانی قوتابی بۆ زانیارییەکی دیاریکراو).

لە هەندێ جێگەدا نموونەی ڕستەی سادە حسابی دێرە شیعری بۆ کراوە (ل ٢٦). تێکەڵبوونی هێڵەکان بە وشەکان، هەڵەی زەقی خاڵبەندی (التنقيط) بەڵگەش لاپەڕەکانی (٣٠، ٤٦، ٥٣، ٥٤، ٦٧، ٧٨، ٧٩، ٨٦، ٨٧، ٨٨)

٦- پەنابردنە بەر بەکارهێنانی ئایەتی گران و کێشەداری ڕێزمانییانەی

وەک (قوا  أنفسكم...) بۆ نموونەی: (فعل أمر + واو الجماعة) لە کاتێکدا قورئان پتر لە (٩٠) جار ئەم ڕاناوەی تێدایە بە ڕوون و ئاشکرایی! یا بوونی دەستەواژەی ئاڵۆز بۆ ڕاڤەکردنی زانیارییە ڕێزمانییەکان وەک لاپەڕەکانی (٩، ١٤، ١٨)

٧- فۆنتی نووسینی کتێبەکە (قەبارەکەی) وردە و زۆرێک لە خوێندکاران و مامۆستایانیش تووشی گرفت دەکات، ڕەشکردنەوەکان (التسويد) کە ئامانجێکی فێرکارییانە لەخۆ دەگرن، زانستییانە نین و پێوەست نین بە ناوەڕۆکی بابەتەکە (ل ٢٧).

ئەم سەرنج و تێبینییانە زۆربەیان تایبەتن بە بەشی (القواعد) کە تەنیا تا لاپەڕە ٨٩ی کتێبەکەیە! لێرەدا دەپرسین گەر کتێبێک تەنیا بەشێکی ئەو ژمارە زۆرە لە تێبینی و هەڵە لەخۆ بگرێت بە چ پاساوێک ئەو بودجە مەزنەی بۆ خەرج کراوە و چۆن بەو کەموکوڕیانە دەخرێتە بەردەستی مامۆستایان و قوتابیان؟! گەر جمع و تەرحێکی سادەی بیرکارییانە بۆ بڕی تێچوونی ئەم کتێبە بکرێت ئەوا لە هەزاران دۆلار تێپەڕ دەکات چونکە تیراژەکەی (٤٦٠٠٠) دانەیە! (گەر کتێبی دوو یا سێ بابەت بەو جۆرە بەهەدەر بچێت ئەوا دەکرا بە بڕی تێچوونەکانیان هەر هیچ نەبێت خوێندنگەیەکی دەرەوەی شارەکانی پێ بنیات بنرایە). مایەی پرسیارە بۆچ ئەم هەموو سەرنجانە بەسەر دەزگایەکی زەبەلاحی وەک پەروەردەدا تێپەڕ دەکات کە سووپایەک لە شارەزا و پسپۆڕی هەیە سەرەڕای تەرخانکردنی بڕێکی زۆر باشی بودجەی حکوومەتی هەرێم لە هەردوو کابینەی (پێنج و شەش)دا؟! دەبا بە تەنگ ماڵ و سامانی ئەم وڵاتەوە بین، دڵسۆز بین لەو ئەرک و لێپرسراوێتیەی دەخرێتە ئەستۆمان، لە ئاستی ئەو کارانەدا بین کە پێمان دەسپێردرێت، چونکە دانان و سەرپەرشتیکردنی بابەتەکانی خوێندن لێپرسراوییەکی مێژووییانەیە و نەوەیەک یا چەند نەوە ئەو بابەتانە دەکەنە مەرجەعێکی سەرەتایی خۆیان.

تێبینی: لە ساڵی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ سەبارەت بە کتێبی (قۆناغی یازدەمی زانستی – وێژەیی زمانی عەرەبی) (کە ئەمیش لە کتێبەکەی قۆناغی دوازدەم کارەساتبارترە) لە ڕێی سەرپەرشتیاری پسپۆڕییەوە سەرنجەکانمان پێشکێش کرد بەو هیوایەی کاریان بۆ بکرێت بەڵام بێ بەرەنجام بوو! هەموو جارەکان لە سەروو خۆمانەوە دەوترێت سەرنج، تێبینی... هتد بکەن بە نووسین و ئێمە کاری بۆ دەکەین بەڵام و بەڵام و بەڵام!

بەڕێزان... وەک بەتەنگەوەهاتن و حسابکردن بۆ لێپرسراویەتی سەرووتری خۆمان ئەم سەرنج و تێبینییانە بەشێوازێکی فەرمی و ئوسوڵی پێشکێش دەکەین تا چارەسەری گونجاو و شیاویان بۆ بکرێت دەنا ئاشکرایە کە ژمارەیەکی زۆر کۆوار و ڕۆژنامەکان لە دوای نووسینێکی بەم جۆرەن گەر بەدواچوونیان بۆ نەکرێت ئەوا ئێمەش پەنا بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبەین.

ئەم سەرنج و تێبینییانە وەک نووسەری بابەتەکە خۆم بە لێپرسراو دەزانم و ئامادەم لە هەر شوێن و کاتێکدا بێت داکۆکییان لێ بکەم.

تێبینی: پاش سێ ساڵ بۆ جاری سێیەم هەمان کتێب چاپ کرایەوە و هیچ کام لەو تێبینی و سەرنجانەی خرانە ڕوو لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک چەند بارە بوونەوە، هەرچەندە نووسەری بابەت چ وەک شێوازێکی فەرمییانە ئەم نووسراوەی پێشکێش بە: ١– سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی ٢– بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ٣– بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان (هەولێر) ٤– دەزگای ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەی هاووڵاتی) کردبوو.

## دەسپێکیساڵی خوێندن و کێشە بە زۆر دروستکراوەکان

"ئەقڵانییەت واتا دیالۆگی نێوان ئەزموونەکان و ئەقڵ"

یەکێک لە پرسیارە وجوودییەکانی نەتەوەییمان ئەوەیە: نازانین بۆ قەدەری ئەم نەتەوەیە سوود نەبینینە لە هەڵە و شکستەکانی؟ بۆچی ڕاگوزەرانە تێدەپەڕن و مێژوویەکی پڕ نەهامەتی نەبووەتە وانەیەکی بەسوود و هیچ سەدایەکی لە ئێستاماندا نییە؟ دووبارە و سەد بارە و هەردەم حەسرەت و کەسەر لە ڕەنجی بەهەدەرچووی ڕابردوومان دەکێشین؟ گوناهی نەوە نوێکان چییە کە باجی کار و دید و بۆچوونەکانی پێش خۆیان دەدەن؟ هەمان هەڵەی سیاسی ئاینی ئابووری کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری! ئەمانە و چەندان پرسیارگەلی تر ڕەشبینی نییە بگرە هەوڵێکی جیدییانەن بۆ خوێندنەوەی کەموکوڕی و ناشەفافیەتی ڕەهەندە فرەلایەنەکانی پەروەردەن کە لە ئێستادا لە کایەی پەروەردەییدا پیادە دەکرێن و بڕێکی یەکجار زۆری تواناو وزەی ئەم مەملەکەتەی تێدا مەسرەف دەکرێت!

بەڵگە نەویستە کێشە و گرفتەکانی پەروەردەیی بەشێکیان هەنووکەیی و کاتین بەشێکی تریشیان بەردەوام و درێژخایەنن، بەڵام نابێت ئەو ڕاستیە فەرامۆش بکەین هەردوو جۆرەکەیان کاریگەری و شوێنەوارییان بەسەر پرۆسەکەدا حەتمیە و نکۆلیان لێ ناکرێت... لێرەدا دەمانەوێت دەستخەینە سەر خاڵێکی لاوازیی کە ساڵانە ڕووبەڕووی پرۆسەکە دەبێتەوە ئەویش بڕیاری بە پەلە و بێ پلانی کاربەدەستانی بوارەکەیە، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوە و بنبڕکردنیان بەرەنجامێکی تەندروستانە دێنێتە کایە.

نموونەیەکی سادە لەو کێشانە کە نەدەبوو ڕوویان بدایە: وەک ڕژانە

ســەرشــەقــامــی ژمــارەیەکی زۆر لە خــوێندکــارانی ناو شــار و دەرەوەی شــارەکــانیش لە دژی بڕیارێکی دیراســەنەکــراوی پەروەردە (بە نموونــەیی کــردنی چەند خــوێندنگەیەک) ئەوەبوو لە ئەنجــامــدا شــپــرزەییــیــەک بۆ کاربەدەستانی پەروەردە و تووڕەبوونی زۆرێک لە خوێندکاران لە دەسپێکی ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩ / ٢٠١٠ دا هەست پێ کرا لە دواجاریشدا بڕیارەکە جێبەجێ نەکرا و گرفتەکە ئیحتیوا کرا.

کێشەیەک کە دەبێت کاربەدەستانی بواری پەروەردەیی حسابی بۆ بکەن و لە هەموو ڕوویەکەوە لێکدانەوە و ئامادەسازیی بۆ ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە بڕیار بە سادەیی و سەرپێییانە نەدرێت چونکە هەڵوەشاندنەوە و پەشیمان بوونەوە مسداقیەتی بڕیارەکان دەخەنە ژێر پرسیارەوە و هەیبەتی یاسا و ڕێنوێنی و بڕیارە پەروەردەیییەکان دەخەنە مەترسییەوە! جگە لەوەی کە ئامــانج لە هەر بڕیارێک چارەســەر و نەهێشــتنی گــرفــتێکە یاخــۆ بۆ بەرەوپێشچوونی بوارەکەیە، ئەوا لەحاڵەتێکی وەک سەرەوەدا بڕیار دەبێتە سەرچاوە و بەرهەمهێنی کێشە و گرفت و پێچەوانەی ئامانج دەبێتەوە!

بابزانین لایەنی نێگەتیڤ لە بە (نموونەییکردنی هەندێک خوێندنگە) چییە؟

١- ناوشیارانە و بێ هەستکردن بە بەرەنجامە ترسناکەکانی بڕیارێکی لەو جۆرە مانای بەشداریکردن و بەرهەمهێنانی سیاسەتێکی هەڵاوردکارییە (التــمــیــز)- هەڵاوردکــاری پلە و ئاســتی زیرەکی- ئەمــەش بۆ خــۆی دژوەستانی ئامانجە پەروەردەیییەکانی سەردەمە! چونکە کاریگەریی سلبی لەسەر زۆرێکی خوێندکاران (کە خۆیان بە پلە دوو دەزانن) دەبێت ئەمــەش بێ مــتــمـــانەیی و بڕوا بەخــۆنەبوون لای خــوێندکـــارە نانموونەیییەکان گەشە پێ دەدات (ئامانجێکی ستراتیجی و دوورمەودای پرۆســەی پەروەردەیی پتەوکردن و بەهێزبوونی گیانی متمانە و بڕوا بەخۆبوونە) بەرەنجامیش تۆراندنی حەز و تواناکانی ژمارەیەکی زۆر

دەگەیەنێت چونکە ئاشکرایە ژمارەی خوێندکارانی نموونەیی کەمینەن لە چاو نانموونەییەکان!

٢- لاوازترین خاڵ کە مایەی ڕەخنە و سەرنجە (هەندێک لە خوێندنگەکان بە خواستی بەڕێوەبەرەکانیان دەکرانە نموونەیی!) ئەمە لە خۆیدا کارەساتە، لە کوێی ئەم دنیایەدا ڕووی داوە بە خواست و حەزی کەسێک یا چەند بەڕێوەبەرێک بڕیارێکی وا هەستیار پیادە بکرێت بێ ڕەچاوکردنی پێوەرە زانستی و پەروەردەیی و بارودۆخی گونجاو و شیاو (زۆرێک لەو خوێندنگانە ئەو مەرجانەیان تێدا بەدی نەدەکرا کە بۆ نموونەیی بوون پێویستن! وەک هۆڵەکانی خوێندن، تاقیگەی کیمیاو فیزیاو زیندەوەر و دەنگ و، گۆڕەپانی چالاکیی وەرزشی و هۆڵی چالاکیی هونەری و باخچەو کافتریا و هتد... مامۆستایان پەروەردەکاران و تەنانەت خوێندکارانیش دەزانن کە هەندێک لەو خوێندنگایانەی بەنموونەیی هەژمار کراون تەنیا بەتابلۆ و ناونیشانەکانیان نموونەیین دەنا هیچ مەرج و ستانداربوونێکی ئەو ناوەیان تێدانییە!

٣- ئێمە وەک پێشنیازێک بۆ سەرکەوتنی هەر هەنگاوێک کە ئامانجی بەرەو پێشبردنی پرۆسەکە بێت و بۆ ئەوەی بەرەنجامی خوازراو بپێکێت وا بەباش دەزانین پلان و دیراسەکردنێکی تێروتەسەل تاوتوێ بکەین و هەموو بارێکی مادی و مەعنەوی هەڵبسەنگێنین و وەڵامی ئەگەر و پێشهاتەکان ئامادە بکەین ئەوا بە کەمترین هەڵە ئەم ئامانجە بەدی دێنین. بۆیە دەڵێین باشتر بوو بە پلانێکی زانستییانە و بەشداریکردنی چەندین لایەن و شارەزای ناوخۆیی و وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان و سوودبینین لە ئەزموونەکانیان بڕیاری دەستبەجێ و پەلەمان نەدایە بگرە سەرەتا وەک نموونە لە شارەکان و دەرەوەی شارەکانیش وەک تاقیکردنەوە چەند خوێندنگەیەک بکرێنە نموونەیی و بە وردی لێکۆڵینەوە

و ئەنجامەکان هەڵبسەنگێنین لەو چەند خوێندنگەیە، گەر سەرکەوتوو بوو ئەوا گشتاندنی بۆ بکرایە و بخرێتە بواری پیادەکردنی لە زۆربەی ناوچەکان. زۆرێک لە بیریار و پەروەردەناس و فەیلەسووفانی پەروەردەیی جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە کە پەروەردە پرۆژەیەکی دوورمەودا و کارێکی لە سەرخۆ و درێژخایەنە بۆیە دەبێت نەفەس درێژ و بە ئارامی لەگەڵ ڕەهەند و کایە جۆربەجۆرەکانی ڕێ بکەین. کەواتە دەبێت خۆمان بپارێزین لە هەڵەشەیی و کاری بەپەلە و دیراسە نەکراو هەروەها بەو ئەقڵیەتەوە مامەڵەی بکەین کە گۆڕانی کوتوپڕ و قوڵپکردنەوەی لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر ئەوەندەی زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت هەرگیز ئەوەندە سوودی نابێت، چونکە پەروەردە شۆڕشی کوتوپڕ و گۆڕانی زۆر مەزن و هەڵگەڕانەوەیەکی سەراپایی لە ماوەیەکی قیاسیی کەمدا تەحەمول ناکات وەک لە شۆڕشە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکاندا ڕوو دەدات.

## بڕیاری دروست و پەروەردەی کارا

بیـرمـەند و شـاعـیـری گـەورەی عـەرەب (ئەدۆنـیس) دەڵێت: هـزری عـەرەب گیرۆدەی تێکشکانێکی قووڵە چونکە فیکر و دەسـەڵاتی سـیاسی بە جـۆرێک پێـوەست و ئاوێتـەی یـەکـتـر بوون کـە سـنوورەکـانـی هیچ کـامـیـان بە سەربەخۆیی و دیاریکراوی نەماوەتەوە، کاتێکیش سیستمی سیاسی دەبێتە چەق و تەوەری هەموو بڕیار و چالاکییەکانی کۆمەڵگە ئەوا دەسەڵات بەرگ و شـێوازێکی خـواوەندانە دەپۆشـێت کـەواتە خـەڵکانیش بەسـەر دوو تاقـمـدا دابەش دەبـن یان لەگـەڵی دەبن واتا بـاوەڕداران وەیاخـۆ دژی دەوەسـتن واتا بێ باوەڕان (المؤمنون و الکافـرون). ئەمــەش دابـەشکردن و دووسـەنگەریی دەگەیەنێت کە پێش سەدەکانی نێوەند هزرێکی باوی کۆمەڵگەی مرۆیی بووە.

لەپێناو دوورکەوتنەوە لەو هەڵە کـوشندانەی کـۆمـەڵگە دواکـەوتووەکـانی گرتووەتەوە، ئەرکێکی مـرۆڤانـە و ئەخلاقی و نـەتەوایەتی دەکەوێتە ئەسـتۆی هەرتاکـێکی بە ویژدانی ئەم کـۆمـەڵگەیە کە سـنوور و هێـڵی دەسـەڵاتەکـان ئاوێتـەی یـەکـدی نەکـەین و هەر کـایـەیەک لە بوارە جـیـاوازەکـانی ژیانی کۆمـەڵایەتی و سیاسـی و ئابووری و کولتووری و ئاینی بە ڕوونی و شـەفافی ئاڕاسـتـەی خـۆیان وەرگرن و بەرەو بەدیهـێنـانی ئەو خـواست و ئامـانجـانەی هەر کام لەو لایەنانە هەوڵیـان بۆ دەدەن و دەخوازن بەو جۆرە بێت کـە خۆیان نەخشە و پلانیان بۆ داڕشتوون.

شـتـێکی تازەمـان نەگـوتووە گەر باس لە بایـەخ و هەسـتـیـاری بڕیارەکـان بکەین چونکە ئـاشکرایە مێژووی مـرۆڤـایەتی هەزارەها نموونەی سـەلمێنەری تێدایە ئەو ڕاستـییە پاڵپشـت دەکات. نەک تەنیا لە بواری پـەروەردەییدا بگرە

سـەراپا لایەن و کـایە جـیـاوازەکـانی ژیانی ئـەم سـەرزەمـینە لە زۆرێکی حـاڵەتەکـاندا کـەوتـوونەتە ژێر ڕەحـمـەتی بـڕیارێک و بـەرەنجـامـی ئـەم سـەرکێـشـیـیە، بۆیە دەڵێین سـەرکێـشـیی چونکە هـەندێک بڕیاری مـرۆڤ خـەسڵەتێکی مـوغامـەرە ئامێز لەخۆ دەگرن هەندێ جار ئامـانجی خـوازراو دەپێکێت و لە بەرژەوەندی بـڕیارەکـە بووە و چەنـدین جـاریش گـەلێک یاخـۆ تەنـانەت نەتـەوەیەک یا کـۆمـەڵێکی دیـاریکراوی کـاول و نغـرۆ کـردووە و بەچـەندین سـاڵ و بگرە سـەدەش باجی ئەو بڕیارە دەدرێتـەوە و ناتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە.

لێرەدا دەمـانەوێت ئەو لایەنە گرینگەی بڕیار ڕوون بکەینەوە کە وابەستەی بواری پەروەردەییە و هەڵسـەنگاندنی بڕیارگەلێکی کاریگەر کە ڕاستەوخۆ شوێنەواریان لە بوارەکەدا ڕەنگ دەداتەوە. گەر بە دیدێکی ویژدانئامێز کار و پرۆژە پەروەردەییـیـەکانی حکوومـەت بخـرێنەڕوو ئەوا تای تەرازووەکـە لە بەرژەوەندی ئەم حکوومـەتە کـەم ئەزمـوونە سـەنگین دەبێت (مـەبەست ئەزموونی پەروەردەیی بەمانا سەردەمییەکەی) دەکرێت بەنیشانەیەکی ئومێد بەخش دابنرێت. چونکە بەراورد بە پرۆسـەی پەروەردەیی وڵاتانی دەوروبەر هەوڵەکانی دەسەڵاتی کوردی لە بواری پەروەردەییدا، پەروەردەی ئەم هەرێمە کراوەترو خەسڵەتی سەردەمیبوون لەخۆ دەگرێت. بەڵگەی ئەم ڕاستییەش ئەو ئامـارو ژمـارانەیە کـە لە کـەرتی پەروەردەییدا ئامـاژەیان پێدەدرێت لە بەڵگەنامـە و نووسـراوی فـەرمـی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشـتییەکانی پەروەردە و تەنانەت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن چ حکوومی یا ئۆپۆزسیۆن، بۆ نموونە بڕی خـەرجی و ئەو بودجـەیەی بۆ ئەم کەرتـە تەرخـان کراوە (سـاڵی ٢٠١٠ بڕی ١٥٠ ملیـار دینار بڕیاری لەسـەر دراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە) لەم بڕە پارەی ١٠٥ خـوێندنگە و قـوتابخـانەی هاوچەرخ لە قـۆناغی جێبەجێکردندایە) (کوردسـتانی نوێ ژمـارە ٥٣١٤ی ٢٥ /١٠ / ٢٠١٠) یاخـۆ ژمـارەی (تەنیـا مـامـۆسـتـایان)ی هەرێمی کـوردسـتـان ١١٥ هەزار

مامۆستا لە سەرجەم قۆناغەکانی پەروەردەدا هەن! گرینگیدانی سیاسەتمەدار و لێپرسراوانی دەسەڵات دەخەنەڕوو..

ناوەڕۆکی نووسینەکە تایبەتە بە ڕۆڵ و کاریگەریی بڕیارەکان بۆیە ئاماژە دەدەین بە دوو بڕیاری گرینگ لەسەر دوو ئاست یەکەمیان ئاستێکی هەرێمانەیە و سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە دووەمیش لە ئاستێکی خۆجێتیدایە و تەنیا شاری سلێمانی دەگرێتەوە ئەم دوو بڕیارەش نیازپاکی و هەوڵی دڵسۆزانەی کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت دەسەلمێنن:

١- بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی لە هاوینی ٢٠٠٨دا. خودی کۆنگرەکە ژمارەیەک بڕیار و ڕاسپاردەی لەخۆ گرتبوو کە لە سەرەتا و ئێستاشی لەگەڵ بێت مشتومڕ و هەڵسەنگاندنی جۆرەوجۆری لێ کەوتووەتەوە. ئەڵبەت بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە (کۆنگرە و بەرەنجامەکانی) چەندین نووسین و لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێت کە لێرەدا بواری وردەکارییەکانی نییە. بەڵام ئەوەندە دەڵێین بڕیارەکانی کۆنگرە هەنگاوێکی پێویست و بوێرانەیە و هەوڵێکی جیدییە بۆ سەرەتایەکی مۆدێرن کە لەگەڵ خواست و قۆناغی سەردەمیانە بچێتە ململانێ و کێبڕکێ.

٢- ئەو بڕیارەی وەزارەت کە لە ساڵی ٢٠١٠ دەرکرا سەبارەت بەدانانی بەڕێز مامۆستا (جەبار محەمەد) وەک بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی (نامانەوێت ئەم نووسینە بکەینە گۆڕەپانی ستایش و پیاهەڵدانی کەسەکان) بەڵام گەر بە ویژدانەوە سەیری کەسایەتیی ئەم بەڕێزە بکرێت ئەوا دەتوانین بڵێین بەڕاستی و موستەحەقی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودایە. لە ڕووی زانستییەوە ڕۆڵی تاکەکەس لە هەر ئاستێکدا لە بوارە جیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی ڕاستییەکی دانپیانراوە و بەرز دەنرخێنرێت، مێژوو چەندەها ئاڵوگۆڕ و داهێنانی تاکەکەسیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە نەخشەی مرۆڤایەتییان لە بارێکەوە گەیاندووەتە بارێکی تر.

پله و پێگەی بەڕێوەبەری گشتی هەر وەزارەتێک گرینگی و سەنگی خۆی هەیە و زۆرجار دەبینین کەسانێک دەگەنە ئەو پلەیە بڕیارگەلێکی واقعییانە و بەجێ دەردەکەن کە شوێنەوارێکی ئەرێنی (ئیجاب) یان لەو کەرتەی خۆیاندا جێ دێڵن و بۆ دوای خۆشیان کەڵکیان دەبێت. بەڕێوەبەری گشتی تازەی پەروەردەی سلێمانیش کەسێکی ئیداری سەرکەوتوە (ئەمە بۆچوونی زۆرێک لە مامۆستایان و پەروەردەکارانی شارەکەیە) چونکە تەمەن و ئەزموونێکی پاک و بێخەوش پاڵپشتی دەکات پتر لە٣٠ ساڵ لە بواری پەروەردەییدا لێهاتووانە و دڵسۆزانە کاری مامۆستایی و ئیداری بەڕێ دەکات.

بۆیە دەڵێین بڕیارەکان بەشێک و پێکهێنەرێکی گرینگ و مەترسیداری بواری پەروەردەیین گەر دیراسە و هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنە و زانستییانەیان لە پشتەوە بێت ئەوا پرۆسەی پەروەردەیی بەئاراستە ڕاست و دروستەکەیدا ڕێ دەکات کە بەرەنجام ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگە لە پەرەسەندن و پێشکەوتندا دەبێت و ڕووبەڕووی برێکی زۆرلە مەترسییە دەرەکی و ناوەکییەکان دەبینەوە. دەگێڕنەوە لەپاش جەنگی جیهانی دووەم سەرۆک حکوومەتی ئینگلیز (ونستۆن تشرشل) لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی حکوومەتەکەیدا بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی مەملەکەت پاش ئەو جەنگە کاولکارییە بە چ گەشتووە، پرسیار ئاراستەی ئامادەبووان دەکات سەبارەت بە وەزارەتەکانی حکوومەتەکەی، لە وەڵامدا پێی ڕادەگەیەنن سەراپای وەزارەتەکان گەندەڵ و ناکاران جگە لە وەزارەتی پەروەردە و داد، ئەویش دەڵێت کەواتە وڵاتەکەمان هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە چونکە ئەو دوو وەزارەتە پاک و کاران.

ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە لە خۆیدا پەیامێکی پەروەردەییانەیە و بەو هیوایەی کایەی پەروەردەیی ئێمەش وانە و سوودێکی ڕاستەوخۆی لێ وەرگرن و بڕیارگەلێکی واقعی و زانستییانە ببنە سەرمەشقی ئەم پرۆسەیەی کە بەدیهێنەری ئامانجی مرۆڤدۆستانەو نەتەوەیی گەلەکەمانە.

## بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی...
## پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانمان بوویت!

سەبارەت بەڕۆڵ و کاریگەریی پەروەردە لە وتەیەکی پڕ حیکمەتی چینییەکاندا هاتووە: "گەر دەتەوێت پلان بۆ ساڵێکت دابڕێژیت برنج بچێنە، گەر بۆ چەند ساڵێکت بێت ئەوا درەخت بروێنە بەڵام بۆ سەدان ساڵ ئەوا خەڵکان فێرکە و پەروەردەیان بکە." هەروەها سیاسەتمەداری مەزنی ئینگلیز (تشرشل) سەرۆک وەزیرانی سەردەمی جەنگی جیهانی جەختی تەواوی لەسەر پێگەو کاریگەریی پەروەردە لەو بۆچوونەیدا دەکردەوە: (گەر وەزارەتی پەروەردە و داد کارا و دوور بن لە گەندەڵی وە لە توانایاندا بێت کار و ئەرکی ڕاسپێردراوی خۆیان بەجێ بهێنن ئەوا لە تواناداید ڕووبەڕووی سەرجەم ئاستەنگ و کێشەکانی وڵات ببینەوە) مەخابن نەتەوەی کورد نە (تشرشل)ێکی هەیە و نەبەم ئاستی ئەقڵییەتەی ئێستای دەتوانێت جێبەجێکەری حیکمەتێکی لەو جۆرەی چینیەکان بێت! ئەمەی وتمان ڕەشبینیی تەواوی پێوە دیارە بەڵام وەک وتراوە: " ڕەشبین گەشبینێکی بە ئەزموونە! " نووسەری بابەت لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی ژمارە (٦٧٨)ی ٧ / ١١ / ٢٠١٠ خۆشحاڵییەکی بێ بەرەنجامی دەربڕیبوو سەبارەت بە بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم، دانانی بەڕێز مامۆستا (جەبار محەمەد) بە بەڕێوەبەری گشتی مەڵبەندی سلێمانی، لەو ڕوانگەی کە ئەم بەڕێزە چ لەسەر ئاستی ناسینی شەخسیم و چ وەک گەواهی زۆرێک لەمامۆستایان و پەروەردەکارانی شارەکە بە کەسێکی شایستە و بەتوانا ئومێدێکی چاکسازی و چاوەڕوانی ئەوەمان لێ دەکرد کە وزە و تینێکی بە گوڕ بداتە

ئەم بەڕێوەبەرایەتییەی کە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا و بەڕێوەبەری خوێندنگە و قوتابخانەکان و کارمەندان و خودی خوێندکارانیش گلەیی و گازندەیان بوو لە کەموکوڕی و سستی کاری ئیداری و ڕۆتینیات و زۆرێکی تر لە ناکارایی و کەموکورتی کە لێرەدا بابەتی باسەکەمان نین... بەڵام حەیف و مەخابن بەڕێزیان لە بری ئومێد و بەدیهێنانی چاوەڕوانییەکان هیوا و گەشبینیی هەمووانی بەرامبەر مەحاڵ ڕووبەڕوو کردەوە!

مامۆستایان و پەروەردەکارانی شاری سلێمانی لەو سۆنگەیەوە ئومێدیان هەبوو کە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە هەر داو و دەزگایەکی حکوومی یا ناحکوومی پێگەو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەرجەم ئاستەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا دەبێت وە توانا و شارەزایی و لێهاتوویی کەسی بەڕێوەبەر گۆڕان و پەرەسەندن دەبەخشێتە دەزگاکەی وە ڕەنگدانەوەی ئاستی دڵسۆزی و کارامەیی تەواو بەرجەستە دەکاتەوە، بەڵام دیسانەوە دەڵێین هیچ کاریگەرییەکی ئەم کەسایەتییەمان بەدی نەکرد و بگرە (گۆران) وتەنی: ساڵ بەساڵ خۆزگەمان بەپار! بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەوانەی باس کران تەنیا یەک بەڵگە ئاماژە پێ دەدەین (کە دەیان ڕاستی لەم جۆرە هەن قسەیان لەسەر بکرێت): لە بری ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بکرێتە سەرمەشق و پێشەنگی سەراپا دەزگا و ئیدارەکانی تری شارەکە لە زۆر ڕووی وەک نەبوونی هەڵەی ژمێریاری و ڕێکوپێکی بەڕێوەچوونی کارەکانیان یاخۆ لێپرسینەوە سەبارەت بە هەر کەموکورتییەک لە بەش و یەکە جیاجیاکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کە لێپرسراوی یەکەم و لووتکەی هەرەمەکە واتا خودی بەڕێوەبەری گشتی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکات، کەچی دەبینین ڕیزبەندی دوای دواوەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی شارەکەمانە، بۆ نموونە زۆرترین هەڵەی ژمێریاری لەم دەزگایەدا ڕوو دەدات، دەڵێین گەر بەڕێوەبەری گشتی با چارەسەری تەواوی مەسەلەیەکی لەم جۆرە نەکات ئەوا لایەنی کەم دەبێت شوێندەستی لە کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیەی

هەبێت (دەڵێین دیاردە چونکە ئەمە بووەتە شتێکی هێندە ساکار و ئاسایی کە مانگ نییە دووبارە نەبێتەوە و لە ساڵێکدا هەر دوازدە مانگە کە ڕوو دەدات!). بۆ بەدواداچوونی ئەم ڕاستییە با پرسیار لە وەزارەتی دارایی بکەن کە گلەیی و گازندەیەکی ئەزەلییان لە کاری ژمێریاری پەروەردە هەیە! هەموو کات پڕ هەڵەترین و کەموکوڕی لیستی مووچە (قائمة الرواتب) و ئیفاد و خەرجییەکانی تر لە پەروەردەوەیە. کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لە مامۆستایان، کارمەندان، ئەوانەی لەم دەزگایەدا کار دەکەن دەبێت و بەرەنجامیش زەرەرمەندی یەکەمین پرۆسەی پەروەردەیی و بەهەدەردانی توانای مادی و مەعنەوی دەبێت.

خاڵێکی تر کە دەبێت بەڕێوەبەری گشتی کاریگەریی هەبێت تێیدا (کە نە مەحاڵە و نە خەونی چۆلەکەکانە!) کرێی وانەبێژییە (المحاضرات) بووەتە مەسەلەی فەلەستین و هیچ کام لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان خۆیان لە قەرەی نادەن، لێرەدا باس لە بڕ و کەمی ئەم کرێیە ناکەین کە (بەڕاستی نرخی وانە بێژی مایەی گاڵتەجارییە و لەگەڵ سالانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو گونجاوە!) بگرە دەمانەوێت ئاماژە بەچۆنیەتی خەرجکردنەکەی بدەین لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە کە ئەمە لاوازی ئیداری دەگەیەنێت لە شێوازی سەرفکردنەکەی (بەهەمان شێوازی سەدەکانی پێشووتر وەک چۆن سەپان و وەرزێر و جووتیارە بێ زەوییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی لە سەرەتای ساڵەوە ماندوو دەبوون و عەرەق و خوێنیان دەڕژا پاش هەشت نۆ مانگ مەمرە و مەژی خۆیان و خێزانەکانیان دەست دەکەوت) ئەوا پەروەردە بۆڕی ئەو سەردەمەی داوە و پتر لە دە مانگ تێ دەپەڕێ ئەوجا کرێی وانەبێژی بۆ مامۆستایان خەرج دەکات! کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەم خەمساردی و بەتەنگەوە نەهاتنە ڕەنگدانەوەی ئاشکرای لە سەراپای پرۆسەکە دەبێت چونکە ئەمە نەک هاندەری مامۆستا نابێت بۆ پڕکردنەوەی کەمی مامۆستا لە زۆرێک لە خوێندنگاکان بگرە بەڕوونی ئاستی وانەکانیش دێنێتە خوار و

ئەو هەموو تێچوون و خەرجییەی ساڵێکی خوێندن بەهەدەر دەدرێت. مافی مامۆستایە داوای کرێیەکی شیاو و گونجاو بکات لە بەرامبەر وانەبێژی بەڵام ئێمە ناڵێین با بەڕێوەبەرە گشتییەکان نرخی وانەبێژی بەرز بکەنەوە (چونکە ئەوە یاسایەکە لە سەروو دەسەڵات و توانای ئەوانە) بەڵکو وەک سەرەتایەکی خەمخۆرانە هەوڵێکی دڵسۆزانە بخەنە گەڕ چیی تر هێندە کرێی وانەکان دوانەکەون لە کاتی گونجاو و کەمدا بدرێتە مامۆستایان و لەگەڵ مووچەکانیان گوزەرانیانی پێ باشتر بکەن.

بەرەنجام دەڵێین ئەمانی باس کران دوو پرسیار و دوو ئەگەر لەخۆ دەگرن:

١- لاوازی و بێتوانایی و نەبوونی دەسەڵاتی تەواو بۆ ڕاییکردنی کار و فەرمانەکان، یاخۆ نەبوونی کەسانی شارەزا و شایستە کە ئیمکانی کۆنترۆڵکردن و بەڕێکردنی هەموو ئەو ئەرکە ئیدارییە فراوان و فرە ڕەهەندەی دەزگایەکی مەزنی وەک پەروەردەیان هەبێت.

٢- یاخۆ بوونی ئەو هەموو گلەیی و گازندانەی لە پەروەردە دەکرێن دەستێکی ئەنقەست و بە مەبەستی لە پشت بێت.

هەر ئەگەرێک لەو دووانەی سەرەوە ڕاست بن ئەوا لەخۆیدا زەنگێکی پڕ مەترسییە کە لە مەودایەکی نزیکدا دەبێتە هۆی فرەوانترکردن و دوورکەوتنەوەی مەسافەی نێوان حکوومەت و هاووڵاتییان و بەدڵنیاییەوە تەنیا لەم بوارەشدا قەتیس نامێنێتەوە بگرە پەل دەکێشێتە بوارەکانی تر و لە ئەنجامیشدا هەردوو لا (دەسەڵات و هاووڵاتییانی کوردی) باجەکەی دەدەن.

## کتێبی (الأدب العربی) قۆناغی ١٢ی زانستی – وێژەیی
## لە نێوان کورتکردنەوە و شێواندندا

(لە ڕۆژی ئەزەلەوە مرۆڤ بەدوای "شتێکدا" وێڵە،
ئەدەب لە هەوڵی وتنی ئەو شتەدایە)

هەردوو بەشە سەرەکییەکەی ئەدەب واتا پەخشان بە سەرجەم پێکهاتەکانی و شیعر جیهانێکن ئێمەی مرۆڤ پەنای بۆ دەبەین لەو ساتانەی کە ناشیرینی و دزێوی و بێزاری و تەنگژەکانی ژیان گەمارۆمان دەدەن، بۆ دوورکەوتنەوە لەو ڕەهەندە ترسناکانە و گەڕان بۆ چەند ساتێکی ئاسودەیی ئەدەب دەبێتە لانکی ئارامی و حەسانەوەی مێشک و جەستەی ئەو عاشقانەی لە کەنار دەق و ژانرە ئەدەبیە جۆرەوجۆرەکان وچانێکی ڕۆحی دەدەن، بە ملیۆنەها دەقی ئەدەبی بەدرێژاییی ژیانی مرۆڤایەتی نووسراون لەپێناو ئەو ئامانجەی باس کران و تا ڕەوتی بەشەرییەت لەم سەر زەمینە بەردەوام بێت ئەوا خەرمانی تێکستە ئەدەبییەکانیش گەورەتر دەبن وە تا ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە هەبێت ئەدەب بە سەرجەم لق و ڕەنگە جیاوازەکانییەوە لە بەرەوپێشچوون و بەردەوامیدا دەبێت.

ناکرێت لە چەند ڕستەیەکی کورت و سادەدا گرینگی و مەزنی ئەدەب بخرێتە ڕوو بە هەزاران دەق و نووسراوی جۆرەوجۆر هەوڵی ئەم ئەرکەیان داوە بەڵام بەدڵنیاییەوە نەتوانراوە ئامانج بپێکێنرێت و هێشتا دوا وتە سەبارەت بەم مەسەلەیە نەوتراوە و ناشوترێت!

ئەم پێشەکییە بەو ئامانجە نووسراوە کە ئەدەبیش (ئەو ئەدەبەی لە

قوتابخانه و خوێندنگەکانی هەرێمدا بووەتە مەنهەج بەتایبەت لە قۆناغی ئامادەییدا لە هەرسێ قۆناغەکەدا) وەک سەرجەم کایە و لایەنەکانی تری ژیان لە چ قەیرانێکی نامەعریفیدایە و هەموو لۆجیکەکانی جیهانی وەلاناوە و بەو ئاراستەیەدا دەڕوات کە بەهیچ جۆرێک لە جۆرەکان ئامانج و دوامەبەستی ئەدەبی ڕاستەقینە نییە...

نووسەری بابەت چ بەشێوازی نووسین بۆ ڕۆژنامە و چ بەشێوازێکی فەرمی پێشتر هەمان نووسراوی خستە بەردیدی پسپۆڕانی بابەتەکە و لێپرسراوانی بواری باڵای پرۆگرامەکان، بەڵام سەرجەم پێشنیاز و خواستەکانی تری تایبەت بە چارەسەر و هەوڵی باشترکردن و بەرەوپێشچوون کە لەلایەن سەدەها شارەزا و پسپۆڕ و ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ بەریەککەوتن و تەماسی ڕاستەقینەی بوارەکانن، وەک بەڵگەنەویستێکی لێ هاتووە کە بەهیچ کلۆجێک لایەنە پێوەندارەکان و لێپرسراوانی پەروەردەیی خۆیان لە قەرەی هیچ جۆرە چارەسەرێک نادەن و وەک ئەوەی وەڵام و چارەسەری گرفتە پەروەردەییەکان خەم و ئەرک و لێپرسراوییەتی ئەوان نەبێت و ئێمەومانان سەرنج و داوا و پێشنیاز و ڕەخنەکانمان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەین! (زۆرمان وت و نووسی و پێشنیاز کرد بەڵام لایەنی پێوەندیدار کە پەروەردەیە نە بیستی و نە خوێندییەوە و نە جێبەجێی کرد).

سنووردارتر قسە بکەین نووسینەکە تەرخان دەکەین بۆ ئەدەبی پرۆگرامەکانی خوێندن، کە لە سەراپای قۆناغەکانی خوێندن لەلایەن دانەرانی پرۆگرامەکانەوە ئەم کایە جوان و بەنرخە کە زادەی هزر و ئەندێشەی مرۆڤە، بەشێوازێک ترنجاندۆتە پەرتووکەکانی خوێندکارانەوە نەک هەستی جوانناسی و هاندان و ڕاستگۆیی ئەدەب و ئەو ئامانجەی خوازراوە ناپێکێت بگرە سەد بەرابەر قێزەوەن کراوە و بووەتە بابەتێکی وشکی بێگیان کە سەرجەم قوتابی و خوێندکارانی بێزار کردووە و زۆرێک لە

مامۆستایانیش سەرنج و تێبینییان لەسەر هەیە.

ئێستاش ئەمانەی باس کران لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆگرامی بەشی ئەدەبی قۆناغی دوازدەمی (زانستی – وێژەیی) بەراورد دەکەین بۆ ئەوەی بزانین نەوەکانی ئەم میللەتە بە چ شێوازێک ئەم وانەیان لا خۆشەویست کراوە و لەلایەن دانەرانی پرۆگرامەکان چ غەدرێک لە ئەدیب و بەرهەمەکانیانەوە کراوە!

ناوەڕۆکی وانەی ئەدەبی عەرەبی لە قۆناغی دوازدەمی هەردوو بەشی زانستی وێژەییەوە زۆر بە کورتی ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت (دوو بەشە: الشعر، النثر):

پێشەکییەکی گشتی لەبارەی ئەدەبەوە کە پێناسەی خودی ئەم چەمکە و چەند زاراوەیەکی تری پەیوەست وەک: (الادب الابداعي، الشعر، الوزن، القافية، الشكل، المعني...) و پاشان دەچێتە سەردەمی نوێ (ألادب الحديث – المعاصر) و باسی قوتابخانە شیعرییەکانی ئەدەبی عەرەبی و نموونەی شاعیرێک بۆ زۆربەی ئەو قوتابخانە شیعرییانە و دواتر باس لە جۆرەکانی شیعر (الوجداني، المسرحي، الملحمي، التعليمي). وە لە بەشی دووەمدا باس لە پەخشان و هونەرەکانی وەک (ألامثال، الوصايا، القصة، الرواية، السيرة، المقالة، الخطبة) لەگەڵ چەند نموونەیەک بۆ هەندێک لەو بەشانەی پەخشان.

بۆچوون و سەرنجەکانمان بە چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو:

١– بابەتەکانی ئەم پرۆگرامە کۆپییەکی کورتکراوەی هەمان مەنهەجی بەغدادە، و هیچ تایبەتمەندییەکی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی هەرێمی تێدا نییە (وەک بودجەی لێ هاتووە ئێمە لە سەدا حەڤدەی بەکار دەبەین!!)، ئەمەش لە خۆیدا خەوشێکی زانستییانەیە چونکە ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا ئاراستەی خوێندکارانێکی عەرەب زمان و خاوەن کولتوورێکی عەرەبییانە کراوە، کە لە بواری پرۆگرامسازیدا ئەوە

سەلمێنراوە گەیاندنی بابەتێک بۆ وەرگێرانی خاوەن زمانی بابەتەکە جیاوازی دەبێت لەوەی کە بۆ خوێندکارانێک ئاراستە بکرێت کە بەو زمانە نائاخاون. تەنانەت لە بابەتە زانستییەکانیشدا کە بەهەر زمانێکیش بن هەمان ئاراستە و هەمان ئەنجامیان دەبێت (بۆ نموونە بابەتە زانستییەکان کیمیا فیزیا زیندەوەر دەبێت زۆرترین نموونە و سەلماندنەکان پێوەست بکرێن بەو ژینگەیەی کە خوێندکاران ئاشنایەتییان لەگەڵ هەیە). ئەوانەی هەستاون بە دانانی ئەم پرۆگرامە بۆ خوێندکارانی کوردستان تەنانەت نەک گونجاندن و لێکدانەوەیان بۆ ئەو لایەنەی سەرەوە نەکردووە بگرە کورتکردنەوەیەکی چەندایەتییە نەک چۆنایەتی بۆ نموونە ئەدەب لەوێ سەد لاپەرەیە بەڵام خۆمان کردوومانەتە چل لاپەڕە! (بە بۆچوونی ئەوان ئاسانکارییان کردووە) کە بە ئاشکرا لە نرخی زانستی و مسداقییەتی بابەتەکان کەم دەکاتەوە و شێواندنی جوانی و هونەرییانەی بەتایبەت دەق و تێکستە ئەدەبییەکان بەڕوونی هەست پێ دەکرێت.

٢- خاڵێکی ئێجگار پڕ بایەخ و گرینگ لە کاتی دانانی پرۆگرامدا کە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە: ڕاستی و دروستی و دڵنیابوونی تەواو و ئەمانەت پارێزیی تێدا بێت داتا و زانیاری و ڕاستییە سەلمێنراوەکانە، چونکە دانانی پرۆگرام ئەرکێکی هێندە هەستیار و پڕ لێپرسینەوەیە کە کەسانی پسپۆڕ و پرۆفیشناڵە خاوەن ئەزموونەکان توانایان بە سەریدا دەشکێت بەو هۆیەی کە پرۆگرامی خوێندن ئاراستەی نەوەیەک یاخۆ چەند نەوەیەکی وڵات دەکرێت: کەواتە لێپرسراوێتییەکی مێژووییانەیە.

بەڵام ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێت لە بابەتی ئەدەبی عەرەبی قۆناغی ناوبراو حسابێکی ئەوتۆ بۆ ئەو ڕاستییەی خاڵی دووەم نەکراوە بەو بەڵگەیەی بابەتەکە لێوانلێوە لە هەڵەی زەق و زانیاری بێبنەمای وەک: ا/ ساڵەکانی لەدایکبوون و کۆچی دوایی شاعیر و نووسەرانی ناو پرۆگرامەکە بۆ نموونە

(ساڵی لەدایکبوونی حافظ ابراهیم دانراوە بە ١٨٧٠ کە ڕاستییەکەی بەپێی سەرچاوە ئەدەبییەکان (١٨٧١)ه، بەرواری کۆچی دوایی میخائیل نەعیمە هەر نەنووسراوە (مەتەڵە قوتابیان هەڵی بێنن!) کە ساڵی ١٩٨٨ه، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەم بەروارانە کراونەتە پرسیار یاخۆ لە هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست لە خولی یەکەم و دووەمی تاقیکردنەوە گشتییەکانی ٢٠١٠ / ٢٠١١، مامۆستایەک کە جگە لە کتێبی مەنهەجەکە هیچ سەرچاوەیەکی تری لەبارەی هیچکام لەو ئەدیبانەی نەخوێندووەتەوە (دانەری پرسیارەکان)!

(دوو ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو حاڵەتە:

١- لە سەردەمی ئێستادا بەروار و ساڵەکان تەنانەت لە بەشەکانی مێژووشدا گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت... جا دەبێت لە ئەدەبدا چ بایەخێکی هەبێت ؟!

٢- ئەو مامۆستا بەڕێزەی کە خۆی نەک دڵنیا نییە لە بەروارێک تەنانەت نایشیزانێت ئیتر بە چ حەقێک دەیکاتە پرسیار؟!)

ب/ سەیر لەوەدایە خودی دانەرە عەرەبەکان کە ئەم پرۆگرامەیان بۆ خوێندکاری عەرەب نووسیوە کورتکردنەوەیەکی ئامانجداری زانستییانەیان ئەنجام داوە بەڵام ئەو بەڕێزانەی کە بەشێکیان هەڵبژاردووە و کراوەتە پرۆگرامی خوێندنی هەرێم نەک ئەم خاڵەیان ڕەچاو نەکردووە بگرە درێژ دادڕییان کردووە و باری خوێندکارانیان ئاڵۆز و گرانترکردووە بەڵگەش: گەر سەیرێکی مەنهەجەکەی بەغداد بکەین واتا (الادب والنصوص – للصف السادس / وزارة التربية / جمهورية العراق ط ٢٠٠٤) ئەوا بەئاشکرا ئەم ڕاستییە دەبینیت، ئەوان دوای ژیاننامە و ناساندنی نموونەیەک لە بەرهەمی شاعیرەکە یاخۆ نووسەرە کە تەنیا وەک گفتوگۆیەک چەند پرسیارێکی ئامانجدار و

گرینگیان خستووەتە بەردەم مامۆستای بابەت و خوێندکار، کەچی نازانین چ حیکمەتێکی تێدایە ئەمانەی لای خۆمان لێکدانەوە و کۆمەڵە ڕستەیەکی زۆرو هەندێ جاریش دوور لە ئەسڵی بابەتەکە ریز کردووە! بەراوردێک بکە لە نێوان ئەو کتێبەی کە لە بەغداد کراوەتە مەنهەج و ئەو بەشەی کە هەڵبژێردراوە لە هەمان کتێب و کراووەتە مەنهەجی هەرێم (لاپەڕەکانی ٩٧،٩٦ محمود سامي البارودي / ١٠٠ حافظ ابراهیم / ١٠٨ بدر شاکر السیاب،...)

ج/ شێواندنی دەقە ئەدەبییەکان: وەک شیعرەکەی (محمود سامي البارودي و حافظ ابراهیم و بدر شاکر السیاب) بە پێش و پاش خستنی دێرەکان لە دەقە ئەسڵییەکانی هەرکام لەو شاعیرانە ڕیزبەندی دێرەکان بەو جۆرە نین کە لە پرۆگرامەکەی پۆلی دوازدەمدا نووسراون، یاخۆ گۆڕینی وشەیەک (لە پارچە شیعرەکەی غریب علي (الخلیج)ی سەیابدا (خان) کراوە بە(کان)! وەیان پەڕاندنی وشەیەک یاخۆ دەستەواژەیەک لە دەقە پەخشانەکانی وەک (وهو محني القامة) لە چیرۆکی (حامل الاثقال)ی مەحموود تەیموور یا لە محەمەد عەبدە (فرسخ في عقولهم) و (فیطلبونها بالنفس والنفیس) پەڕێندراون، دانانی ناو بەهەڵە (محمد عیسی صقر) کە ڕاستیەکەی (مهدي عیسی صقر)ە.

د/ ڕەچاونەکردنی زنجیرەبوونی زانیارییەکان وەک: کتێبەکە لە لاپەڕەی (٩٢) بەدواوە پتر لە دە جار وشەی (التجدید)ی بەکاربردووە بەڵام لە لاپەڕە (١٠٧)دا پێناسەی ئەم زاراوە گرینگە کراوە، یاخۆ پێش ئەوەی (محمود تیمور) بناسرێت بە قوتابیان چوار پرسیاری سەبارەت بەناوبراو کراوە لاپەڕە ١١٩ کەچی لاپەڕە ١٢٠ و ١٢١ زانیارییەکان دراون و باس لە ژیاننامەکەی کراوە!

هـ/ کەموکورتی پێدانی زانیاری زۆر گرینگ و پڕ بایەخ سەبارەت بەو

ئەدیبـانەی لە پرۆگرامـەکەدا ناویان هـاتووە، نموونەش: مـحمـود سـامي البارودي باس لە زمانزانیی ئەم شاعیرە نەکراوە کە بە عەرەبییەوە چوار زمـان بە باشـی شارەزا بووە، ئەدەب و سیاسـەتی زۆر لێهاتووانە ئاوێتـە کردووە (لە سـەرچاوەکاندا هـاتووە کـە پلەی بالای سـەربازی هـەبووەو تا دواجـــاریش دەگـــاتـە پلەی ســـەرۆک وەزیـرانـی ولات پـاشـــان بەهـۆی هەڵوێسـتـە نیشـتـمانپەروەری و دوورنەکەوتنەوەی لە بەرەی گەلەکەی بۆ مـاوەی حـەڤـدە سـاڵ دەربەدەری ولاتەکەی دەکرێت کـە ئـەمـەش نموونەی بالای دڵسـۆزی و خـۆشـەویسـتی نیـشـتـمـان و خـۆبەخـتکردنێکی ڕاسـتـەقـینەیە و وەک ئامـانجێکی پـەروەردەییـانە دەبوو ئامـاژەیان پێ بدرێت.

شـاعـیـری دووەم لەم بـابەتەدا (حـافظ ابراهیم) بۆ باس لە نازنـاوەکـەی نەکراوە کە (شـاعر النیل)ە؟ هەروەها شیعری ئەم شاعیرە سنووری تەسکی نەتەوایەتی تێپەڕاندووە و مـەودایەکی مرۆڤانەی سەرتاسـەری لەخۆ گرتووە، خەمی بەشەرییەت بەخەم و مەسـەلەی خۆی دادەنێت، باشە گەر ژیاننامەی شاعیرێک ئـەم زانیارییە پێویستانەی تێدا باس نەکرێت کە ناوەڕۆکی ئەدەب و بەرهەمی ئـەدیبـانـی ڕاسـتـەقـینەو داهێنەر بەرجـەسـتـەکـردنێکی جـوان و هونەرییـانەی کێشـە و خـەم و خـۆشی و هـەست و نەسـتـەکـانی مـرۆڤـە ئیـتـر چۆن لای خوێندکار خۆشەویست دەبێت و کەی ئەو حەزەی لا دروست دەبێت کە بەدواچوون و قـووڵبوونەوە لەسـەر کەسـایەتییەکی مـرۆڤدۆست پەیدا بکات و لە هـەوڵی بەدەسـتـهێنانی زانـیاری زیـاتری بێت ؟ کـە لایەنی کـەم ئامـانجی دوور مەودای وانەی ئەدەب ئەو مەبەستەیە.

هـەروەهـا سـەبارەت بـە مـیـخـائیل نەعـیـمـە هێندە ژیاننامـەی ئەم نووسـەرە شـێـوێندراوە کە مـامـۆسـتـایانیش بێزار دەکات (دەبـێت خـوێندکـار هـەسـتی چۆن بێت؟!) چونکە هیچ زانیـارییەکی ئەوتۆی لەسـەر نـەنووسراوە هـەرچەندە ئەم نووسـەرە یەکـێکە لە داهێنـەرە مـەزنەکـانی عـەرەب لە زۆر بوارو کـایەی

ئەدەبدا (شیعر، چیرۆک، شانۆ، رەخنە) نەتەوەی عەرەب شانازی پێوە دەکات سەرەڕای ئەو دیدو بۆچوونە مرۆڤپەروەرانەی کە ئەم داهێنەرە هەڵگری بووە.

وە لە لێکدانەوەی پارچە شیعری (اوراق الخريف) باس لە هەندێک زانیاری کراوە لە دوو کۆپلەی ناو مەنهەجەکەدا ئەو لێکدانەوەی هەڵناگرێت بەڵکو بۆ کۆپلەکانی دیکەی ئەو شیعرە دەبێت کە خوێندکاری پێ ئاشنا نەکراوە، کەواتە تەفسیری شتێکی دیکەیە و بەزۆر بەسەر شتێکی تردا براوە!

ژیاننامەی (بدر شاكر السياب) بەجۆرێک داڕێژراوە لە ژیاننامەی شاعیرێکی مەزنی وەک سەیاب ناچێت بەڵکو لە پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری دەچێت کە بۆ یەکێک لە فەرمانگە فەرمییەکانی دەوڵەت نووسرابێت کە ئەمەش نەک سەرنجی فێرخواز ڕاناکێشێت بەڵکو بێبەشی دەکات لە وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بەو پلە و پایە شاعیرییەتە بەرزەی سەیاب کە نەک تەنیا لەسەر ئاستی عەرەب بەڵکو لە ئاستێکی جیهانییەوە شایەتی بلیمەتی و ژیاندۆستی توانای شاعیرییەتی دەدرێت.

خاڵێکی تر بەکارهێنانی دەستەواژەی بەعسییانە کە زاراوەی لەو جۆرە نەتەوەپەرستی تەنیا لە قاموسی بەعسدا بەکاردەبرا وشەی (قُطر)ە لە لاپەڕە ٩٤دا هاتووە ئەویش لە پێناسەی (المدرسة) تێبینی دەکەین،

١- دوور لە مەسەلەی بەعس و زاراوەکانی ئەم وشەیە لە هیچ ئەدەبیاتێکی دنیادا نەماوە و ٢- بەکاربردنیشی لەو شوێنەدا هەڵەیەکی زەقی زانستییانەیە چونکە مەبەستی پێناسەکە (وڵاتێک) دەگرێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا مەرج نییە شاعیران و نووسەرانی مەدرەسەیەکی ئەدەبی تەنیا لە یەک وڵاتدا بن بەڵگەش هەر لە خودی کتێبەکەدا ئەم بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە سەرجەم قوتابخانە شیعرییەکان کاتێک دێتە

سەرناوی شاعیرانی هەرکامێکیان ئەوا ناوی زیاد لە وڵاتێک بۆ یەک قوتابخانەی شیعری بەکاربراوە!

خاڵێکی سەرنجڕاکێش بوونی نەفەسێکی شۆفینییانەی کوردییە کە تەریب و هاوشێوەی ئەو شۆفێنیستییەی لای زۆرێکی عەرەبەکان بەئاشکرا ئامادەیی هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەم قسەیەمان دانانی شاعیرێکی وەک (عبدالقادر رشيد الناصری)یە، تەنیا لەبەرئەوەی لە سلێمانی لەدایک بووە و لە خێزانێکی کوردە بەزۆر تێکهەڵکێشی ئەو مەنهەجە کراوە! وادیارە دانەرانی پرۆگرامەکەی کوردستان ئەمەیان بە دەسکەوتێکی کوردانە داناوە! ئێمە نەک لە دژی بۆچوونێکی لەو جۆرە بین کە ناوی نووسەر و داهێنەری کورد لە مەنهەجدا باس نەکرێت بەڵکو زۆر خۆشحاڵ دەبووین نووسەرێک یاخۆ شاعیرێکی مەزن و بەتوانای گەلەکەمان بەزمانی عەرەبی ئاماژەی پێ بدرێت و بکرێتە بابەتی خوێندن و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەم شاعیرە وەک لە ژیاننامەکەیدا دەردەکەوێت نەک شانازی بە نەتەوەکەیەوە ناکات بگرە تەنانەت ئەوەی بە کورد ڕەوا نەزانیوە وەک کوردێک ناویشی ببرێت چونکە نازناوەکەی خۆی کردووەتە (الناصری) و ئەو شیعرەیشی کە جاران لە مەنهەجەکەدا هاتبوو ستایشکردنی دارخورما بووە (النخلة سلطانة الشجر)، لە کاتێکدا دەبینین لووتکەیەکی شیعری عەرەب وەک (الجواهیری) لەسەر هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی بەرامبەر بەگەلی کورد کەوتووەتە بەر هەڕەشەی دوژمنانی ئەم گەلەوە. لێرەدا نە مەبەستمان ناوەکەیەتی و نە بەکەموکورتیشی دەزانین کوردێک شیعر بەهەر زمانێک دەنووسێت و لەسەر هەر بابەتێک بێت بەڵام بریا شاعیرێکی کوردی لەو جۆرەیان ئاشنا بکردایە چ لە ڕووی هەڵوێستی نەتەوایەتی چ لە ڕووی توانا و سەلیقەی شیعرییەوە ناوێکی بەرجەستە و دیاری ئەو بوارە بوایە وەک (معروف الرصافي، جميل صدقي الزهاوي، أمین فیضي، کامل البصیر، بێکەس....) دەپرسین ناوێکی وەک (الناصری) تەنانەت لای ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد هیچ دەنگ و

سەدایەکی ئەوتۆی هەیە تا بکرێتە بابەتێکی پرۆگرامەکانی خوێندن.؟!

لەبارەی ڕێچکەشکێن و بنیاتنەری چیرۆکی عەرەبەوە (محمود تیمور) دەبوو ئاماژە بە ژمارەی دانراوەکانی بکرایە (کە خاوەنی ٩٠) بەرهەمی ئەدەبییە و لانی کەم ناوی دوو تا سێ کتێبی بەناوبانگی ئەم نووسەرە ئاشنا بکرێت بە خوێندکاران.

و- بەشی پەخشان هەمان ئەو هەڵانەی لە دانراوە ئەسڵییەکە (الادب والنصوص – للصف السادس – عراق – بغداد. ط ٢٠٠٤ کراوە نەک هەوڵی ڕاستکردنەوەی نەدراوە بگرە پێی نەزانراوە و بەسەر دانەرانی ئەدەبەکەی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕیوە و چاک نەکراوەتەوە، بۆ نموونە کە پێناسە کرچوکاڵەکەی (الوصایا) لاپەڕە ١١٧ی کتێبەکەدا کراوە دەڵێت: وەسیەتنامەی باوکان بۆ ڕۆڵەکانیان (وەک ئەوەی دایک وەسیەتی نەبێت و ئەمە بە مافێکی نێرانە بزانن، ئەمەش لە نەستی فێرخوازدا بەرەنجامێکی نێگەتیڤی دەروونی جێ دێڵێت کە لەگەڵ ئامانجی پەروەردەییانەی سەردەمدا تەبا نییە) جگە لەمەش باس لەوە نەکراوە کە وەسیەتنامەکان یا کۆمەڵایەتین یاخۆ فەرمی و سەربازی و سیاسین.

ز- لە بەشی (القصة القصیرة) ڕیزبەندی و زنجیرە پێدانی زانیارییەکان ئامادەیی نییە بۆ نموونە لە لاپەڕەکانی (١١٨ و ١١٩) کتێبەکە پرسیار لەبارەی چیرۆکنووسی عەرەب (محمود تیمور) کراوە کەچی لە لاپەڕەکانی (١٢١ و ١٢٢ و ١٢٣) دا ئاماژە بە ژیاننامە و شیکردنەوەی چیرۆکێکی ئەم نووسەرە دراوە!

لە هەمان بەش (القصة القصیرة) هەست بەبوونی زانیاری ناڕاست و ڕای جیاواز و دژبەیەک دەکرێت وەک ئەو پرسیارەی لەبارەی بنەڕەتی کورتە چیرۆکەوە کراوە و لە وەڵامدا نووسراوە: کورتە چیرۆک بنەمایەکی

عەرەبییانەی هەیە و لە (المقامة)ی عەرەبەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش ئەو نەفەسە شۆڤینییانەیە کە تائێستاش نووسەرانی عەرەب پێوەی گیرۆدەن و ناتوانن خۆیانی لێ ڕزگار بکەن کە ئەم خاڵە پێوەندی بەپرۆگرام دانەرەکانی هەرێمەوە نییە و بۆچوونی ئەوانەی بەغدادە (دانەرانی مەنهەجە ئەسڵییەکە) بەڵام ئەو ڕەخنەیەی ئێمە هەمانە لەم ڕووەوە: بۆچ نەدەکرا ئەو پرسیار و وەڵامە لاببرایە؟ چونکە دوور لە مەسەلەی نەتەوایەتی و دەمارگیری کە دانەران هەڵگری بۆچوونێکی لەو جۆرە (عەرەب داهێنەر و خاوەن فەزلە بەسەر نەتەوە و گەلەکانی دنیا) ئەوا ئەو بۆچوونە هەڵەیەکی زانستییانەیە چونکە نەعەرەب داهێنەری کورتە چیرۆکە و نە ئەم جۆرە هونەرە ڕەچەڵەکێکی عەرەبییانەی هەیە! هەر لە خودی کتێبەکەدا هاتووە عەرەب لە سەدەی نۆزدە و بیستدا بەهونەری چیرۆک ئاشنا بووە ئیتر ئەسڵی عەرەبییانەی چی باس دەکرێت؟! وەک لە چەند جێگەیەکی پرۆگرامەکەدا هاتووە نەتەوەی عەرەب لە هەرکایە و بوارێکی ئەدەبییانەی کە تائێستا هەن لایەنی کەم چەند سەدەیەک لە دوای ئەورووپاییەکان دێن بۆ نموونە سەبارەت بەهەریەک لەم چەمک و زاراوانە: (عصرالنهضة، الشعر الملحمي، الشعر التمثيلي، الرواية، القصة القصيرة...) هەرکام لەوانەی ئاماژەیان پێ درا ئەوا کەمترینیان عەرەب بە دووسەد ساڵ لە دوای ئەورووپاییەکان پێی ئاشنا بوون.

ح/ بەو هۆیەی ئەم پرۆگرامەی لای خۆمان هیچ داهێنانێکی دانەران و مامۆستایانی هەرێمی تێدا نییە ئەوا بەئاشکرا چەند سەرنجێک هەڵدەگرن کە دوورن لە بابەتی زانستییانە و ئەکادیمی کە هۆکارەکەی بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییەی عێراق دەگەڕێتەوە و لێژنەی دانەرانی خۆمان یا هەستیان بەو کەموکوڕییە نەکردووە یاخۆ ئەوانیش هەمان بیرکردنەوەی دانەرانی بەغدادیان هەبێت لەو خاڵەی کە مەنهەجی ئەدەب بۆ پۆلی دوازدەیەم سەبارەت بە سەردەمی نوێ و هاوچەرخی عەرەبە

کەچی تەنانەت هەر بەناویش نەچوون بەلای کۆمەڵێک شاعیر و داهێنەر و نووسەری گەورەی عەرەب کە نەک هەر لە نیشتمانی عەرەبیدا بگرە ناوێکی درەوشاوەی جیهانیین وەک (عبدالرحمن منيف / محمد الجزائري / أدونيس / محمد الماغوط / نزار القباني / محمود درويش/ نجيب محفوظ / سهيل ادريس / عبدالستار الناصر / طاهر الوطار / محمد شكري / حنا مينة / فاطمة المرنسي / أمل دنقل / غادة السمان...) ئەوەی کەمێک شارەزایی لە ئەدەبی عەرەبیدا هەبێت دەزانێت ئەم ناوانە لای ڕێژیمە عەرەبییە فەرمانڕەواکان قێزەوەن کراون و حەزیش ناکەن نەوەی نوێ لە ڕێگەی مەنهەجێکەوە کە ئەمان داڕێژەر و پلاندانەری بن واتا ئامر و ناهی هەر خۆیان بن ئاشنا بکرێن بەو ناوانە، وە ئەدەبی عەرەبیش بێ لەو داهێنەرانە کەلێنێکی مەزنی تێ دەکەوێت.

لێرەدا دەپرسین بۆ دەبێت دەقاودەق لە بەغداد چۆن مەنهەج دانرا ئەوا جگە لە کورتکردنەوەیەکی چەندایەتی واتا تەنیا لە ڕووی ژمارەی پەڕەوە، دانەرانی هەرێم شتێکی جیاوازتر نالێن و زانیارییەکانی ئەوان بە موقەدەس دابنرێن. وەک ڕەچاوکردنی بڕی بودجەی لێ هاتووە کە لە مەرکەزەوە ئێمە لە هەرێم تەنیا لە سەدای حەڤدەیمان دەکەوێت، تاکەی پاشکۆیەتی و چاوەڕوانکردنی دەستی مەرکەز بین لە هەموو شتێکدا؟ ئەی تایبەتمەندێتی و توانای داهێنەرانەی خۆمان کوا ؟ باشە گەر دەسکارییەکی زانستییانە و بە بەرنامەی پرۆگرامەکان بکرێت بەو شێوازەی لە بەرژوەندی توانا و ئاست و لێهاتووییەکانی فێرخوازەکانمان بێت سیستمی گەردوون دەشێوێت...(تێبینی: تەنیا لە زمانی عەرەبیدا ئەمە پەیڕەو کراوە، بەڵگەش گۆڕینی سەرتاسەری بابەتەکانی خوێندن لە زۆرێک قۆناغەکانی خوێندنی هەرێم وەک فیزیا، ئینگلیزی، کیمیا، زیندەوەر...). کە تەواو جیاوازن بە پرۆگرامەکانی مەرکەز.

## سەرپەرشتیاری پسپۆڕی و چەند سەرنجێکی پەروەردەییانە

ئاشکرایە بەڕێوەبردنی هەموو داوودەزگایەکی دەوڵەتیی یا ڕێکخراوەیی و ئەهلی بۆ ئەنجامدانی هەر کار و چالاکییەک پشت بە چەندین پێکهاتە و لایەنی جۆرەوجۆر دەبەستن، بوونی هەر کێشە و گرفتێک یاخۆ لاوازی و کەموکوڕیی لایەنێک لەو پێکهێنەرانە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە سەراپای کار و چالاکییەکان دەبێت، مەبەستمان لە پێکهاتەکان هەردوو لایەنی: یەکەم: مادی کە خۆی لە سەرچاوەی دارایی و مرۆیی و کەرەستەییدا دەبینێتەوە، دووەمیش: لایەنی نامادییە وەک بیر و باوەڕ و فەلسەفە و پلان و بەرنامە و سیاسەت و ئایدیا و حەز و ئارەزوو و... هتد.

لێرەدا دەمانەوێت لە پرۆسەی پەروەردەییدا یەک لەو پێکهاتە بنەڕەتییانە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە ئامادەیی و کارایی ئەم پێکهاتەیە (مەبەستمان سەرپەرشتیاری: کارگێڕی و پسپۆڕی – الاشراف الاداري والاختصاصي)یە، کۆی پرۆسەی پەروەردەیی بەو ئاقارەدا دەبەن کە خواست و ئامانجی باڵای هەر نەتەوەیەکە گەر خوازیاری پەرەسەندن و پێشکەوتن بێت لە بوارە جۆرەوجۆرەکانی کاروانی مرۆڤایەتی و لەو هەوڵەدا بێت کە شان بەشانی ئەو گەل و نەتەوانە هەنگاو بنێت کە ڕۆڵ و کاریگەری و خزمەتی بەرچاو پێشکێش بەمرۆڤایەتی دەکەن. ئەمەش دوا مەبەست و ئامانجی پرۆسەی پەروەردەیە.

بەڕێوەبردنی سەرچاوەی مرۆیی کە لایەنێکی مادیی دەزگای پەروەردەییە، بەشێکی لە ئەستۆی هەردوو جۆرەکەی سەرپەرشتیاریدایە چونکە وەک لە سەرچاوە پەروەردەییەکانی دنیای مۆدرێندا هاتووە:

سەرپەرشتیاران دەبێت ئەم کار و چالاکییانە بە ئەنجام بگەیەنن تا ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان جێبەجێ بکەن: ١- کارگێڕی (ادارية) ٢- چالاککردن (تنشيطية) ٣- ڕاهێنان و مەشق پێکردن (تدريبية) ٤- بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە (بحثية) ٥- هەڵسەنگاندن (تقويمية) ٦- شیکار و ڕاڤە (تحليلية) ٧- داهێنان (ابتكارية). ئەڵبەت هەرکام لەو خاڵانەی ئاماژەیان پێ دراوە چەندین لێکدانەوە و ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرن کە لێرەدا ئێمە ناچینە نێو وردەکارییەکانیان چونکە قسەکردن و ڕاڤەکردنیان بوارێکی فراوان دەخوازن ئەمەش مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەی ئێمە نییە و هۆیەکی تریش ئەوەیە کە هەر مامۆستایەک یاخۆ کادرانی بواری پەروەردەیی و شارەزایانی کایەی خوێندن و فێرکردن بەرچاو ڕوونییەک و زانیارییان لەسەر هەریەک لەو خاڵانە هەیە یا کەمیش بێت.

ئەو پرسیارەی کە دەبێت وەزارەتی پەروەردەی هەرێم ئاراستەی سەراپا بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی بکات: ئایا ژمارەی ئەو سەرپەرشتیارانەی کە ئەو حەوت خاڵە یاخۆ لایەنی کەم چوار خاڵ بەرەوژووریان تێدایە چەندن کە جێگەی ئومێدێک بن و وەزارەت متمانەی تەواویان پێ ببەخشێت و بەشدار بن لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردەیی؟.

مەسەلەیەکی تری پەروەردەییانە کە پێوەستە بەکار و لێپرسراوێتی سەرپەرشتیاران، شێوازی خودی ئەو کارەیە کە ئەم بەڕێزانە پیادەی دەکەن ئەویش ناوەڕۆک و جەوهەری ئەرکی سەرپەرشتیاریکردنە وە خۆی لەم ئامانجانەدا دەبینێتەوە:

١- کار و مەبەستی سەرەکی دەبێت شێوازێکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لەخۆ بگرێت (نمط تصحيح الأخطاء). تێبینیمان لەسەر ئەم خاڵە ئەوەیە کە زۆرێک لە سەرپەرشتیارانی ئێمە لە بری بە ئاراستە بردنی ئەو ئامانجە زانستییە بەرەو ئاقارێکی مەعریفی و لابردنی هەڵە و

کەموکورییەکان و ڕێنوێنیی ئەو مامۆستایانەی سەرپەرشتییان دەکەن، دەبینین سەرپەرشتیارەکان دەیکەنە مەیدانی تۆڵەسەندنەوە و مامۆستایانی پێ دەشکێننەوە (ئەم خاڵەی کە دەیڵێین ئۆباڵەکەی لە گەردنی خودی مامۆستایانیشدا هەیە چونکە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان هێندە هەڵەی زانستی و پیشەیی و پەروەردەیی و کەموکورییان هەیە نەک تەنیا سەرپەرشتیاران تەنانەت فێرخوازان و ئیدارەی خوێندنگەکان و دایبابی فێرخوازانیش هەست بە هەڵە و ناتەواوییەکانیان دەکەن! ئەمەش چەندین هۆکار و فاکتەری بابەتییانە و خودێتی لە پشتەوەیە کە لە شوێنی تری ئەم کتێبەدا ئاماژەیان پێ دراوە).

٢- یەکێکی تر لە ئەرک و مەهامەکانی سەرپەرشتیار بەپێی بیردۆزە نوێکانی پرۆسەی پەروەردەیی بریتییە لە پەنابردنە بەر شێوازی خۆپارێزی (النمط الوقائي) واتا پێش ڕوودانی هەڵە ڕێوشوێنی خۆپارێزیی بگیرێتە بەر تا بەکەمترین هەڵە کار و چالاکییەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بەئاراستەی دروست و ڕاستی خۆیدا هەنگاو بنێت بە تێپەڕبوونی کات هەڵەکان پێش ڕوودانیان ڕێگرییان لێ بکرێت.

٣- شێوازێکی تر لە کاری سەرپەرشتیاری (النمط البنائي)یە، واتا چڕکردنەوەی هەوڵ و تواناکانی دەزگای سەرپەرشتیارێتی بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی فێرکاریی مۆدرێن، ئاشنا بەڕەوتی تیژپەڕی زانست و زانیارییەکانی سەردەم، کە خەمی سەرەکی تێیدا دروستبوون و پێکەوەنانی نەوەیەکی فێرکراو بەو خواست و ئامانجانەی خزمەت بەخۆی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات، ئەمە لەسەر ئاستی ستراتیجییەت و فەلسەفەی گشتیدا بەڵام لە ئاستی دەزگای پەروەردەییدا واتا: هەوڵدان و بوار ڕەخساندن بۆ ئەو تاکانەی کە حەز و خولیای پیشەی مامۆستاییان هەیە دەبێت دەزگای سەرپەرشتیاری

بکرێتە ئەو جێگەیەی کە هاوکاری و پاڵپشتی تەواوی ئەم بەهرانە بکات و بەشێوازێک بەدەمیانەوە بن کە حەز و خولیاکانیان پەرەی پێ بدرێت و تواناکانیان بکرێتە خوێنێکی نوێ بۆ جەستەی پرۆسەکە کە هەموو کات پێویستی بەگوڕ و وزەی نوێ هەیە وە پەروەردە ببێتە ئەو دەزگا بنیاتنەرەی کە هەردەم لە هەوڵی نوێبوونەوە و تازەگەریدا بێت. تا ببنە سەرمەشق و نموونەی باڵای ئەو مامۆستایانەی بەعیشقەوە نەک بەناچاری پیشەی مامۆستایەتییان هەڵبژاردووە ئەمەش توێژێک لە کادر و سەرپەرشتیاری لەو جۆرە دەخوازێت کە ئاشنا بن بەنوێترین زانیارییەکانی بواری پەروەردە و پرۆسەی فێرکارییانەی سەردەم سەرەڕای هەبوونی پاشخانێکی مەعریفی کە شایستەی ئەوەبن سەرپەرشتی کۆمەڵێک مامۆستا بکەن کە زۆر بەجیدی و ماندوونەناسانەوە هەردەم لە هەوڵی بەرەوپێشچوون و برەودان بەتواناکانیانن وەرادەیەکی زۆر باش لە زانست و زانیاری و تیۆرە فیکری و زانستییەکانیان کردووەتە سەرچاوەی خۆیان.

٣- داهێنان (ألابداع) نەک لە کاری سەرپەرشتیاری بگرە لە سەرجەم چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پاڵنەر و بزوێنەری ویست و خواست و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ بووە. ئەم لایەنە لە بواری پەروەردەییدا پێداویستیەکی حەتمی و بەڵگەنەویستە چونکە ئاشکرایە کاری دەزگایی بەتایبەت دەوڵەتی (الدوائر الحكومية) گیرۆدەی ڕۆتینیات و چەندین لق و نووسراوی فەرمی و میزاجی کەسانی باڵایە، لە هەندێک حاڵەتدا (الابدا ع) دەبێتە فریادڕەس و ڕزگارکەر لەوانەی ئاماژەمان پێدان. کەواتە سەرپەرشتیار دەبێت کارەکانی بەوشێوازە برەو پێ بدات کە لە پێکهاتەی داهێنەرانە (العنصر الابداعي) بەدوور نەبێت بەو بەهانەیەی کە فەرمانەکان ڕێگرن و پابەندی ڕەهای نووسراوە فەرمییەکان بێت (ئەڵبەت ئەمە لە هەموو کات و شوێنێکدا نا) بگرە

لەوساتانەی کە ڕەسمیات لە توانایدا نییە هەموو چارەسەرێک پێشکێش بکات.

پاش خستنەڕووی لایەنە زانستییەکانی کاری سەرپەرشتیاری بەپێی تازەترین تیۆرە فیکرییەکانی بواری پەروەردەیی ئێستا ئاماژە دەدەین بەچەند لایەنێکی نێگەتیڤ کە دەزگای سەرپەرشتیارێتی ئێمەی گیرۆدە کردووە:

١- تەنیا دوو ساڵە لە هەرێمی کوردستان پالاوتن بۆ پلەی سەرپەرشتیارێتی شێوازێکی تەقریبەن زانستییانەی لەخۆ گرتووە (سەرەڕای بوونی چەند سەرنج و تێبینییەک، بەڵام هەنگاوێک و دەسپێکێکی بوێرانە و تاڕادەیەکی باش بابەتییانەیە). پێشتر لە ساڵانی نەوەدەکان بە نامەی سەرکردەیەک یاخۆ تەزکیەیەکی حزبی و ناسراوی کەسێکی دەستڕۆشتوو ژمارەیەکی زۆر کرانە سەرپەرشتیار و ئەرکێکی زانستییانەیان کەوتە سەرشان و لە توانا و وزەی ئەماندا نەبوو چونکە بەڕاستی شیاوی ئەو کارە نەبوون و دەرەقەتی لێپرسراوێتییەکی لەو جۆرە نەدەهاتن (کە تا ئێستا ژمارەیەکیان لەم دەزگایەدا هەن و بارگرانییەکیان بۆ سەرپەرشتیارە جیدی و لێهاتووەکان سازاندووە.)

٢- دەزگای سەرپەرشتیاری تەواو گیرۆدەی تەقلیدییەتە و ئەمەش بووەتە نەریتێک تەنانەت سەرپەرشتیارە گەنجەکانیشی گرتووەتەوە و ئەمانیش بەهەمان ئەقڵیەتێکی تەقلیدییەوە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن بێ ئەوەی هیچ تازەگەری و داهێنانێکی بەسوود بخەنە سەر خەرمانی ئەزموونەکان (کە داهێنان یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی دەزگای سەرپەرشتیارێتی بەپێی پێوەرە زانستییەکانی سەردەم) بۆ ئەم ڕاستییەش بەڵگەی سەلمێنراومان هەیە: نموونەی هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە کە خشتەیەکی ئامادەکراو

بەچەند خانەیەک پلە بۆ مامۆستا دیاری دەکرێت (هەشت بوار هەر بوارێک دابەش دەبێت بەسەر چەند لقێک) ڕەخنەیەک لەم فۆرمە کە قابیلی چاوپۆشیکردن نییە ئەوەیە کە هیچ لێکدانەوەیەک بۆ جیاوازی بابەتەکان و پسپۆڕێتییەکان ڕەچاو نەکراوە مامۆستای کیمیا و فیزیا و کوردی و عەرەبی و گشت بابەتەکانی تر بە یەک پێوەر و بە هەمان فۆرم هەڵدەسەنگێنن. ئەم بەشانە زانیاری دوور لە واقع و کۆمیدییانە لەخۆ دەگرن کە تەنانەت لە قوتابخانە تایبەت و نموونەییەکانیش کاریان پێ ناکرێت جا دەبێت لە قوتابخانە ئاساییەکاندا چۆن بێت! وەک ١- لە خانەی (کاریگەریی مامۆستا بۆ چاندنی بەهاکان لەسەر فێرخوازەکان) دەبێ بەچ پێوەرێک ئەم هەستە بپێورێت لەلایەن سەرپەرشتیارەکان (چونکە هەمووان دەزانین سەرپەرشتیاری هەر بابەتێک بەدرێژایی ساڵێکی خوێندن تەنیا دووجار سەردانی مامۆستای بابەت دەکات، ئەم سەردانەش لایەنی هەرە زۆری بۆ بابەتەکە و شێوازی وتنەوەیە) یان (پێوەندی لەگەڵ کەسوکاری فێرخوازان) یاخۆ (پێوەندی لەگەڵ کارمەندانی ناو قوتابخانە) کەچی دەبینین سەرپەرشتیاری بەڕێز بەمیزاج نمرە بۆ مامۆستا دادەنێت بێ ئەوەی زانیاری تەواوی لەسەر ئەم وەڵامانە هەبێت . ٢- چونکە خشتەکە فۆتۆکۆپییەکی وڵاتانی ترە و ئەمان تەنیا وەرگێڕانێکی نا دروستیان بۆ کردووە و هیچ داهێنان و تایبەتمەندییەکی هەرێمی کوردستانی پێوە دیار نییە! چەندین زانیاری ئاڵۆز و تەنانەت بێ مانا لەخۆ دەگرێت وەک لە خانەی کاریگەری مامۆستا لەسەر فێرخواز هاتووە (ئاستی بە دەسهاتووی خوێندنی قوتابی- خوێندکار) یاخۆ (بەدیهێنانی کارامەیی لە بەجێهێنانی کاری تاکەکەسی و کۆمەڵ)! ئایا ئەم دەستەواژانە لە زمانی کوردیدا بەم شێوازە ئاڵۆزە بەکار دەبرێن؟!

خشتەکە زۆر زانیاری لەخۆ دەگرێت گەر بەشێوازێکی زانستییانە و

دروست مــامــەڵەیـان لەگــەڵ بـکرێت بەرەنجــامــێکی پـەروەردەییــیــانەی ئـامــانجــداریان لـێ دەکـەوێتــەوە و کــاریگەریی ئەرێنی تـەواویان لەســەر مـامـۆسـتـایان دەبێت، بۆیە پـێشنیـازمـان بۆ سـەرکەوتوویی ئەم هەوڵە: ١- ڕەچاوکردنی جێبەجـێکردن و هەڵسـەنگاندن و دانانـی وەڵامێکی دروست و بنیـاتنەرانە و دوور لە موجامەلە و پێوەندییـە کەسێیـەتییـەکان بێت و واقـعی شــوێن و کــات و تایبــەتمەندێتی بـەهەند وەرگــیــرێت ٢- ڕەچاوکــردنی پرسـیـارگەلێکی پێوەست بە بابەتە جیـاوازەکانی پرۆگرامی خـوێندن تا هەر مـامۆستـایەکی پسـپۆڕ لە بابەتەکان تایبەتمەندێتی بەرجەستـە بکرێت. ٣- زیادکردنی ژمارەی سـەردانەکانی سـەرپەرشـتیـار تـا زانیـارییـەکی زۆرتر و دروسـتـتریـان لا گەڵاڵە ببێت. ٤- گۆڕینی شـێوازی سـەردانەکان تـەنیـا بۆ بیـنــین و هـەڵســــــەنگـاندنـی وانـەیـەکـی دیـاریـکراو نـەبـێت بـگرە لایـەنـە پەروەردەییـیـەکانی کە لە فۆرمی هەڵسـەنگاندنەکەدا هـاتوون لێـپرسـینەوە و گفتوگۆیان لەسەر بکرێت. ٥- لەلایەنی پسپۆڕێتییەوە هەر سـەرپەرشتیارێک لە بـوارەکـەی خـۆیدا لایەنی کـەم لە مــاوەی ســاڵێکی خـوێندندا وانەیـەکی نموونـەیـی پێـشـکێش بکات کـە ئەم کـارە لە یەک کــاتدا چەند ئـامـانجـێکی زانستی و پەروەردەیی و فیکری و کۆمـەڵایەتی و ئاشنابوونی مامـۆستـاکانی یەک بابەت بە یەکتری لێ دەکەوێتەوە.

# سەرچاوەکان

بەکوردی:

١- سیستمی پەروەردەیی لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا- و: سەلام عەبدولکەریم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی سایە - سلێمانی ٢٠٠٩.

٢- پەروەردە و نەتەوایەتی - چنار سەعد عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس - هەولێر چاپی یەکەم ٢٠١٠.

٣- دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری - مەریوان وریا قانع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی ٢٠٠٢.

٤- ئاشتکردنەوەی عەقڵ و عیشق (پەروەردەی لیبراڵ و ئاکاری مەدەنی) - فاروق رەفیق - خانەی حیکمەت - چاپخانەی ڕەنج سلێمانی ٢٠٠٦.

٥- یەک کاتژمێری ماوە بە نیوەشەو - فاروق ڕەفیق - خانەی حیکمەت، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە سلێمانی ٢٠٠٩.

٦- فەلسەفەی پەروەردە - د. عەلی ئەحمەد - و: تەها محەمەد ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - سلێمانی ٢٠٠٨.

٧- تێکشکاندنی بەهای خوێندکار - فایەق سەعید، چاپخانەی ڕەنج - سلێمانی ٢٠٠٨.

بە عەرەبی:

٨ - التربية ألأخلاقية - أميل دوركايم. ترجمة: السيد محمد البدوي وعلي عبدالواحد وافي دار مصر للطباعة.

٩- الثابت والمتحول - أدونيس ج٣ الطبعة التاسعة لبنان ٢٠٠٦.

١٠- فلسفة الدين والتربية عند كانط - عبدالرحمن البدوي. المؤسسة العربية للدراسات ١٩٨٠.

١١- تربية العولة وتحديث المجتمع - د. طلعت عبدالحميد وآخرون دار الفرحة للنشر والتوزيع مصر ٢٠٠٤.

١٢- المناهج التربوية الحديثة - د. توفيق المرعي و د. محمد محمود الليلة دار المسيرة للنشر والتوزيع عمان ط١، ٢٠٠٠.

١٣- مستقبل التعليم العربي بين الكارثة والأمل - تجديد النظام التربوي د. محسن خضر - دار المصرية اللبنانية ط١، ٢٠٠٨.

١٤- رأس اللغة جسم الصحراء - أدونيس دار الساقي ط١، لبنان ٢٠٠٨.



سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستا (کەمال نووری) بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی کە ئەزموونم هەیە کەسێکی گوێگر و دڵسۆزی ئەم جۆرە هەوڵانەیە.